# کۆمەڵناسیی شەڕ

گاستۆن بوتول
ئانتۆنی گیدێنز
د.حسين بشريه

وەرگێڕ : عومەر باڵەکی

## دەستپێك .......

رەنگە لای هەموومان رۆژێك لە رۆژان ئەو پرسیارە هاتبێتە ئاراوە کە شەڕ چییە ؟ مرۆڤەکان بۆ پێکەوە شەڕ دەکەن ؟ ئایا کەرەسەیەکە یا کردارێکە بۆ خەلاس بوون و دەرباز بوون لەو گیرو گرفت و کیشانەی دێنە پێش یا رێگا چارەیەکە بۆ حەلی و فەسڵی ئەوان؟

ئەگەر مرۆڤەکان بکرێن بە سێ دەستە : دەتوانین بڵێین دەستەیەك هەیە کە خۆی لە ناو جەرگەی شەڕ دا بووە و هەیە و خۆی دەستە چیلەی ئاگری شەڕەکەیە ، دەستەیەکی دیکە کە لەنزیك شەڕ و شووڕ بوون و هەن و دەستەی سێیەم لە دورەوە شەڕیان دیتووە و ئازارەکانیان هەست پێ کردووە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین سەد لە سەدی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەزانی شەڕ چۆنە و ئاکامەکانی چییە ؟ بەڵام بەو حاڵەش شەڕ بە درێژایی مێژوو هەتا ئێرە بووە ولێرەش بەدواوە وادیارە هەر دەبێ !

ئەگەر باشتر بەناخی مەسەلەکەدا بچینە خوارێ و هەڵوێستێك لە سەر مرۆڤ بکەین کە بە ئەشرەفی مەخلوقات دادەنرێ و یابە واتایەکی دیکە بە بوونەوەرێکی "ناطق" و خاوەن بیروئەندیشە دادەنرێ و هەر ئەوتایبەتمەندیە لە و بوونەوەرانەی جیا دەکاتەوە ، بەڵام بەو تێگەیشتن و لێك تێگەیشتن بوونەش مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە شەڕ و کوشتار و خوێن ، ئاگر و سووتان ، کاول کاری و ماڵوێرانی و زۆربەی نەتەوە باڵادەستەکانیش شانازی دەکەن بەو لەشکرکێشی و داگیر کەری یەی کەباب و باپیرانیان کردویانە .



ئەگەر بەراوردیك بکرێ لە نێوان ئەو کوشت و کوشتارانەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەسەر خۆی هێناوە لەگەل کۆمەڵگای هەر بوونەوەرێکی دیکە سەر ئەو گۆی زەوەیە کە لە نێو خۆیاندا بەشەڕ هاتوون وەك کۆمەڵگای شێرەکان و گورگەکان ... نابێتە زیانی شەڕێکی گەورەی وەك شەڕی یەکەم یا دووهەمی جیهانی .

لێرەدایە کە ئەو پرسیارانە سەر هەڵدەدەن : شەڕ چییە ؟ ئایا شەڕ لەدوای سەر هەڵدانی ئادەمیزاد لەسەر گۆی زەوی پەیدا بووە یا پێش لە ئادەمیزاد شەڕ هەبووە ؟ ئایا مرۆڤەکان شەڕیان پێ خۆشە یا ئایا شەڕ لە ناخی مرۆڤەکاندایە ؟ بۆچی زانایان و بیرمەندانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەکەوتوونەتە بیری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە و دیاردەیە کە ناوی شەڕە؟ هەر نەخۆشێك هاتبێ یا هەر بەڵایەکی سروشتی بەسەر مرۆڤ دا رووی دابێ بەخێرایی لە چوار قوژبنی ئەو جیهانە پان و بەرینەدا زانایانی بواری پزشکی ، جوغرافیای ، کۆمەڵناسی و ئەندازیاری ...... کەوتوونەتە خۆ و یارمەتی یەکتریان داوە بۆ دیتنەوەی رێگای بەربەرەکانی ، بەڵام هەتا ئێستا مرۆڤ بیری لە دەرمانی شەڕ نەکردۆتەوە وئەگەر کرابیش زۆر کورت خایەن بووە ، بۆچی وایە ؟

ئەگەر وا دابنێین کە وەڵام ئەوەیە هەتا ئێستا مرۆڤ شەڕی نەناسیووە وتوێژینەوەی لەسەر نەکردوە و تەنیا لایەنی سەرکەوتن و شکانی دیتوە ، لایەنی سەرکەوتوو هەموو ویرانێك و کوشتارێکی لاپەسەند بووە هەر بۆ ئەوەی سەرکەوێ و سەرکەوتن لوتکەی ئامانجی بووە و لایەنی تێك شکاو بۆ کاتیش بووبێ قەبووڵی تێك شکانی خۆی کردووە هەتا ئەو کات کەهەلی لەباری بۆ رەخساوە خەریکی خۆ سازماندان و ئامادەکاری بووە و ئەو کاتە کە هەلی بۆ رەخساوە هێرشی کردوە و تۆڵەی خۆی ئەستاندۆتەوە و بەو رەوتە ئاڵوگۆری

شەڕ هاتووە هەتا سەردەمی ئێمە رونیش نیە هەتا کویٚ و کەنگیٚ درێژەی دەبیٚ .

کۆکردنەوەی ئەو بابەتانە لە نێو ئەم کتێبەدا بەو مەبەستە بووە کە وەك هەنگاوێك بیٚ لە سەردەمی پڕ لە ئاژاوە و شەڕ و کوشتار ئێمەدا کە خوێنەری کورد هەڵوێستەیەکی لەسەر بکا بۆ ئاشنا بوون لەگەل بۆ چوون و نەزەراتی ئەو نوسەرانە کەهەر کام لە لایەنی جۆراوجۆرەوە روانیویانەتە شەڕ.

بە وهیوایە خوێنەری کورد بە چاوی رەخنە گرانەوە بروانێتە هەم وەرگێرانەکە و هەم بۆ چوونەکان و لەگەڵ گرتنی رەخنەش ، پێشنیاری جوان و بەکەڵکی هەبیٚ لەو بوارەدا ، بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی و نووسەران و وەرگێران کە بەنووسین و وەرگێران و بڵاوکردنەوە لەسەر بابەتی لەم چەشنە بیرو فکری کۆمەڵگا دەوڵەمەندتر و بەئاگاتری بکەن .

چونکە نەتەوی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەیە کە بەڕەگ و پێست و ئیسقانەوە شەڕی هەست پیٚ کردووەو بەدرێژایی مێژوو خاك و نیشتمانی پیٚ خوستی شەڕکەرانی یێگانە بووە بیٚ ئەوە جارێك بۆخۆی هێرشبەربیٚ و ئەوە، ئەوە دەسەلمێنیٚ کە کورد هەموو کاتێك دژی شەڕ بووە . لەماوەی دووسەدەدا بەدەیان شۆرش و راپەڕینی ئازادیخوازانە و رزگاریخوازانەی لیٚ سەرکوت کراوە و زۆرجاران لە خاکی خۆی هەڵیان قەندووە و خەڵکی هاوردەیان لە جێگادا ناوە و تەنانەت لە بەکارهێنانی نویٚ ترین چەکەکانیش بەدژی کورد خۆیان نەپاراستووە. بەو نەهامەتیانەوە کورد جەستەی تێکەڵاوی شەڕ بووە بۆیە ناسینی شەڕ لە بوارە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ موتالا و خوێندنەوەی خوێنەری کورد پێویستە .



بەهیوایە وەرگێران و کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە ئەو کتێبە لە خۆی گرتووە بەکەڵك و بەسوود بیٚ بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لەو بوارە دا لێکۆڵینەوە دەکەن .

وەرگێر

عومەر باڵەکی

سێهەم: لەوەڵامی پرسیاری سێهەمدا کە بەم شێوەیەیە:

پ٣/ کام هۆکار کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر لاوازکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن؟

١. بێ متمانەیی خەڵك بە بەرنامە راگەیاندراوەکانی پێش پرۆسەی هەڵبژاردن.

٢. هێزە سیاسیەکان وەك پێویست نوێنەرایەتی خەڵك ناکەن.

٣. دابڕانی حزبو خەڵك لەیەکتری.

٤. پاڵێوراوان ناسراونین‌و لەئاستی پێویستدا نین.

وەڵامەکان لەزۆرترین رێژەوە بۆ کەمترین بەم شێوەیە بوو

A ٩٨/٣٦٪ وەڵامدەران هۆکاری دووەم( کە حیزبەکان وەك پێویست نوێنەرایەتی خەڵك ناکەن) بە هۆکاری کارێکە راستەوخۆ دەزانن لەسەر لاوازکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

B ٥/١٦٪ وەڵامدەران هۆکاری یەکەم(بێ متمانەی خەڵك بە بەرنامە راگەێندراوەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن) بە هۆکاری کارلێکەرو راستەوخۆ دەزانن لەلاوازکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

C/ ٣٧/١٢٪ وەڵامدەران هۆکاری سێهەم( دابڕانی حیزبو خەڵك لەیەکتر) بە هۆکاری کاریگەرو راستەوخۆ دەزانن لەلاوازکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

D٩٧/٤٪ وەڵامدەران هۆکاری چوارەم(پاڵێوراوان نەناسراونین‌و لەئاستی پێویستدا نین) بە هۆکاری سەرەکی‌و راستەوخۆ دەزانن لەلاوازکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن

G ١٧/٦٪ بەشداربووان لەراپرسیەکەدا هیچ هۆکارێکیان هەڵنەبژاردووە

F٢٣٪ بەشداربووان وەڵامەکانیان نەژێردراوە لەبەر نارێکی دیاریکردنی هۆکارەکان لەراپرسیەکەدا.

## سەرەتا

له دوای ژیان شەڕ کۆنترین دیاردەی سەر گۆی زەوییە. تەمەنی ئەو نه تەنیا له تەمەنی ژیانی مرۆڤ زیاترە بەڵکوو ملیۆنان ساڵ پێش لەوە ئینسان بێتە سەر زەوی ئەو دیاردەیە بە شێوەی پێوەندی " اکلو ماکول "و یاسای جەنگەڵ لەنێوان بوونەوەرانو گیانداران کە هەزاران سەدە پێش له مرۆڤ ژیاون ، هەبووەو هەر ئێستا له کۆتایی سەدەی بیستەمو سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمدا له ژێر ناوی ، " الحق لمن غلبه "و یا حەق بە زۆرداره بەرێوە دەچێو کاریگەری هەیە له سەر پێوەندی نێوان گەلانی دنیا. دوای ئەوە له سەر مەسەلەیەك چەنە لێدانو هاتوچووو ساختو پاختی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانو کۆنفرانسەکان بێئاکام مایەوە شەڕ وەك دواین دەرمان عیلاج بە کار دێ.

کلوزویتز دەڵێ : شەڕ درێژەی سیاسەتە بەڵام بە شێوەیەکی دیکەو بە کەرەستەی جیاوازە لنێن بە شێوەیەکی دیکە ئەو قسەیە دەکا : " سیاسەت درێژەی شەرە بەڵام بە شێوەیەکی دیکەو بە کەرەستەی جیاواز. ئەوەی کە له بیرو ئەندێشەی هەر دووی ئەو زانایانە هەڵ دەهێنجێندرێ بۆچوونێکی هاوبەشە له سەر قبووڵ کردنی شەڕ وەك ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرو پێشگیری لێ نەکراوە.

کاکڵی ئەسڵی شەڕ مرۆڤەو ئەوە مرۆڤە کە له شەڕ وەك ئاخرین کەرەسە بۆ چارەسەری کێشەی خۆی یا داسەپاندنی ئیرادەی خۆی بە سەر نەیارو ناحەزدا کەڵکی لێ وەردەگرێ. له گەڵ ئەوەدا له باری زانستی تێکنولوژییەوە له



سەرەتای نیوەی سەدەی بیستەمەوە پێشکەوتنی بەرچاوو سەرسووڕهێنەری بە خۆیەوە دیوە بەڵام گرینگی مرۆڤ وەك کاکڵی ئەسڵی شەڕ جێگای سەرنجو لێ وردبوونەوەیە چونکە هەر بەقووەتی خۆی باقییە. هەر بۆیە دەربڕینی ئەو ڕاستییە پێویستی بە شیکردنەوەو سەلماندن نیە. له نێوان میراژو فانتۆمی ئیسرایلی له لایەکو میگی میسری له لایەکی دیکەوە شەڕ له ئارادا نیە ئەگەر شەڕێك هەبێ شتێکی سرۆشتییە له نێوان فڕۆکەوانی میسریو ئیسرایلی دایەو ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە کاکڵی ئەسڵی شەڕ مرۆڤە.

بە ڕواڵەت شەڕ بریتییە لەکۆمەڵێك هەڵوەرجی تێکەڵاو بەڵام بە نۆبەی خۆی ئوسووڵو یاساو پرنسیپی یاسایی خۆی هەیە. کە ئەو له شەڕی بچووكرا بگرە تا گەورەترین شەڕەکانو یەك لەوانو له سەرەوەی ئەو ڕەدانەدا دەتوانین پیادەیان بکەین بە واتایەکی دیکە ئوسوویك له نێوان دوو نەفەردا هەیە بۆ شەڕ ، هەر ئاواش له شەڕی نێوان دوو ئەرتەش چەندین سەد هەزار نەفەریش قابیلی پیادە کردنە بەڵام وشەو واژەی باسەکە له ڕەدەکانیدا جیاوازی هەیە.

بۆ وێنە کردارێك کە له تێکهەڵچوونی نێوان دوو کەسدا پێ دەگوترێ تەکنیك " لم " یا فن له شەڕی نێوان دوو ئەرتەشدا عینوانی تاکتیکو یا ستراتیژی بە خۆوە دەگرێ. یا کاتێك کەسێکی بە ڕواڵەت لاواز دەتوانێ بە لێدانی زەربەیەکی کاری کەسێکی بەهێز له پێ بخا ، ئەوە هەمان زەربەیە کە له ئوسووڵی شەڕ له ئەرتەشدا پێ دەگوترێ ئوسووڵی غافلگیری.

کاتێك له شەڕی نێوان دوو کەسدا یەکێك لەوان بە لێدانی یەکەم زللە بناگۆی تەرەفی خۆی تا ڕادەی ٥٠٪ سەرکەوتنی بۆ خۆی مسەوگەر کردوە ئەوە هەمان شتە کە له نێوان ئەرتەشەکاندا پێ دەگوترێ " ئافەند " یا هێرش. ئوسوولێك کە ئەرتەشی ئیسرایل له شەڕی ٥ ڕۆژەی ژوئەنی ١٩٩٧ زۆر

زیرەکانەو ئوستادانە بەڕێوەی برد. ئەو ئوسووڵە لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای بەشەریدا بەڕێوە دەچێ " بۆ وێنە ئێوە بە چەقۆیەکی تیژ سەلکە پەنێرێک یا لەتکە گۆشتێک دەبڕن یا بە چەکوچێک بزمارێک لە دیوار یا تەختەیەک دەدەن بە شێوەیەک کە خۆشت ئاگات لێ نیە تەمەرکوزی هێزو هێرشی بەهێز بۆ سەر لاواز کە لە ئوسووڵی ناسراوی شەڕن بە کار دەبرێنو بە پێچەوانە ئەو کات کە بزماری ئێوە لە کاتی ڕووچوون لە دیوار بە هۆی وێکەوتن لە بەرد یا سیمان خوار دەبێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئێوە بێ لێکدانەوەی وەزعیەتی دروست یا گۆی نەدان بە یەکێک لە ئوسووڵەکانی شەڕ کە هێرش بۆ سەر شوێنی لاوازی دوژمن بێ ، بەهێزترین شوێنی خۆی ڕێکخستنی دوژمنت خستۆتە بەر هێرشو لە ئاکامدا تووشی شکان هاتوون.

لە شەڕدا بە پێچەوانەی ئەوە کە باوە بۆ قەزاو قەدەرو چارەنووس حیسابێک ناکرێو ئەستێرەی بەختی کەسێک لە خۆڕاو بێ‌هۆ ناکەوێتە درەوشانەوە. چونکە هەموو شتێکی شەڕ لە چوارچێوەی دورترین لێکدانەوەکاندا حیساب دەکرێ. ئەگەر کەسێک لە شەڕدا سەردەکەوێ ، ئەو کردارە نوێنگەی ئەوەیە کە ئەو لە گەڵ بە ئاگا بوون لە ئوسووڵی شەڕ لە هونەری تێکهەڵکێشو بەڕێوەبردنی دروستو بەڕێو جێ ئەو ئوسووڵانە کە هونەری شەڕ بە ژمار دێن بێ‌بەش نیە. کەسێک لە شەڕدا تێک دەشکێ هۆیەکەی ئەوەیە کە نەیپێواوەو بریویەتیو یا ئەوە کە چارەنووسی شەڕی خستۆتە قەزاو قەدەرو بەختو ئێقباڵو ئەوی کە لە شەڕدا تا ڕادەیەک لە دەستی ئینسان بە دەرە مەسەلەی " جەوو زەمین " هەواو زەوییە کە ئەویش بۆ خۆی هێندێک پێوانەحیساباتی وردی هەیەو ئەگەر شانسو ئێقباڵێک لە شەڕدا ڕوو بدا تەنیاو تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ بێ‌تاکتیکیو نەزانی دوژمن و بەس.



## شەڕناسی "پولـمولۆژی"

شەڕ یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترین ڕووداوەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە. ئەگەر کۆمەڵناسی بەو شێوەیەی کە "دورکایم" گوتوویەتی"باس لە مێژوو بە شێوەیەکی دیکە" بێ. دەتوانین بڵێین کە شەڕ خولقێنەری مێژوویە. لە ڕاستیدا مێژوو بە شی کردنەوەی کێبەرکێ و تێکهەڵچوونی چەکدارانە دەستی پێکردوەو وا وێناچی ئەو دیاردەیە لە سەردەمێکی دیاری کراویشدا تەواو بێ.

لەگەڵ ئەوەی کە شەڕەکان بەرچاوترین دیاردەی مێژوون، لە هەمان کاتیش دا کە سنوور بۆ قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێنو ئەو قۆناغانە لێک جیا دەکەنەوە. دەتوانین بڵێین نیزیک بە تەواوی شارستانیەتە بەناوبانگەکان بە هۆی شەڕو پێکدادان، لە نێوچوونو بە جێگای ئەوان شارستانیەتی نوێ هەر بە هۆی شەڕەوە لە دایک بوون. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ماوە بە ماوە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان سەروەرییەکی تایبەتیان بە خۆوە دیوە کە ئەو سەروەرییانەیان لە شەڕەوە وەرگرتوە.

لەگەڵ ئەوەی کە شەڕ هەر ماوەیەک بۆ دەستە یان کۆمەڵێک سەروەری خولقاندوە، بۆتە هۆی لاسا کردنەوەو لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵدا شوێنو نەخشی زۆر گرینگو تایبەتی هەبوە. داخراوترین کۆمەڵەکان بە هۆی شەڕەوە ناچار بوون دەرکەکانی خۆیان بکەنەوە: وەك "چین، ژاپۆنو مەراکش، واوێ‌دەچێ شەڕ بەهێزترینو بەکەڵکترین شێوەی لێك نیزیك بوونەوەی شارستانیەتەکان بێ.

شەڕ لەگەڵ ئەوەدا کە تەنیایی دەخولقێنێ تەنیایش لادەباو تەنانەت لە شێوەی جلوبەرگیشدا ئاڵوگۆڕ پێکدێنێو شێوازو شێوەی دروونی جلوبەرگی نیزامی وڵاتی سەرکەوتوو لە چەندین سپای وڵاتانی دیکە دا دەبێتە باو، بەو هۆیەوە دەتوانین رادەی سەرکەوتوویی ئەو سپایە لە ساڵانی رابردوودا بەراوەردو پێناسە بکەین. بۆ وێنە دوای ناپلئۆن جلوبەرگی نیزامیی فەرانسە لە زۆر وڵات بوو بە باو و لاسای دەکرایەوە. دوای ساڵی ١٩١٨ جلوبەرگی نیزامیی ئینگلیسو لە ماوەی شەڕی سارددا جلوبەرگی نیزامیی رووسو ئەمریکا باو بووو ئێستا زیاتر جلوبەرگی ئەمریکایی بۆتە نموونە. بە کورتی دەتوانین سەبارەت بە شەڕ ئاوا بڵێین کە: "شەڕ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی خێرایە".

رەنگە زۆرمان پێ سەیر بێ کە بۆچی تا ئێستا زانستێك بە ناوی شەڕناسی یان "پولمۆلوژی"پێك نەهاتوە، بۆچی هیچ توێژەرێك خۆی لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەك کە تایبەت بە شەڕ بێ نەداوە؟ ئەوە لە حاڵێك دایە کە شەڕ یەکێك لە گرینگترین رووداوەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەیە.

لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە شاهیدی پێکهاتنو پەرەگرتنی تاقیگاکانی نەخۆشی سەرەتان، سیل، تاعوونو زۆر نەخۆشی دیکەش بووین، ئەو تاقیگایانە رۆژبەرۆژ روو لە زیاد بوون دەکەن کە جێگای خوشحاڵییە. بەڵام بۆچی لێکۆڵینەوەو موتاڵا لەسەر شەڕ ناکرێ؟ لە حاڵێکدا شەڕ بە تەنیا بە ئەندازەی هەموو بەڵاو نەخۆشیەکانی سەر زەوی قوربانی وەرگرتوەو ماڵوێرانیو نەقوستانی پێکهێناوە. ئەرەستوو دەڵێ: "زانست لە دایك بووی سەرسوڕمانە". یەکەم هۆ کە پێشگیری دەکا لە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر شەڕ ئەوەیە کە شەڕ ئەوەندەی کە خراپو جێگای سەرسوڕمانە، ئەوەندەش بۆ



مرۆڤ ئاساییە کە کەم دەبینرێ خەساری شەڕ سەرسوڕمان بخولقێنێ بەڵام تەنیا کارایی چەکە نوێیەکانە کە دەبنە هۆی سەرسووڕمانی مرۆڤ.

"پرۆدون" دەڵێ:"هیچ خوێنەرێك پێویستی بەوە نیە کە لە باری فیزیکیو تەجرەبیەوە چۆنیەتیو شێوەی شەڕی بۆ شی بکەیەوە چونکە هەرکەس لەسەر شەڕ لێکدانەوەی خۆی هەیە. هێندێك کەس لە نیزیکەوە شاهیدی شەڕ بوون، هیندێکی دیکە بە هۆی ئەوەوە کە تێکەڵاوییان لەگەڵ شەڕ بووەو کەسانێکیش راستەوخۆ بەشداری شەڕ بوون کە هەر کامیان لێکدانەوەی خۆیان هەیە. هەر بۆیە دەبێ لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەروونیەی کە لە منداڵیەوە لەگەڵمان گەورە دەبێو شتێکی ناڕاستو نادروستە بەربەرەکانی بکەین وەك هەموومان دیتوومانە تەواوی منداڵە نێرینەکان هەر لە منداڵیەوە لاسای سەربازەکان دەکەنەوەو گۆڕەپانی شەڕ بۆ خۆیان دروست دەکەنو هەموو کاتێك دوژمن تێك دەشکێنن.

دووهەمین کۆسپ لەسەر خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر شەڕ ئەوەیە کە بە رواڵەت وێدەچێ کە شەڕ بە تەواوی لە ژێر چاوەدێریو ئیرادەی ئێمە دایە، شەڕ سەرەتایەكو کۆتاییەکی هەیە، بۆ دەست پێکردنی شەڕو شەرعیەت پێدانی ئاماژە بە هەندێك بەڵگەی وا دەکرێو دەخرێنە بەرچاو کە ماوەیەکی زۆر پێش لە دەست پێکردنی شەڕ شرۆڤەو ئامادە کراون.

هەر شەڕێك ئەگەر سەربەخۆ چاوی لێبکەین لە دەست خۆمان دایەو دەتوانین پێشگیری لێبکەین، چونکە ئاکامی بڕیارێکە کە پێش لە دەست پێکردنی شەڕ هەڵسەنگێندراوەو پوختە کراوە. ئەگەر لە روانگەی یاساییەوە(قانونی) چاو لە شەڕ بکەین، ئێستاش یاسازانان شەڕ بە تێك هەڵچوونێکی نێوان تاکەکان، شەڕە دەنووکە، لە بەریەك راوەستان "دوئێل"

یان تێك هەڵچوونێكی تێكەڵاو بە جنێو فرۆشی دەزانن. جارو باریش دەبینین بە لاسا کردنەوە بڕیاری دادگاکانی مافی تایبەتی "حقوق خصوصی" یان یاسای سزادانی گشتی بۆ دادگاكانی نێو نەتەوەیی بە كار دێنن‌و بەو كارە دەیانهەوێ پێش لە هەڵگیرسانی شەڕ بگرن‌و هێندێکیش دەیانهەوێ چوارچێوەو یاسایەك بۆ شەڕ دیاری بکەن وەك شەڕی دەستەویەخە "تن بە تن"و یاسای مستە کۆڵە"بۆکس"، یاسازانانیش تا ئێستا نەیانتوانیوە بەرهەمێکی ئەوتۆ بخولقێنن بێجگە لە دووبارە نووسینەوەی مافی تایبەتی یان ئەگەر زۆریان خۆ ماندوو کردبێ یاسای دەرەبەگایەتی وەك: دادگای بارۆنەکان.

ئەوانەی باسمان کردن هەموویان ژانبڕێکی کاتین. چونکە ناتوانین شتێك کە نایناسین یاسای بۆ دابنێین، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا دەتوانین بڵێین نێوەڕۆك‌و کردەوەو ڕۆڵی شەڕ چیە؟



## مێژووی بیرۆکەی شەڕ

پێش پێناسە کردن‌و دیاری کردنی قۆناغەکانی دیاردەی شەڕو لێکدانەوەو شی‌کردنەوەی هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەیە، دەبێ ئەو بۆچوونە گرینگانە کە لەو کاتەوە شەڕو پێکدادان لە نێوان مرۆڤەکاندا سەری هەڵداوەو ئەو هەڵسەنگاندنانەی لەو بابەتە دا کراون بخرێنە بەرچاو.

### ١- پاڵەوانەکان‌و چیرۆکەکان

بۆچوونی مرۆڤی سەرەتایی لە مەڕ دروست بوونی جیهان روون نیە هەر بۆیە ناتوانین بۆچوونێکی دروستمان هەبێ، کاتێك دەگەینە شارستانیەتە مێژووییەکان تووشی دوو بیرو بۆچوونی وەك یەك لەسەر دروست بوونی جیهان، پاڵەوانەکان‌و چیرۆکەکان دەبین.

یەکەم: ئەو شوێن‌و پلەو پایە بەرزەیە کە شەڕ لە کۆمەڵدا بۆ خۆی پاوانی کردوە.

دووهەم: ئیمان‌و باوەڕی پتەو بە کردەوەکانی شەڕە کە خواکان بەڕێوەیان بردوەو یان شەڕکەرەکانیان هان داوەو پشتیوانیان لێ‌کردوون. بۆ وێنە:"وال هالا" پەرستشگەی خواکانی "ژرمەن" باشترین بەڵگەیە، چونکە وێنەکانی سەر دیواری ئەو شوێنە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن، ئەو وێنانە شەڕکەرەکان نیشان دەدا کە دوای شەڕێکی سەرکەوتوانە لە ژێر نیگای وردی "ئادن" خوای شەڕ دا کە دەوروبەری پڕ بووە لە دەسکەوت‌و کۆیلەو دیلەکانی شەڕ جێژن دەگرن. لە کاسە سەری دوژمندا شەراب دەخۆنەوە. دەسکەوت‌و ماڵی بە تاڵان هاتوو لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. یان لە شوێنێکی وەك چین دا ئەگەر "ئوستوورە" هێدی‌و هێمنەکانی دینی "بودا" لەگەڵ شەڕ دژایەتیان بووە لە

بەرامبەردا ئایینی "برهمایی" زۆر شەڕانی بووە، کتێبی پیرۆزی برهمایی زیاتر باس لە چیرۆکی بەربەرەکانێو شەڕی خواکانو پەریو دێوەکان پێکەوە دەکا. کێبەرکێیەك کە جاروبار مرۆڤو مەیموونو زۆربەی زیندەوەرەکان بەشداری تێدا دەکەن. دیواری شوێنە پیرۆزو ئایینیەیەکانی هیندوو بە وێنەی هەڵکەندراوی خوایان رازاوەتەوە. خوایانی وەك "ئیندراو میترا"، واروناو برهماو شیواو سیواو ئیلاهەکانی کە دیکە سواری عەرەبانەی شەڕ بوونو لەگەڵ یەکتر خەریکی ململانێن. لە چیرۆکە کۆنەکانی یونانیشدا خواکانی وەك "زێوسو تیتان"و دێوەکان پێکەوە بەردەوام لە شەڕدان. "کرونوس" لەگەڵ "ئفیونە" بە شەڕ هاتوەو "مارس" دووبەرەکیو ترسو دڵەخورپە دەورەی داوەو بە نازناوی مرۆڤ کوژ شانازی دەکا. "پالاس" هەموو کاتێك زرێی لەبەر دایەو نەیزەو مەتاڵی پێیە. "ئاپۆلۆئیش" تیری مەرگ هێنەری پێیە.

کاتێك مێژووی شارستانیەتە کۆنەکان هەڵدەدەیەوە دەبینین بۆ بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی شەڕ یاسایەکیان هەبوو کە پێش دەست پێکردنو دوای سەرکەوتن لە شەڕدا قوربانیەیەکی زۆر پێشکەش بە خوایان بکەن، بە تایبەت دوای شەڕ دیلەکانی شەڕیان دەکردە قوربانی. ئاشووریەیەکانو میسریەیەکان هەزاران دیلی شەڕیان لە نێو دووکەڵو هاتوهاوارو هەڵپەڕکێدا سەر دەبڕی. پێشکەش کردنی قوربانی بە بارەگای خوایان زۆر جاران بە شێوەی شینگێڕان بەڕێوەدەچوو بەو شێوە ئەو کەسەی کە دەبوایە ببێتە قوربانی رێزو حورمەتیان لێدەگرتو زۆر جارانیش رێوڕەسمی نەزرو نیازو پیرۆز کردن بەو شینگێڕیەیە زیاد دەبوو. یەکێك لەو شینگێڕیەیە سەیرو سەمەرانەی پێش مەرگ کە لە دەورانی کۆن بە جێماوە لە ساڵی ١٩٤٠دا فرۆکەوانەکانی ژاپۆن بەڕێوەیان برد. فرۆکەوانە لاوەکان بە ویستی خۆیان



شەوی پێش بەڕێوەبردنی مەئمووریەتی پێئەسپێردراو لە رێوڕەسمی شینگێڕانی خۆیاندا بەشدار دەبوون“ ئەوان کراسێکی سپییان وەك باڵاپۆش دەبەر کردو بەوجۆرە خۆیان لە هەموو پێوەندیو بەستراوەییەیەك بە دنیاوە جیا دەکردەوەو بەیانی ئەو شەوە لە فڕۆکەخانە هەر کام سندوقێکی بچووکیان وەرگرت کە دەبوایە خۆڵەمێشی تەرمی سووتاوی خۆیانی تێبکەن.

## ٢- بیرو باوەڕی ئایینی لەسەر شەڕ

لە سەردەمی دێرن واتە سەردەمی "عەتیق" ئەوەی جێگای سەرەنجە لە کاتی سەرهەڵدانی "یەکتا پەرەستی" لە تەواوی ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە نێوان خواکانی "ئۆلیمپ، ولکان، ژنون، مرکوروسرس" دابەش ببون تەنیا خووو خدەی شەڕکەرو ئازا درا بە "خوای تەنیا" کە خوای سپاو لەشکر بووە.

شەڕ بە فەرمانی بێ ئەملاو ئەولای خواوە دەستی پێدەکردو هیچ شتێك بێ ئەمرو بڕیاری ئەو بەڕێوە نەدەچوو."بە هیچ شێوەیەك مەترسن، خواوەند لەگەڵ ئێوەیە. خوای تۆ بەرەبەرەو هێدی هێدی ئەو نەتەوەو گەلانە لەسەر رێت لادەبا، بە تەواوی لەنێو دەباو لەسەر رووبەری جیهان دەیاتسڕێتەوە."

لە "ئەشیعا بابی ٦٦"دا خواوەند دەڵێ:"ئەگەر بەنی ئیسرائیل وەعدەی نیشتمانیان پێ دراوەو داگیری دەکەن ویستو فەرمانی خوای لەسەرە." "خواوەند بە هۆی ئاگر بەسەر تەواوی مرۆڤدا داورەی دەکاو بە شمشیری تیژی خۆی ئینسانەکان سەرکۆنە دەکاو ژمارەی ئەو کەسانە کە خواوەند دەیانکوژێ زۆرن...و کاتێك خەڵك هاتنە دەرێ تەرمو لاشەی کەسانێك دەبینن کە بە دژی من هەڵگەڕاونەتەوە...". بەڵام هەموو کاتێك شەڕ بۆ "عیبریەکان" جێگای خوشحاڵی نەبووە، کاتێك ئەوان لە بەرامبەر سپایەکی بێئەژمارو بەهێزدا

خۆیان دەدی شەڕ ئەو خۆشیو کەیف سازیەیەی جارانی نەدەبوو، بەڵکو رۆحێکی نوێ سەری هەڵدەدا کە لە لاپەڕەکانی "ئەرمیاو حزقیالی نەبی"دا رەنگدانەوەی هەبووە: " ئیدی باس لە شەڕێکی چووکی پڕ لە شەوقو شادی نیە بەڵکو شەڕ سزایەکە کە لە لایەن خواوەندەوە هاتۆتە خوارێ". " ئێستا رەشەبای خواوەند، غەزەبی خواوەند بە توندی هەڵدەکاو خۆ دەنوێنێو بەسەر شەڕفرۆشاندا دەبارێ. هەڵچوونی غەزەبی خواوەند هەتا هاتنە دی ویستەکانی نانیشێتەوە".

لە دنیای ئیسلامو قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە پەرەپێدانی دینی ئیسلام بە زەبری شمشیر، ئەرکو واجباتی دینە." شەڕ لەگەڵ کەسانێکدا بکەن کە باوەڕیان بە خواوەندو رۆژی قیامەت نیەو ئەو کردارەی کە خواو نێردراوی ئەو حەرامیان کردوە بە حەرامی نازانن"و "هەروەها لەگەڵ پێڕەوانی ئایینەکانی دیکەدا کە نایێنە سەر دینی حەق هەتا بە دەستی خۆیان تاوان نەدەنو تەسلیم نەبن شەڕیان لەگەڵ بکەن". یان" بەهەشت بە هەموو تایبەتمەندیەیە جوانەکانی دەدرێ بەو کەسانەی کە لە شەڕدا شەهید بوون".

**بۆچوونی مەسیح:** لە کتێبی ئاسمانی مەسیح واتە "ئینجیل"دا شەڕ زیاتر لایەنی روحانی بە خۆیەوە دەگرێ هەتا تێك هەڵچوونی "فیزیکی" راستەوخۆ.

حەزرەتی مەسیح، پترۆسی لەبەر بەکار هێنانی شمشێر سەرکۆنە دەکاو بنچینەو بناغەی قسەکانی لەسەر ئاشتی بووە.

بەرای "کلیسای" نیزیك بە حەزرەتی مەسیح، شەڕی مەسیحیەیەکان دژکردەوەیەك بووە بە دژی شەیتانو لە راستیدا بە دژی رۆحی بەشەری. وەك: هەواو هەوەسو تووڕەیی.بەڵام دواتر مەسیحیەیەکان لە شەڕ لەگەڵ غەیرە



مەسیحیەیەکاندا بەتایبەت لە شەڕە سەلیبیەیەکان دا کوشتاری زۆر بێبەزەییانەیان کرد. لە سەدەی چواردەی زایینی "ئۆگۆستین" شەڕی بە کردارێکی دادپەروەرانە داناو "شارلەمانی" ئیمپراتۆری مەسیحی لە سەدەی ١٧ی زایینی لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی خۆیدا ٥٥ جار لەشکرکشی کرد.

لە سەدەکانی نێوەڕاست "قرون وسطی" یاسای شەڕەکان گشتیترو پەرەپێدراوتر بوو وەك "متارکەهای خدایی" راگەیەندرا بوون بەو مانایە کە لە هێندێك رۆژی دیاری کراودا شەڕ قەدەغە کرابوون.

### ٣- بیرو بۆچوونی فەلسەفی سەبارەت بە شەڕ

**فەلسەفەی چینی:** تەنیا فەلسەفەیەکە کە لە ماوەی چەندین سەدەی یەك بەدوای یەکدا لە پێهەڵاگوتنی شەڕ خۆیان پاراستوە. کۆنفۆسیوس بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ: "سەرکردەیەکی راستەقینە شەڕی خۆش ناوێ، نە ڕق ئەستوورەو نە تۆڵە ئەستێنەو نە تووشی ئیحساسات دەبێ. "چینیەیەکان هەتا ماوەیەك لە مەوبەر شانازییان بە لاوازیی نیزامی خۆیانەوە دەکردو بە چاوی سووك دەیانڕوانیەیە شەڕو شارستانیەتی خۆیان لە شارستانیەتی بێگانەکان بە سەرەوەتر دەزانی. لە "پلەو پایەی سوننەتی چیندا سەرباز نزمترین پایەی پێدەدراو لە دوای دز دادەنرا.

**فەلسەفەی یونانی:** یونانیەیەکان لەسەر یەك شەڕ بە "ویستی خوا" دادەنێنو بە نەزەری "هراکلیتوس" شەڕ کەرەسەیەکی نێردراوی خوایە. چونکە مرۆڤەکانو خواکان دەستەبەندی دەکا. "شەڕی ئێمە هەموو لایەنەکانی ژیان

دەگرێتەوە، هێندێك كەس بە پلەی بەرز دەگەیێنێو هێندێكی دیكەش دەكا بە عەبدو هیندێكیش بە مرۆڤی ئازاد".

"ئەفلاتوونو ئەرەستوو" پەسەندی شەڕناكەنو زۆر جاران مەحكوومی دەكەنو كاتێك شەڕیان قبووڵە كە بۆ پاراستنی "دەوڵەت شار" پێویست بێ“ جا ئەو شەڕە چ بە شێوەی هێرش بێو چ بە شێوەی بەرگری، "دەوڵەت شار" پێش لە هەموو شتێك ڕێكخراوێكی بەرگرییەو قەڵایەكە بۆ هەموویان.

**فەلسەفەی نوێ:** "كانت" دەڵێ: "دابین كردنو دامەزراندنی ئاشتیی هەمیشەیی ئیمكانی نیە بەڵام دەتوانین ئەوەندە لێی نیزیك ببینەوە كە وەك سولح بچێ".

"هگل" یەكێك لەو كەسانەیە كە تاریفو پێهەڵاگوتنی لەسەر شەڕ زۆر جاران دەبێتە مایەی سەرسوڕمان، بۆ وێنە، ئەو كاتەی ناپلیۆن تێك نەشكابوو پێ هەڵدەگوتو ئەوی بە نوێنگەی ڕۆحی خەڵك دادەنا كە لە ڕوخساری پیاوێكی ئازادا خۆ دەنوێنێ.

هگل زۆر بە ئاسانی تەسلیمی قەزاوقەدەر دەبێو ئۆگرییەكی تایبەتی بە ڕێگا چارەی ماڵ وێرانكەری شەڕ بووە.

"ژۆزف دومستر" بۆ شەڕ فەلسەفەیەكی هێنا گۆڕێ كە هەتا ڕادەیەك لە حاڵی ئێستادا لایەنی كلاسیكی هەیە. ئەو دەڵێ: "كاتێك ڕۆحی مرۆڤ بە هۆی ژیانێكی خۆش نێوەڕۆكی خۆی لەدەست بدا تەنیا بە ڕژانی خوێن وەدەست دێتەوە. بەرهەمی ڕاستەقینەی سروشتی ئینسانی، هونەرەكانو زانستەكانو هەڵوێستی جێی سەرەنجو تێگەیشتووی پیاوانە لە هەلومەرجی شەڕدا خۆ دەنوێنێو وەك ئەوە وایە كە خوێن كودی ئەو گیایە بێت كە زانایی پێدەڵێن."



لەو بایەخە زۆرەی كە مرۆڤەكان بۆ شانازییە نیزامییەكان دایدەنێن، شتێكی شاراوەو دوور لە تاریفو باس كردنە هەر بۆیە دەتوانین بڵێین شەڕ "مەلەكووتییە" چونكە یاسای خلقەتە، مرۆڤ لە هیچ جێگایەك وەك مەیدانی شەڕ هەست بە بوونی خوا ناكا.

ویستیارانی هێز لە پێوەندییە نێونەتەوەییەكاندا زۆرتر هەڵوێستەكانی "نیچە" بە وێنە دێننەوە.

لە ڕاستیدا بەرهەمەكانی "نیچە" پڕن لە تاریفو پێهەڵاگوتنی شەڕ. "ئێوە دەبێ ئاشتی وەك كەرەسەیەك بپارێزن بۆ شەڕی نوێو كورت خایەنترین ئاشتی هەڵبژێرن"..."ئێوە دەڵێن نیەتی باش شەرعیەت دەدا بە شەڕ، من بە ئێوە دەڵێم شەڕی باش شەرعیەت دەدا بە هەر نیەتێك". "شەڕ دەبێ بێڕەحمانەو دوور لە بەزەیی بێ هەتا ئاكامو ئەنجامی یەك لاكەرەوەی بەدوادا بێ.ئازایەتی، دڵڕەقی، جوامێری، فێڵو تەڵەكە بازی، وریاییو لە یەك وتەدا هێز تەنیا زانستێكە كە لە شەڕدا جێگای پەسەندن.

"شەڕ تاقیكارییەكی باشە، تەنیا كێبەركێیەكە كە بێلایەنانەو عادڵانەیەو یان بە واتایەكی تر تەنیا كێبەركێی شیاوە". "دەبێ بە غەریزە شەڕ بكەیو تەسلیمی عەقڵ نەبی چونكی غەریزە هەموو كاتێك مرۆڤ بۆلای شتێك دەبا كە ژیان چالاكتر دەكا".

**بۆچوونی ئەوانەی كە شەڕ ڕەت دەكەنەوە بە دوو دەستە دابەش دەكرێ:**

**دەستەی یەکەم:** رەخنە لەو کەسانە دەگرن کە تاریفی شەڕ دەکەن‌و ئەوانە تێدەکۆشن لایەنی وێرانی‌و کۆنەپەرەستانەی شەڕ زەق بکەنەوەو بیسەلمێنن کە ئەو لایەنە خراپانە زۆر زیاترن لە لایەنە باشەکانی شەڕ.

تاقمێکی دیکە وەك "اراسم"،"رابلە" بەتایبەت زانایانی فەلسەفەی سەدەی هەژدەهەم بێجگە لە ژان ژاك رۆسۆ هەموویان تێدەکۆشن شەڕ وەك رووداوێکی گاڵتەجاڕو بێعەقڵانە بناسێنن، بەڵام لایەنی پیرۆزی لەبەرچاو دەگرن.

بۆچوونی "ولتر" سەبارەت بە شەڕ بەناوبانگە: "لە زەمانێکدا لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم، بە سەدان هەزار لە هاونەوعانی ئێمە، سەدان هەزار بوونەوەری دەستار بەسەری دیکە بۆ چەند بست خاك قەتڵوعام دەکەن‌و ئامانج لەو شەڕە تەنیا ئەوەیە کە بزانن ئەو چەند بست خاکە ئی سوڵتانە یان کەسێکی دیکە کە نازانم بۆ پێی دەڵێن قەیسەر. ئەو بوونەوەرانە کە گەرووی یەکتر هەڵدەدڕن قەت یەکتریان نەدیوەو نەناسیوە.

## ٤ ـ بیرو بۆچوونی ئەخلاقی‌و یاسایی سەبارەت بە شەڕ

هەر بەوجۆرە کە هیچ کۆمەڵگایەك هەرچەند سەرەتاییش بێت ناتوانێ بە بێ بیرۆکەی ماف بێ، شەڕیش ناتوانێ بێیاساو رێسا بێ. جا ئەو یاساو رێسایە روون یان ناڕوون بن بۆ دەست پێکردن‌و کۆتایی هێنان بە شەڕ پێویستن.

**رۆمی کۆن:** یاسای شەڕ لە سەرەتای مێژووی رۆمی کۆندا هەبووە. ئەو یاسایە رێورەسمێکی هەبووەو دەستەیەکی تایبەت لە کشیشان چاوەدێرییان کردوە، گرینگ ئەوە بوو کە شەڕ وەك "عورف" رابگەیەندرێ. بەهانەو بابەتی شەڕ گرینگی تایبەتی هەبوو. ئەگەر راگەیاندنی شەڕ بە شێوەیەکی دروست



بەڕێوە چووبایە شەڕ عادڵانە بە حیساب دەهات، بەڵام ئەگەر گوێ بە ئایینی راگەیاندنی شەڕنەدرابایە شەڕ عادڵانە نەدەبوو.

"سیلا" دەسەڵاتداری رۆمی لە ساڵانی ١٣٨ـ ٧٨ پێش لە دایك بوونی مەسیح بێ ئەوەی گنج بهاوێتە نێو چاوانی، چوار هەزار زیندانی "سامنیت"ی کە ئیتالیایی‌و لە رەگەزی "سابین" بوون لە "شان دومارس" (ناوچەیەکە لە فەرانسە) قەتڵعام کرد. هەموو خەڵکی "رگیوم"ی کوشت. رومی‌یەکان لە شەڕەکانی "پونیك" ئۆردووگای "ئاسدروپال"یان گرت‌و هەموو کارتاژەکانیان کوشت‌و هاوکارە "گلوا"یی‌یەکانی ئەوانیان کە مەست لەسەر کا خەوتبوون، سەر بڕی.

سەبارەت بە خەڵکی ئەو وڵاتانەی لە شەڕی رومی‌یەکان تێکدەشکان یان بە شێوەیەکی جۆراوجۆر تەسلیم دەبوون دەبوایە بڵێن:"بۆخۆم، شارەکەم، خاکەکەم‌و ئاوێك کە رەوانە، خواکان‌و شوێنە پیرۆزەکانم‌و ماڵ‌و داهاتم‌و تەواوی ئەو شتانەی ئی خواکانمە پێشکەش بە خەڵکی رۆم دەکەم".

**یاسای شەڕ لە تەوڕات‌و ئینجیلدا:** "مووسا بن مەیموون" ئەو یاسایەی بە شێوەیەکی تەواو بەیان کردوە. هەرچەند بۆچوونەکانی لە ژێر کاریگەریی سەردەمی خۆیدا بووە یان بە واتایەکی دیکە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شەڕە فئودالی‌و مەزهەبی‌یەکان کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە نێوانی مەسیحیەت‌و ئیسلامدا رووی داوە.

مووسا بن مەیموون، دوکتۆرو فیلسوف‌و زانای یەهوودی، ئەرمەنی هەوڵی دا کە لە نێوان ئیمان‌و عەقڵ دا ئاشتی دابمەزرێنێ. "لە کاتی هێرشی چەکدارانەی دوژمندا تەواوی خەڵك دەبێ شەڕ بکەن بەڵام لە شەڕی هێرشکارانەدا تەنیا ئەوانەی بۆخۆیان دەیانهەوێ بەشداری دەکەن. "بەم جۆرە ئەو فیلسووفەی

سەدەکانی نێوەڕاست مەسەلەی " نارەزایەتیی ویژدانی "پێش ئەوە ببێتە باو هێناوەتە گۆڕێ.

مووسا بن مەیموون دەڵێ: "دوو شێوە شەڕ هەیە: "شەڕە پێویستەکانو لەشکرکشیی دڵخوازانە. شەڕەکانی جۆری یەکەم بۆ بەرگری لە وڵاتی نەتەوەییو شەڕەکانی جۆری دووهەم بۆ بەرین کردنەوەی وڵاتو دەسەڵاتە. لە جۆری یەکەمدا شا بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی دێتە نێو شەڕ، لە جۆری دووهەمدا رەزامەندیو پەسەند کردنی "سان هدرن" بۆ شا پێویستەو تەنانەت لە کاتی ئاواشدا بەشداری هەموو خەڵك لە شەڕدا ئیجباریو پێویست نیە."

هۆو بەڵگەی زۆر بۆ دەربازبوون هەیە کە لە بەندە جیاوازەکانی "سێفری تەسنییە" داهاتووە: "هەر کەس باغێکی دروست کردبێ یان ماڵێکی پێکەوە نابێ یان تازە ژنی هێنابێ تا ساڵێك لە خزمەتی شەڕ معافە."

بەر لە دەست پێکردنی شەڕ دەبێ بۆ ئیسلاحو ئاشتی هەنگاوی پێویست هەڵگیرابێ. ئەو هەنگاوانە زیاتر بۆ نەهێشتنەوەی رەخنەو گازندەیەو تەنانەت لەگەڵ هیندێك مەرجی ئایینی تێکەڵاوە. "ناتوانی هێرش بکەیە سەر هیچ دوژمنێك، مەگەر ئەوە کە لە پێشدا ئەوت بۆ بەستنی رێکەوتننامەیەکی ئاشتی بانگهێشتن کردبێ.( سێفری تەسنییە بابی بیست ئایەی١٠)

ئەگەر شەڕ دەست پێبکات هێندێك ئوسووڵی سەرەتایی دەبێ بپارێزین: "کوشتنی ژنانو منداڵان لە کاتە تاڵان کردنی شاردا قەدەغەیە."و سەرەنجام ئەگەر هەلومەرجی ئاشتی قبووڵ بکرێ هیچ دوژمنێك شایانی سزادانی مەرگ نیە."

## سەدەکانی نێوەڕاست، مافناسانو رەوشتخوازەکان:



ئەو دەستەیە بۆئەوە کاتی خۆیان لەسەر چەندیو چۆنی شەڕەکە پڕ بکەنەوە دوای لەیاساو رێسایەك دەگەڕێن کە شەڕەکان بە لای هێدیو هێمنیو کەم کردنەوەدا بەرێ.

بێشك گرینگترینی ئەو یاسایانە "یاسای رۆژانی حەرامە" کە لە سەدەی یازدەهەمدا نووسراوە. "پێش لە هەموو شتێك هەڵگرتنی چەك لە رۆژەکانی شەممە تا دوو شەممە حەرامە. بۆ ئەوەی هەموو لایەك بتوانن ئەرکو وەزیفەی ئایینی خۆیان بەرێوەبەرن". ئەو بڕیارە دواتر لە رۆژی پێنج شەممە تا دوو شەممە ماوەکەی زیاد کرا.

شەڕی بچووك لە نێوان تاقمو دەستەی هاوزمانو هاومێژوودا یارمەتی دەدا بە پێکهێنانی رێککەوتننامەکە. هەر بەو هۆیەوە لە سەردەمی فئودالیدا لە ئورووپا شاهیدی هەڵدانو پێگرتنی بناغەکانی یاسای شەڕ دەبین. ئەوە پەرە دەستێنێو دەبێتە یاری شازادەکانو وەك یارییەکی پڕمەترسی کە تایبەت دەبێ بە ئەشراف بەرێوە دەچێ. لەو جۆرە شەڕانەدا چرەو گوڕەی زۆری تێدایە بەڵام کەم کەس دەکوژرێ. یاسای جۆراوجۆر شەڕ لە رایەڵکەیەکی تایبەتدا بەرێوە دەباو شێوازێکی رێکوپێكو لە هەمان کاتدا شانۆیی پێدەدرێ. جلوبەرگی ئاسن وەك زرێو کڵاوو ئاسن لەبەر شەرکەرەکان دەکرێ کە دەبێتە هۆی ئەوە شەڕکەر زیانێکی ئەوتۆ نەبینێو لە هەمان کاتدا هەراو هەنگامەیەك ساز دەکەن.

"ماکیاولی" هەموو خەڵك لەگەڵ بیرو ئەندیشەکانی ماکیاولی ئاشنان: "لەو کاتەوە پێویستی هەر شەڕێك بە دیار کەوت، ئەو شەڕە عادڵانەیە." ماکیاولی بەتایبەت لایەنگری "شەڕی پێشگیرانەیە" بە رای ئەو تەنیا ئەو جۆرە شەڕە لە

راستیدا عەقڵانییە. ماکیاولی بۆ خۆیئەو پێویستییە بە هیندێك شكو گومانەوە دەردەبڕێ:

"دەبێ بەرگری لە نیشتمان بکەی چ بە بێ ئابڕوویی‌و چ ئابروومەندانە. هەموو کەرەسەیەك بۆ بەرگری باشە. بۆ ئەوە بە شێوەیەکی باش پارێزگاری لە نیشتمان بکرێ دەبێ دەستی خۆمان لە هێرش بردن وەپێش بخەین. ڕۆمییەکان پێشتر کەموکووڕیو گێرو گرفتی دوا ڕۆژیان هەڵدەسەنگاندو پێشبینییان دەکردو بە پێی هەلومەرج خۆیان ئامادە دەکردو بۆ پێشگیری لە شەڕ هیچ کات ئێزنیان نەدەدا وەزع بەرەو خراپی بڕوات. ڕۆمییەکان کە دەیانزانی شەڕ پێشگیری لێناکرێ دەستیان وەپێش دەخست لە دەست پێکردنیدا.

"کلاوز ویتس" لە دایك بووی ساڵی ١٧٨٠ی زایینییەو ساڵی ١٨٣١ کۆچی دوایی کردوە. ژنراڵێکی خاوەن ڕای کاروباری نیزامی بووە، خەڵکی پرۆسەو لە دوای شەڕ بە دژی ناپلئۆن "ئاکادیمی نیزامی" لە برلێن دامەزراندوە.

کلاوز ویتس وەکو لێکۆلەرو هەڵسەنگێنەری شەڕ (ئامانجەکان، کەرەسەکانو تەواوی لایەنەکانی شەڕ) ناوبانگی دەرکردوە. ناوبراو بینەرە بەلام بەکەمی سەبارەت بە مەسەلەکان قەزاوەت دەکا. بەو حاڵەش وەك مارکسو داروین یەکێك لە جالبترین کەسایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەمە. بە ڕای ئەو بەربلاوی فیداکاریو لە خۆبوردوویی لە شەڕدا، سەلماندنی شەڕە. هەر بۆیە دەبێ بە هەموو تواناوە شەڕ بکرێ. بەلام ڕاهێنانی سەربازان گرینگییەکی زیاتری هەیە. "چونکە ڕۆحیەی نیزامی ڕەنگە بە هێندێك بیرو بۆچوونی سوننەتی رابگیرێ بەلام لەسەر یەك تەنیا شەڕە کە دەتوانێ ئەو ڕۆحیە بپارێزێو ڕایبگرێ. یەکیەتی سیاسی ئوسوولێکی گرینگی جێگای پەسندی



کلاوز ویتس نیە." بە ڕای وی سپا تەنیا کەرەسەیە. لە راستیدا شەڕەکان هەڵقولاوی سیاسەتن. سیاسەت نابێ لەژێر دەسەلاتی شەڕ دابێ، بەڵکو دەبێ هۆی سیاسی پێکهێنەری شەڕەکە بێ. "هۆی سیاسی توانای لێکدانەوەی هەیە." "شەڕ تەنیا کەرەسەیەکی سیاسەتەو بەس." هەر بۆیە تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە بۆچوونی نیزامی لە ژێر دەسەلاتی بۆچوونی سیاسی دابێ بە واتایەکی دیکە سپا وەك کەرەسەی سیاسەت دێتە ئەژمارو گرینگییەکی زۆری هەیە. چونکە ڕۆحیەی کۆمەلایەتی لە شەڕدا باشتر لە هەر جێگایەکی دیکە خۆدەنوێنێ. "شەڕ لە داوێنی سیاسەتی دەوڵەتێکدا گەشە دەکات هەر بۆیە کاتێك دەوڵەتێك تووشی شەڕ دەبێ گەل بە تەواوی هێزەوە شەڕ دەکا." کلاوز ویتس شەڕێکی گەورە ئاوا پێناسە دەکا: "شەڕ کردەوەیەکی بێبەزەییانەیە کە هەتا کاتێکی نادیار درێژە دەکێشێ. بەشداری لە تێك هەڵچوونێکدا کە ئیمکانی سەرکەوتنی هەر دوو لایەنی یەکسانە شتێکی جێگای مەترسییە. ئارەزووی لەنێو بردنی دوژمن، بناغەی بۆچوونی شەڕە،سەرکەوتن لەگەڵ لە نێوچوونی دوژمن بەرامبەرە."

## ٥ـ بۆچوونی کۆمەڵناسان لەسەر شەڕ:

لە هەمووی ئەو بۆچوونانەدا ئەسلێکی هاوبەش هەیە کە شەڕ بە دیاردەیەکی "سروشتی" دادەندرێ. "دورکیم" شەڕ بە شێوەیەك پێناسە دەکا کە کردارێکە لە ژیانی مرۆڤدا ڕەنگدانەوەی هەیە. بەوحاڵە ئەو بۆچوونانە لە ئاست پێشبینیی دوارۆژدا جیاوازییان هەیە: بە شێوەیەکی گشتی، دەستەیەك "گەشبینن" و لەسەر ئەو باوەڕەن شەڕەکان لە دایك بووی پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتینو پێشبینی دەکەن کە ڕۆژێك ئەو پێکهاتە دەگۆڕدرێو دەستەیەکی

دیکەش لەسەر ئەو باوەڕەن کە شەڕ دیاردەیەکی لە بن نەهاتووو هەمیشەیییەو زۆر جاریش قازانجو سوودی هەیە.

"سەن سیمۆن" یەکێك لەو کەسانەیە کە لای وابوو بەسەرهەڵدانی پیشەسازی شەڕەکانیش تەواو دەبن. "پیشەسازی دوژمنی شەڕەو دەسکەوتەکانی پیشەسازی نیزامگەری لەنێو دەبا؟ " لە سەردەمە کۆنەکاندا خەڵك شەڕیان دەکردو لە ئاکامی شەڕدا لایەنی سەرکەوتوو دیلی دەگرتو لەو دیلانە بۆ باشتر کردنی وەزعی ژیان کەڵکی وەردەگرت. بەڵام خەڵکی سەردەمی پیشەسازی بۆ خۆیان بەرهەم هێنەرن هەر بۆیە شەڕ یان ئاشتی بە پیشەسازی بەستراونەتەوە.سیستمی پیشەسازیی کە لەودا مرۆڤ لە بەرهەمی خۆی کەڵك وەردەگرێ بە هۆی ئاڵوگۆڕی مێژوویی جێگای سیستەمی "فیئۆداڵیو نیزامی" دەگرێتەوە کە ئیمکانی مانەوەی زۆر کەمەو راستەوخۆ پێبەندی تاڵانو برۆیە.

"ئاگۆست کۆنت" کە لە سەرەتادا لەگەڵ "سەن سیمون" هاوکار بوو، لەو زیاتر پێیدادەگرت کە بۆچوونەکانی "سەن سیمون" پەرە پێبدا. ئاگۆست کۆنت پێی لەسەر جیاوازی نێوان قۆناغی نیزامیو پیشەسازی دادەگرت. "چالاکیو هەڵسوکەوتی مرۆڤ، تەنیا دوو ئامانجی تێدایە: فراوانخوازی وڵات "کشور گشایی" و کاریگەری لەسەر سروشت یان بە مانایەکی دیکە لەسەر بەرهەم هێنان لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە رێك نەخرابێ تەنیا حەشیمەتێکی سەرلێشێواوو بێپێناسە وەدیار دەخا. سیستەمی کۆن ئامانجی نیزامی هەبوو ئێستاش ئامانجی پیشەسازی هەیە." ئاگۆست کۆنت پێبەپێی "یاسای سێ قۆناغی" خۆی یاسایەك سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی شەڕ دادەڕێژێ: ١ـ شەڕ بۆ شەڕ لە کاتی پێویستدا، کۆمەڵگا سەرەتاییەکان توانای ئەوەیان نەبووە کە نەزم لە هیچ مەکتەبێکی دیکەدا بێجگە لە مەکتەبی



شەڕ فێر بن. شەڕ کۆیلەتی ئاسان کردو بەو کردارە پیشەسازیی پێك هێنا، هەر بۆیە نیزامیگەری شتێکی قابیلی پێشگیری نەبوو. ٢ـ شەڕ هەیە، بەڵام بەستراوەتەوە بە نیزامی پیشەسازی نوێو پێبە پێی نیزامی پیشەسازی، ئەویش گەشە دەکا. کۆنت خەسارەتەکانی شەڕە نوێیەکان بە کەمتر دادەنێ لە شەڕە کۆنەکان چونکە ئەو پێیوایە لە سەردەمی پیشەسازی دا هەموو خەڵك بەشداری شەڕ ناکەنو هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دامەزراندنی ئەرتەشی دایمی بە جێگای ئەرتەشی ناڕێکوپێکی فیئودالی روحیەی نیزامیگەری لاواز دەکا. ٣ـ پیشەسازی لە ئاکامدا دەبێتە هۆی لە نێوچوونی شەڕەکان.

ئەو پێشبینییانە لانی کەم لە رۆژگاری ئێمەدا بە تەواوی پێچەوانەکەی سەلمێندراوەو لەسەردەمی ئێمەدا پیشەسازی بۆتە هۆی پەرەپێدانی شەڕو دەرگیربوونی هەموو خەڵك. پیشەسازی لە خزمەتی نیزامیگەری دایەو رۆژ لەگەڵ رۆژیش زیاتر ئەو خزمەت پێکردنە پەرەدەگرێ.

بەکورتی ئەگەر بمانهەوێ بۆچوونەکانی مارکسو رێڕەوانی سەبارەت بە شەڕ بزانین پێش لەهەر شتێك لەگەڵ بۆچوونێکی بنەڕەتی بەرەوڕوو دەبین کە بناغەی پێشبینی "کراکوس بابوف" شۆڕشگێڕی فەرانسەوییە(١٧٦٠ ـ ١٧٩٧)و دەڵێ:" تەنیا شەڕێکی لەبڕان نەهاتوو هەیە ئەویش شەڕی نەداران بە دژی داراکانە" کە هەمان شەڕی هەمیشەییو دائیمی چینایەتییە.

دووهەمین بۆچوونی مارکسیزم سەبارەت بە شەڕ ماکیاولیە: "شەڕی هەڵخەڵەتاندنو لادان"شوێنونکەرانە" بەو مانایە کە دوژمن پەژیوان بکەیەوە لە هێرش کردن بۆ شوێنێكو بۆخۆت لە شوێنێکی دیکە دەست بکەی بە هێرش. بێجگە لەو بۆچوونانە شەڕ شەرعیەتی پێدەدرێو شەرعیەتی باوی

سوسیالیستەکان کێبەرکێی ئابووریەو ئەوە بۆچوونێکی زۆر گرینگە کە تێك هەڵچوونی چەکدارانە زەقو ئاشکرا دەکا.



## تایبەتمەندیە ئابووریەکانی شەڕ

### ١. پێویستیی سەرمایەدانانی سەرەتایی

ئەگەر لە گۆشەنیگای ئابووریەوە چاو لە شەڕ بکەین، شەڕ جۆرێك هەڵسوکەوتی مەسرەفیە. شەڕ هەرکە لە قۆناغی هێرش تێپەڕی پێویستی بە تەداروکات هەیە. تەنانەت ئەو کاتانەی شەڕ لە نێوان وڵاتێکی هەژارو وڵاتێکی دەست ڕۆیشتووو دەوڵەمەند دەست پێدەکا مەبەستو ئامانج وەدەست هێنانی سامانی ئەو وڵاتەیەو ئەوە بۆخۆی پێویستی بەجۆرێك سەرمایەدانان هەیە. دەبێ چەك دابین بکرێ، ئەرتەشێك کە نیازی هێرشی هەیە لانی کەم تا ئەو کاتەی کە دەتوانێ سەرکەتن بە دەست بێنێو لە ئیمکاناتی دوژمن کەڵك وەربگرێ دەبێ تەداروك بکرێ. بێسەرمایەی سەرەتایی هێزی شەڕوەك: خواردەمەنی، تەداروکاتو کەرەسە ناتوانی شەڕ بکەی. هەر بۆیە هەر شەڕێك لە لایەنێکەوە چالاکی ئابووریەو بە پێکەوەنانی سەرمایە، پوڵ یان کەرەسە دەست پێدەکا. بەهەر رادەیەك شەڕ پەرە دەگرێو زانستیتر پێویستی بە ئیمکاناتی ئابووریو سەرمایەدانان زیاتر دەبێ. هەر بەوجورە کە "بوم باورك" سەبارەت بە درێژە کێشانی شەڕ دەڵێ: "شەڕ لە ژێر کاریگەری تەداروکاتو بەرهەم دایە."

لەسەر ئەو بنچینە شەڕ پێش لە هەموو شتێك گیروگرفتێك لەبواری تەداروکاتیماڵیو دابین کردنی هەزینە یان لانی کەم بەرهەم هێنان یان ئەنبار کردن پێکدێنێ.

مارشال ساکس دەڵێ:" بۆ شەڕ سێ شت پێویستە."

"یەکەم پارە، دووهەم پارە، سێهەم پارە." لە دەورانی کۆندا ڕێگا چارەی ئەو مەسەلەیە لانی کەم تا ئەو کاتەی سکە رەواجی پەیدا نەکردبوو، پێکهێنانی

خەزانەی شەڕ" خزانە جنگی" بوو. زۆربەی شارەکۆنەکان خەزانەیەکیان بۆ شەڕ هەبوو کە لە شوێنە پیرۆزەکاندا دەپارێزران. هێزی نیزامیو دەریایی ئاتێن دوای دیتنەوەی کانگای زێو لە ناوچەیەك بە ناوی "لۆریۆن" گەشەی کرد. ئاتێن بە کەڵك وەرگرتن لەو کانگایە توانی ناوگانێکی بەهێزی دەریایی لە دەریای مەدیترانەی رۆژهەڵاتدا پێكبێنێ. بە بەرەکەتی کانگای لەو شێوەیە بوو کە کۆماری فرەوانخوازی (پیبای هولەند) ببێتە بناغە داڕێژی ئەرتەشەکانی ئەوڕۆیی. ئەو ئەرتەشانە لە بەکرێگیراوان پێكدەهاتو لە ریزی بە نەزمترینو تەیارترینو دڕندەترین ئەرتشەکانی ئورووپا بەژمار دەهاتن. زۆربوونی کەرەسەو کانگا ژێرزەوییەکان وەك زێڕو زێو ئەو هەلومەرجو ئیمکانەی دا بە ئورووپا تا بتوانێ هێزی نیزامیو دەریایی پێكبێنێو ببێتە هێزێکی گەورە لە هەموو ئورووپای رۆژئاواو ئەرتەشێکی هەمیشەیی پێكبێنێو لە خزمەتی سیاسەتی ئیمپریالیستی ئیسپانیا لە سەرانسەری ئورووپای رۆژاوادا بێ. خەزێنەی بەناوبانگی "برج اشپانداو" شوێنێکە لە نیزیك بێرلین هەتا رادەیەك بەدانی غەرامەت لە لایەن فەرانسەوە لە سەردەمی رێککەوتننامەی فرانکفۆرت دروست کراو خەزێنەی "منلیك"، نەجاشی حەبەشە"لە ژێر پێی پەیکەرەکەی کە بۆ بیرەوەریی سەرکەوتنی دروست کراو لەو شوێنەوارە سەیروسەمەرانەی خەزێنەی شەڕن.

لە سەردەمی ئێمەدا لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتەکان حاشا لەمەسەلەکە دەکەن بەڵام خەزێنەی جەنگی بە شێوەی پاشەکەوتی قەڵا هەروا درێژەی هەیە. باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە لە کاتی شەڕدا بە پێی سەرکەوتنو تێكشکاندن، نرخی زێڕ دەچێتە سەرێ یان دێتە خوارێو ئەوە باشترین لێکدانەوەیە بۆ دیاری کردنی سەرکەوتووی شەڕ. دوای ساڵی ١٩١٨ پاشەکەوتی



تەڵای بانکی فەرانسە گەیشتە رادەیەك کە تا ئەو کات شتی وا نەبیندرابوو. بەڵام هەر ئەو خەزێنە نەتەوەیییە ساڵی ١٩٤٥ بەتەواوی لە نێوچوو.ئەوڕۆکە بە بوونی بیروڕای "استراکوش" سەبارەت بە دابەش کردنەوەی زێڕ" بەشی زۆرتری ئەو کەرەستە بەنرخە لە ئەنبارەکانی ژێرزەوی "فورت - ناکس ئۆردووگای نیزامیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵکەوتوو لە ویلایەتی کنتاکی" ئەنبار کراوەو خەزێنەی سەرسوڕهێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان پێكهێناوە. ئەنبارە زێڕەکان لە سەرکەوتوویەك دەگا بە سەرکەوتوویەکی دیکە. و هەتا زێڕ پێوانەیەکی نێو نەتەوەیی بێ لە هەموو کاتدا دەوری سەرەکی دەگێڕێ چونکە باوەڕ بە پارەی کاغەزی ناکرێ، هەرکە ئاڵۆزیو پشێوی کۆمەڵایەتی پەرەی گرت ئەویش لەرزۆك دەبێو بایەخی دێتە خوارێ.

لە ئاکامدا لە تەداروکاتی ئابووری شەڕەکاندا نابێ بوودجەی نیزامی لە بیر بەرینەوە. تەواوی دەوڵەتەکان بەشێك لە داهاتی گشتی خۆیان بۆ دابین کردنی چەکوچۆڵو راگرتنی نەفەراتی شەڕکەر، پسپۆڕ، کرێکاری ئەنبارەکانی چەکوچۆڵ، سەنگەر سازی، هێزی دەریایی، قوتابیانی قوتابخانە نیزامیو دەریاییەکان تەرخان دەکەن کە ئامانجیان تەداروك کردنی شەڕ یان ئامادەیی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هەر هێرشێکە. بەوجۆرە، تەداروکی شەڕ لە دابەش کردنەوەی دووبارەی داهاتەکاندا رۆڵ سەرەکی هەیە، دابەش کردنەوەیەك کە بە قازانجی نیزامییەکان، هاوشانی نیزامییەکانو بنەماڵەکانی ئەوان تەواو دەبێ.

"کینز"، ئابووری زانی ئینگلیزی دەڵێ: "تەداروکاتی شەڕ دەبێتە هۆی وەدی هاتنی کاری تەواو وەختو لە هێندێك شوێن یارمەتی دەدا بە هاوسەنگی

ئابووری. هەزینە نیزامی‌یەکان بە شێوەیەك تێکەڵاوی ژیانی ئێمە بوون ئەگەر لە پرێکدا ئەوان لابەرین گێروگرفتی زۆرو بێکاری دروست دەبێ." بەڵام کاتێك دەوڵەت مەجبوورە کە چەكو کەرەسەی خاو یان زۆربەی کەلوپەلەکانی پێویستی لە دەرەوە بێنێتە نێو وڵات، ئیدی بوودجە نیزامی‌یەکان یارمەتیدەر نین بۆ هاوسەنگی ئابووریی وڵات. لەوکاتە دایە کە گوشاری هەڵقوڵاو لە گرفتی ناهاوسەنگی حیسابەکان دێتە پێش. شەڕی ساڵی ١٩١٤ لە ئورووپا یانی لە کیشوەرێك کە هەموو پارەکانی بایەخو ئێعتباریان هەبوو بوو بە هۆی ئەوە کە لەپڕدا نرخی هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ. لەوکاتە بەدواوە بە هەر رادەیەك شەڕ مکانیزە دەبوو بەو رادەیەش شێوازی پێشووی شەڕکردن ئەرزشو بایەخی خۆی لە دەست دەدا. ئەو وەزعە بوو بە هۆی لەنێوچوونی هێندێك وڵاتی بەهێز کە خاوەنی سەرزەوی بەربڵاوو بەتایبەت، خاوەنی کانگاو کەرەسەی خاو نەبوون.

بۆ وێنە: فەرانسە ژمارەیەکی زۆر سوارەنیزامی هەبوو کە دابین کردنی جیرەو پێداویستی‌یەکانیان پێویستیی بە بەدەست هێنانی ئەرزی دەرەکی هەبوو. ئەوان بە هۆی داهاتی وەرزێڕی دابین دەبوون بەڵام هەر کە ئەو هێزە بوو بە ماشێنی، فەرانسە پێویستی‌یەکی گەورەی بە هێنانو واردکردنی نەوت پەیداکرد. "خۆبژیوی"و ستراتیژیی ئابووری نوێ لە بناغەدا رێگا چارەی جۆراوجۆرن کە بۆ چارەسەری ئەو مەسەلانە پێشنیار کراون.

### ۲. ئاکامی ئابووریی شەڕەکان:

دوای قۆناغی مەسرەفی بەپەلەی سەروەتو سامانەکان "بە سەرنجدان بەو بابەتە کە وێرانی‌یەکانی شەڕیش شێوەیەکن لە مەسرەف"و لە ئاکامی



شەڕەکاندا یەکێك سەرکەوتوەو ئەوی دیکە تێکشکاو، ئاڵوگۆڕ لە سەروەتو سامانەکاندا پێکدێ.

لە لایەکی دیکەوە، شەڕ هێندێك لە ژێرخانە ئابووری‌یەکانو هەروەها سەرمایە گوزاری‌یەکان دەگۆڕێو بوار بۆ هەڵدانو گەشەکردنی هێندێك جۆری سەنعەت یان هیندێك لە شێوەکانی بەرهەم هێنان خۆش دەکا. شەڕ شێوازی دابەش بوونی داهاتەکانو سەرچاوەی سەرمایەکان دەگۆڕێ (دانی زیانو زەرەر، چوونە سەری ئاستی ماڵیاتو... هتد). وەزعی بوودجەو هەزینە گشتی‌یەکان تووشی ئاڵوگۆڕ دەکا. شەڕ لە رێگای بەستنی رێککەوتننامەکانی ئاشتی بازاڕەکانی فرۆشو بازرگانی دەرەکی دەگۆڕێو لە ئاکامدا سەنعەت ئەوان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیو ئاڵوگۆڕی ئەو مرۆڤانەی کە لەو سەنعەتەدا کار دەکەنوهانییان دەدا. ئاکامی شەڕەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی باری ژیانو بنەمای ئابووری نەتەوەکان.

### ۳. هۆی ئابووریی پێکهێنەری شەڕەکان

بەپێی هیندێك بیروڕای زۆر گرینگ، فاکتەرە ئابووری‌یەکان، هۆکاری بنەڕەتیی تێکڕای شەڕەکانن. تەنانەت هیندێك لەو بیروڕایانە زۆربەی هۆیەکانی هەڵایسانی شەڕ بە شتی رواڵەتیو فریودەر دەزانن. بەوحاڵە: زاراوەی "ئابووری" لەبەر مانای بەربڵاوی لە راستی‌دا تۆوی شكو گومان دەچێنێ.ئەو زاراوەیە لە راستی‌دا بۆچوونی جۆراوجۆرو تەنانەت دژ بە یەك لەخۆ دەگرێ، بۆ وێنە: ئەو شەڕانەی بە هۆی نەداریو برسیەتی یان لەسەر تێریو دەست رۆیشتوویی یان ئێرەییو تەماعو چاوتێر نەبوونی ئیمپریالیستیو یا لە راستی‌دا بە هۆی پێویستی دروست بوون بە تەواوی یان تا رادەیەك لایەنی ئابووری‌یان هەیە.

بێشك هەر بەوجۆرە كە باسمان كردهەموو شەڕەكان بێ لەبەر چاو گرتنی هۆیەكانیان دەبنە هۆی شێواوی ئابووری‌و بە كورتی ئاكامی ئابووری‌یان لـێدەبێتەوە كە بە تێپەڕ بوونی كات سەر هەڵدەدا. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە كە لانی كەم لە لای هێرشبەر، شەڕ ریشەی ئابووری هەیە دەبێ بیسەلمێنین كە لانی كەم هێزی وەجوولە خستنی شەڕ لە مەسایلی ئابووری‌یەوە سەرچاوە دەگرێ.

وا بە نەزەر دەگا كە شەڕەكان تا رادەیەك لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدا دەگونجێن. شەڕ لە نێوان كۆمەڵە سەرەتایی‌یەكان كە ئابووری‌یەكی داخراویان هەبووەو وەك مێرووله هێرشیان كردۆتە سەر جیرانەكانیان بۆ بەدەستهێنانی پاشەكەوتەكانیان. ئەوجۆرە شەڕانە تەنیا شێوە شەڕێكن كە بە تەواوی ئابوورین. بەڵام كاتێك باسی شارستانیەتی پێشكەوتوو دەكەین. شەڕەكان لە ئامانجەكانیان‌و شێوەی پاساودانیان چەند لایەنە دەبن. لەو كۆمەڵگایانەدا قەت پێویستی‌یەكی ئەوەندە فەوری‌و حەیاتی نەبووە. ئایا سەبارەت بە شەڕی تریاك كە لە نێوان ئینگلستان‌و چین رووی داو یەكێك لەو شەڕە بێوێنانە بوو كە ئامانجی ئابووری بووە دەتوانین بڵێین كە شەڕی ناوبراو هەڵقولاو لە پێویستی‌یەكی حەیاتی‌و بەپەلە بووە، شەڕی ناوبراو زیاتر شەڕی زێدەخوازی‌و زیادەرەوی بوو كە دەوڵەمەند كردنی ئابووری بریتانیای مەبەست بوو.

بەڵام بەڕاستی لە چ سەردەمێكدا دەتوانین بڵێین كە شەڕ هەڵقولاوێك لە پێویستی ئابووری‌یە؟ ئایا چاوپۆشی كردن لە سەروەت‌و سامانی زیاتر یان قەبووڵ كردنی ژیانێكی كەمتر لە وەرگرتنی مەترسی‌و رووداوی پێشبینی نەكراوی هێرشێك عاقڵانەتر یان باشتر نیە؟ ئەو پرسیارە هەم دەوڵەتەكان‌و



هەم تاكەكانی كۆمەڵ دەگرێتەوە. ئایا پێویستی‌یەكی ژیان یان وەزعیەتێكی وا هەیە كە مرۆڤ یان دەوڵەتەكان نەتوانن قەناعەت بكەن؟

ئەگەر لێكدانەوەمان هەبێ لەسەر ئامانجی ئەو شەڕانە زۆرتر شەڕە ئابووری‌یەكان ریشەی ئابووری پەیدا دەكەن. سەرمەست بوون لە وەدەست هێنانی هێزو دەسەڵات زۆر زیاترە لە شادی‌و خۆشی لە وەدەست هێنانی سەروەتی زۆرتر. بەڵام ئایا كەسێك كە هێزو دەسەڵات وەدەست دێنێ چاو نابڕێتە سەروەت‌و سامانی خەڵكی دیكە؟

فەرماندەرێكی "بەربەر" دەڵێ: "بەو شمشێرەم تەلاكانی ئێوە وەدەست دێنم." وێنەیەكی دیكە: زۆر جار گوتراوە كە شەڕی ١٩١٤، ئاڵمان هەڵی گیرساند بە هۆی ئەوە كە كێبەركێی ئابووری لەگەڵ زۆربەی هێزە سەنعەتی‌یەكان‌و هەزینەی یەكجار زۆری ئەو كێبەركێیە ئاڵمانی بەرەو هەڵدێرو تێك شكانی ئابووری برد. بەڵام ئەو قسەیە بە رواڵەت پایەو بناغەیەكی پتەوی نیە چونكە ئاڵمان دەی‌توانی خاوەن سەنعەتەكان‌و بازرگانەكان بە دیاری كردنی بەشێكی بچووك لە بوودجەی چەكوچۆڵی سەرەتایی ئەرتەش، خەرجی شەڕ (١٩١٤ـ١٩١٨)دابین بكاو ئەگەر ئاڵمان بەشێكی بچووك لەو وزەو سەرچاوانەی خۆی كە بە دزی‌و دوایی بە ئاشكرا لە نێوان ساڵەكانی ١٩٣٠ـ ١٩٣٩ بۆ هێزی نیزامی بەكاری هێنا ئەگەر بۆ كاری بەرهەم هێنان كەڵكی لـێوەرگرتبایە دەبوو بە خاوەن ئابووری‌یەكی ئەوەندە بەهێز كە لە ئەژمار نەدەهات. زۆر جارانیش بۆ هێندێك لە شەڕەكان زاناترین بیرمەندەكانیش ناتوانن بچووكترین هۆو بەڵگەی ئابووری بدۆزنەوە وەك شەڕی١٨٧٠.

دووجۆرە ناهاوسەنگیی ئابووری دەتوانێ خوڵقێنەری شەڕ بێ. ١ـ نەبوون. ٢ـ زۆر بوون.

له كۆمەڵگای سەرەتایی‌دا كه لەگەڵ بازرگانی‌و پیشەسازی ئاشنا نین هۆی پێكهاتنی شەڕ لەهەژاری‌و نەبوونی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. مێژوو نووسان زۆربەیان ویشك بوونی ئارام‌و هێدی هێدی دەشتەكانی ئاسیای ناوەندی وەكو هۆی سەرەكیی هێرشی مەغوولەكان بۆ وڵاتانی دەوروبەر دەزانن كه بووە هۆی كۆچی ناعیلاجی یان شەڕی توندو خوێناوی‌و گێژاوێكی دروست كرد كه ناوچەكانی دەوروبەریشی گرتەوە. كۆمەڵی دەوارنشینی سەحراو عەرەبستانیش وەزعێكی ئەوتۆیان هەبووە. بەڵام له نێو كۆمەڵی سەرەتاییشدا ئەوانە تایبەتین. له كۆمەڵگای سەرەتایی‌دا زۆر جاران بۆ دیل گرتن یان هەڵكوتانە سەر ژنان، یان به شێوەیەكی بێ‌حورمەتی وڵام دانەوە، رق لێ‌بوون له جیران‌و یان تەنیا بۆ یاری‌و وەرزش شەڕیان ساز كردوە. بەڵام كاتێك باسی كۆمەڵگای پێشكەوتووی تێكەڵاو دەكەین زۆر به دژواری دەتوانین نەداری‌و برسیەتی له ریزی یەكەمی هۆیەكانی شەڕ دابنێین. بۆ نموونە: ئاڵمان دوای شەڕی ١٩١٤ـ و شەڕی دووهەمی جیهانی بوو كه برسیەتی‌و قاتوقڕی رووی تێ‌كردوەو ئەو كاتە بوو كه ئاڵمان داوای ئاشتی دەكرد.

ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدا ئەو كات كه دەوڵەتەكان تێرو پڕ‌و زۆریان هەیە زیاتر شانیان له شەڕ دەخورێ تا ئەو كاتەی كه نەدارو برسین. ئەگەر قبووڵ بكەین كه تەداروكاتی شەڕ تەنیا به هەبوونی زیادە بەرهەم دەگونجێ، ئەو كاتە بۆچوونەكەمان زیاتر شایانی تێگەیشتنە. دەتوانین بڵێین ئەو كات شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێ‌كرد ئاڵمان دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ئورووپایی بوو. چونكه هەموو سەرچاوەی پاشەكەوتی چەكوچۆڵی لەبەر دەست دابوو یان به واتایەكی دیكە له ژیانێكی ئاسوودەدا دەژیاو لەباری بەرهەم هێنانی كەلوپەل بۆ ماوەیەكی كورتیش بێ زاڵترو دەست رۆیشتووتر



بووە له وڵاتانی دیكه. شەڕە ئیستعماری‌یەكان لەوانەش سەرنج راكێشترن. ئەو شەڕانە هەموو كاتێك له لایەن دەست رۆیشتووەكانەوە به دژی وڵاتانی هەژارو دەست كورت بەڕێوەچووە.

له شەڕە ئیستعماری‌یەكان‌دا دەوڵەتە ئورووپایی‌یەكان لەوپەڕی دەوڵەمەندی‌و ئارامی‌دا بوون كه هێرشیان كردوە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵات كه تووشی سەر لێشێواوی‌و نسكۆ هاتن. ئافریقا هەروا له دۆخی وەحشی‌و بەربەری‌دا مابووەوە كه ئورووپایی‌یەكان هێرشیان بۆ كرد. رۆمیش لەوپەڕی توانای ماڵی خۆی‌دا بوو كه وڵاتی گوڵ "رنانی"و "داسی" داگیر كرد.

ئەو شەڕانەی كه بۆ وەدەست هێنانی بازاڕی فرۆش بەڕێوەچوون لەو دەستە له شەڕەكان‌دا قەرار دەگرن كه بەهۆی دەوڵەمەندی‌و دەست رۆیشتوویی هەڵگیرساون. ئەگەر پرسیار ئەوە بێ چۆن لەسەر تێری‌و دەست رۆیشتوویی شەڕ ساز دەبێ. بۆ وڵام دەبێ بڵێین ئەو شەڕانە زەمانەتی ئەوەن كه نەتەوەیەك زیادە بەرهەمی هەبێ‌و بۆ فرۆشی ئەو زیادە بەرهەمە له دەرەوەی سنووری خۆی به دوای بازاڕدا بگەڕێ.

هێندێك له ئابووری ناسان شەڕی ١٩١٤ هەتا ئەو جێگایە كه پێوەندی به ئاڵمانەوە هەیە به شەڕێك دەزانن بۆ وەدەست هێنانی بازاڕی فرۆشی بەرهەمە سەنعەتی‌یەكان كه ئەوكات زۆر له مەسرەفی نێوخۆیی زیاتر بووو له هەمان كاتدا، هەڵایسانی شەڕیان له كەم بوونی كەرەسەی خاوو كەرەسەی خۆراكی كه پێویستی ئاڵمان بوو زانیوە. كاریگەری ئابووری لەسەر شەڕ دوو لایەنەیەو زۆر جارانیش دژ بەیەك.

فریدریك ئینگلس دەڵێ: "توورە بوون‌و هەڵچوون خۆ ویست نیە، بۆ كرداری هەڵچوون‌و توورە بوون هەلومەرجی پێشەكیی عەینی زۆر پێویستە یان به

واتایەکی دیکە هۆکاری پێویستی دەوێت..." بەڵام ئێمە بە پێچەوانەوە دەڵێین کە بوونی چەك هەر ئەوەندە بەس نیە کە نەمانهەوێ بەکاری بێنین. تەنانەت دەڵێین ئەگەر ئەو هەستە شەڕانێیەمان نەبوایە مرۆڤەکان بە جێگای ئەوەی هێزی بەرهەم هێنانی خۆیان لە رێگای دروست کردنی تانكو تەیارە بۆمب هاوێژەکان بە فیڕۆ دابایە لە رێگای درۆست کردنی کەرەسەی ژیانو ئامرازی گەڕانو خۆشیو سیاحەت بەکار بردبایە، ژیانو دنیا چۆن دەبوو؟ ئەگەر کاریگەرییەکی روودەڕروو لە نێوان تکنیكو هەڵچووندا هەیە بە نەزەری ئێمە ئەوە تکنیك لە خزمەتی توورە بوونو هەڵچوون دایە چونکە هەستی شەڕخوازی مرۆڤەکانە لە پێشدا چەك بەرهەم دێنێو لە دواییدا بەکاری دێنێ.

### ٤ـ شەڕەکانو هەلومەرجی ئابووری

لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە شاهیدی سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییە یەك لەدوای یەکەکان. گرینگیی رۆژ لەدوای رۆژی کەرەسەی بەرهەم هێنان بۆتە هۆی ئەوەی کە تا رادەیەکی زۆر لە بواری سەنعەتی ماشێن سازیو دامەزراوەکاندا سەرمایە وەگەڕ بخرێ. بە داخەوە سەنعەتی شەڕ بە تەواوی هەمان سەنعەتی دروست کردنی کەلوپەلی بەرهەم هێنانن کە زۆربەیان لە سەنعەتی ئاسنو تا رادەیەکی بەرین دامەزراوەکانن "رێگاکانی پێوەندیدەری ستراتیژی، بەندەرەکانی شەڕ، قایمو قوڵی سەنگەرەکان، پادگانەکانو...هتد" ئەوە هەمان مەسەلەی کاریگەری شەڕە لەسەر ئابووری کە سێ لایەنی هەیە: ١ـ وەزعیەتی پێش شەڕ. ٢ـ بارودۆخی کاتی شەڕ. ٣ـ بارودۆخی دوای شەڕ.

باشترین وێنە لەسەر بارودۆخی ئابووری پێش شەڕ بارودۆخی ئابووریی ئاڵمانە لە ساڵی ١٩٣٣ تا١٩٤٠. ئەو دەورەیە بە پاشەکەوتی ئیجباری دروست کردنو بەرهەم هێنان، زیادە بەرهەم لە رێگای داواکاری سەنعەتگەری ئاسنو



شیمایییەوە روون دەبێتەوە. ئاکامی ئەوە گەشەکردنی ئابوورییەکی گەورەیە. کار یەکجار زۆرە، حەقدەستەکان چوونەتە سەرێ، کارگاو کارخانەکان بە تەواوی توانایانەوە کار دەکەن، رۆحیەی داهێنانو بەرهەم هێنان بە تەواوی دەچێتە سەرێ، هەموو شتێك سەر لە نوێ دروست دەبێتەوە، وەزعی ژیان لەباری داهاتەوە بە تەواوی گەشە دەکا. هەر ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوە کە بگوترێ: "ئاڵمان هیچ کاتێك وەك سەرەتای دەست پێکردنی شەڕ دەوڵەمەند نەبووە."

بە واتایەکی روونتر کەڵك وەرگرتنی خێرا لە پاشەکەوتەکان تایبەتی وەزعیەتی شەڕە. کارخانەو سەنعەتکارەکان بە تەواوی تواناوە کار دەکەن.وڵاتە بێلایەنەکانیش بە نۆرەی خۆیان بۆ تەداروکاتی لایەنەکانی شەڕ ناچارن زیادە بەرهەمیان هەبێ.

لە ئاکامدا دوای تەواو بوونی شەڕ، وەزعیەتی ئابووری سەر لە نوێ دادەرێژرێتەوەو خۆی لەگەڵ پیکهاتەیەکی ئابووری کە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی بەسەردا هاتوە دەبینێتەوە. لە سەردەمی شەڕ کەرەسەی ئەو بەشە کە کاری دروست کردنی کەلوپەلی بەرهەم هێنەرە بە شێوەیەکی سەیر دەچێتە سەرێ. ئەو بەشە بۆ ماوەیەك بازاڕێکی بەرینو باش لە داڕشتنەوەو ساغ کردنەوەی وێرانێیەکانی شەڕ بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. بەڵام کاتێك ئاوەدان کردنەوە کۆتایی پێهات، وڵات لەگەڵ هەڕەشەی بێکاریو نەبوونی بازاڕی فرۆش رووبەڕوو دەبێ، ئەو کاتەی کە قەیرانو قۆناغی هەڵبژاردن سەر هەڵدەدا“ یا دەبێ بەشێك لە کارو سەنعەت دابخرێ یا ئەوە کە رێگاچارەیەکی ئازایانە بدۆزرێتەوە. هەتا ئێستا لە بەرنامەی چەکوچۆڵسازی کە بازاڕێکی بەرینو بڵاوی هەیە بۆ زیادە بەرهەم لە سەنعەتی ئاسن وەکو رێگاچارە کەڵکی لێ

وەرگیراوە. لە لایەکی دیکەوە، شەڕەکان هەموو کاتێك دەبنە هۆی چوونەسەری نرخەکانو زیاد بوونی مەسرەف، بەو پێیە شەڕەکان لە ڕاستیدا شێوازێکی پێچەوانەی شێوازی قەیرانە ئابووریيەکانیان هەیە.

شەڕەکان پاشەکەوتی کەلوپەلی مرۆڤ قووت دەدەن یان بە واتایەکی دیکە بێکاری ناهێڵن، چونکە بە هۆی وێکەوتنی تەلەفاتو لەدەست چوونی مرۆڤەکان پێویستی بە نەفەرات زیاتر دەبێو هێزی زۆرتری بەرهەم هێنەر دەکەوێتە بازاڕی کارەوە، ئەوە لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی چوونەسەری حەقدەستەکان بە گشتیو بەتایبەتی ڕادەی کارو بەرهەم دەباتە سەرێ. شەڕ بە هەر شێوەیەك بەڕێوە بچێ هەموو کات بازاڕێکی بەرینی کار دروست دەکا. بۆ وێنە: ساڵی ١٩٤٠ ـ ١٩٤٥ لە وڵاتی فەرانسە لە کاتی شەڕدا، جیرەبەندی زۆرەملێ، چاوەدێری نرخەکان، چاوەدێری بەسەر شێوەی بەرهەمهێنانو ڕێکخراوە سینفیو ئینتزامیيەکان بوو بە هۆی ئەوەی رادەی مووچەخۆرانی ئەو بەشانە لە ٧٠٠هەزار کەسەوە لە ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٤٦ بگاتە نزیك بە دوو میلیۆن کەس. بەوجۆرە هەر ڕێڕەوی تایبەتی ئابووری نۆی خێراتر دەکاو بە پێی قسەی (کالین کلارك)و (فۆراستیە) دەبێتە هۆی گەورەتر بوونو قورستر بوونی بەشی سێهەم یانی بەشی کارەکانی ئیداریو فەننی. لە وتەیەكدا ئابووری "هدایت" کراوی شەڕ پێبەپێی بەسیجی نیزامی دەبێتە هۆی بەسیجی ئیداریش. ئەو بەسیجە ئیدارییە چونکە بێ تەلەفاتە لە بەسیجی نیزامی لە خوارەوەترە. بێشك ئەو کاریگەرییە ئابووریيەی شەڕ لە وڵاتانی سەنعەتیدا لە کاتی هاتنە خواری ئابووری درێژ خایەن دەبێتە هۆی بەهێز کردنی ڕۆحیەی شەڕخوازی لە وڵاتاندا.



لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین قەیرانە ئابووریيەکان شتێکی نوێنو تەنیا دوو سەدە لە تەمەنیان تێپەڕبوە بەڵام شەڕ ڕووداوێکە بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ. بێجگە لەوە قەیرانە ئابووریيەکان لە سەرەتا دا تەنیا لە وڵاتانی سەنعەتی وەك ئینگلستانو چەند وڵاتی ئورووپای ڕۆژئاوا سەریان هەڵداو تەمەنیان کەمە.

## لایەنە جەماوەریەکانی شەڕ

### ١. کاریگەریی دانیشتوان لە سەر شەڕ

هەر شەڕێك لایەنی جۆراوجۆری هەیە. بەڵام یەکێك لە لایەنەکانی شەڕ کە کاریگەری‌یەکی بەرچاو لە دوای خۆی جێ دەهێڵێو ئەو کاریگەری‌یە لە سەر هەموو شەڕەکان دەبینین. بە شێوەیەك کە دەتوانین ئەوە بە جەوهەرو نێوەڕۆکی دیاردەی شەڕ دابنین. لایەنی کوشتاری بە کۆمەڵو سازمان دراو بە ئامانجێکی دیاریکراوە، چۆنکە شەڕ بێ کوشتار نیەو شەڕەکان بە کردەوە ئاکامی حەشیمەتیان هەیەو بە کردەوە مەرگو نەمانی مرۆڤەکان شێوەی سروشتی پێ‌دەدا. زانیاری‌یەکی دروست لە خوێندنەوەو توێژینەوە کاریگەری شەڕەکان لە سەر حەشیمەت بە شێوەی خوارەوە دەردەخا.

أ. چوونە سەریی ڕێژەی مردن کە لە تایبەتمەندی ئاماری هەمیشەیی گشتی شەڕەکانن. بەڵام ئەو زیاد بوونە بە پێی شەڕەکانو تەنانەت بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی شەڕێك بە خێرایی لە حاڵی ئاڵوگۆڕ دایەو بە پێی ئاکامی شەڕەکانیش ئاڵوگۆڕی بە سەردای. چۆنکە نێوەڕۆك، ڕادەی زیانو زەرەرێ کە شەڕەکان پێکیان هێناوە بۆ سەرکەوتووو تێك شکاو وەك یەك نیە. لایەنی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەوەدا کە سەربازیە واتایەکی دیکە لاوانی لە دەست داوە، بەڵام قوربانیەکانی شەڕ لەوڵاتی شکست خواردو زیاترە. بە کورتی هەر شەڕێك لایەنێکی تێك شکاوو یا لانی کەم لایەنێکی هێرش بۆ کراوی هەیە. ئەوانە ڕاستی‌یەکانی کۆمەڵن کە شایانی سەرنجن.

ب. شەڕ دەتوانێ لە ڕادەی ئۆرگانە خاپوور کەرەکاندا بێ کە لە ژێر کونترولی خۆمان دان. بەو مانایە کە هەموو ئەو ئورگانانەی کە بۆ هاتنە خواری زاو زێ یا کەم کردنەوەی ڕادەی زیندووەکان تێ‌دەکۆشن. شەڕ کە ئورگانێکی



لە نێو بردنی وشیارانەیە نابێ لە گەڵ هۆی ناوشیارانە کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نین وەك: مردنی غەیرە سرۆشتی بە هۆی برسیەتی‌و یا نەخۆشی‌یەکانی گیراوە لە یەك ڕیزدا دابنرێن.

ت. لە تەواوی شەڕەکان‌دا لە نێوچوونو فیدابوونی لاوان خەسارێکی ڕاستەوخۆیە. شەڕەکان تەمەنی جیاوازیان هەیە. لە ڕۆژگاری زۆر کۆن‌دا ڕەسم وابوو کە کەم تەمەن‌ترین یا گەنج‌ترین کەس بەرەو پیری مەرگ بنێرن واتە مەئمووریەتە قورسو مەرگ هێنەرەکان بەوان دەسپێردرانو ئەوە دابو نەریتێکی کۆنی نیزامی‌یە. لە ڕێکخراوە نیزامی‌یە نوێ‌یەکان‌دا لاوترین کەس بە مانای سەربازانی ئەرتەشێکی چالاك بە ژمار دێنو یەکەم کەسانێکن کە لە هەر شەڕێك‌دا زەربەی ئەوەڵ دەخۆن. ساڵی ١٩١٤ لە یەکەم ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لاوەکان بوون کە کوژران. هێزەکانی هێرشبەر، تیربارچیەکان، تاقمە تایبەتیەکان، پێشڕەوەکان، چەتربازەکانو لە ڕابردوودا هەنگەکانی سوارە نیزام کە مەئمووریەتیان زۆر قورس بوو، هەموو کات لە چینی لاو پێك دەهات. ئاڕایشی شەڕ لە لەشکرە کۆنەکان‌دا لە سێ ڕیزی یەك بە دوای یەك‌دا پێك دەهات کە لە سەر ئەساسی تەمەن ڕێکوپێك دەکراو لاوترین سەربازەکان لە ڕیزی یەکەم ڕادەوەستان یا ئەگەر هێزی سەرکەوتوو بڕیاری نابوودی یەك جارەکی تێکشکاوی داوە دیسان ئەوە هەر لاوان بوون کە تێدا دەچوون. لە کۆمەڵە سەرەتایی‌یەکان‌دا لەو جۆرە حاڵەتانەدا پیاوەکانیان قەتڵوعام دەکردو ژنەکانشیان بە دیل دەگرتو کاتێك میرمنداڵێکی کوڕ لە نێو دیلەکان‌دا بوایە بە پارێزو دوور ئەندیشی هەوڵیان دەدا شێوەی بیرکردنەوەی بگۆڕنو وەك شەڕکەرێکی بەهێز بە قازانجی خۆیان باری بێنن. بۆ وێنە تورکەکانی عوسمانی منداڵانی یونانیان بار دەهێناو دەیانکردن بە سەربازی سوپای ینی چری.

## ٢. کاریگەریی دانیشتوانی شەڕ

شەڕ یەکێك لە شێوە بنەڕەتی‌یەکانی پێوەندی نێوان کۆمەڵگاکانە. ئەوە ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرەو ناتوانین لە ئاستی چاو بنووقێنین. شەڕ بە هۆی ڕێکخراوو ئیداراتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی‌یەوە بەڕێوە دەچێ. شەڕ دیاردەیەکە کە دووپات بوونەوەی هەیە. شەڕ بازنەیە یا لانی کەم وێنەی بازنەیی هەیە بەڵام پڕە لە هێنانە گۆڕی شتی نوێ. هەر بەو پێی‌یە دەتوانین بڵێین کە شەڕ کاردانەوەیەکی یەك لایەنە یا چەند لایەنەی هەیە.

بەڵام کاتێك بابەتی جێگای باس لایەنی جەماوەری شەڕە با بزانین کاردانەوەکە چۆن دەبێ. دەزانین کە ئاکامی سەرەکی شەڕ پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ زیادبوونی مردنو زۆر جارانیش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی زاوزێ. هەر بۆیە دوای هەر شەڕێك کۆمەڵ خۆی بەرەوڕووی کەم بوونەوەی جەماوەری دەبینێ.

" برکسون " زانای فەرانسەوی دەڵێ: " لە هەر شوێنێك شتێك هەبێ کە بتوانێ وزەو سەرچاوەیەکی وەك خۆر لە خۆیدا ڕابگرێو لە دوایی‌دا بە خێرایی بیداتە دەرێو ئازادی بکا ژیان دروست دەبێ ". هێدی هێدی کەڵکە بوونو هەڵچورانی کتوپڕ، تایبەتمەندی فیزیولوژی بوونەوەریی ئێمەیە. نە لێدانی دڵ، نە هاڕینی خواردەمەنی، نە لە دایك بوونو نە مردن هیچیان کردارێکی لە سەرەخۆو ئارام نین. هێندێك ڕەوتی وەك یەك لە ژیانی ڕەوانی ئێمەدا بە تایبەت لە دروست کردندا هەن، سەبارەت بە شەڕیش هەر وایە. شەڕ کردارێکی کۆمەڵایەتی بازنەیی‌و هەڵسوکەوتی هەیە کە زۆر بوونی سەرمایەی ئینسانی لە نێو کۆمەڵو لە دوایی‌دا لابردنی بەشێك لەو سەرمایە لە کاتێکی دیاریکراودا بە هۆی شەڕەوە.



### تایبەتمەندی لایەنی نەتەوە ناسی شەڕ

## ١. شەڕو جێژن

جێژن لە ژیانی هەموو تاقمو دەستەیەکدا ڕۆڵی خۆی هەیە. " دورکیم " نشانی داوە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی‌یەوە ئامانجی جێژن پێکهێنانی یەکیەتی زیاتر لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵە.

جێژن لە ڕوانگەی شارستانیەتە جیاوازەکان تایبەتمەندیەکی نەگۆڕی هەیە.

أ. هەموو کاتێك لە کۆمەڵدا جێژن پێویستی بە وەزعیەتی ئەندامانی کۆمەڵ هەیە. لە " کوربوری" ئوسترالیا جێژن بە هەڵپەڕکێو پانتومیم بەڕێوە دەچێو بەو پێی‌یەش ڕۆحیەی شەڕ بەهێز دەکرێ یا لە جێژنی پێی‌کردنەوە ( پاگشایی ) سوورپێستەکانی " می سی سی پی " یا لە " تام تام " لە ئەفریقاو یا لە یاری‌یەکانی ئولەمپیك ڕێوڕەسمی ئایینی‌یان لێ بەڕێوە دەچێو یا کەڕنەواڵێك کە خەڵك لە دەوری یەك کۆ دەکاتەوە.

٢. جێژن ڕێوڕەسمێکە تێکەڵاو لە گەڵ خەرجو دەست بڵاوی مادی. تاقم یا دەستەیەك کە پێشتر بە تێپەڕ بوونی کات سامانێکیان وەسەر یەك ناوە لە جێژندا مەسرەفی دەکەنو بەرەو نەمانو نابوودی دەبەن. جێژن هەلێکە بۆ نیشان دانی دڵاوایی‌و دەست ڕۆیشتووی‌و بە تێپەڕ بوونی کات ئاڵوگۆڕ بە سەر جێژنەکاندا دێ. جێژنەکان زۆربەی جاران بازاڕ گەرمین بۆ جامبازو دەستبڕەکانو هەلێکە بۆ نوێکردنەوەی جلوبەرگو زێڕو زیو، بانگهێشتنی یەکتر بۆ سەیرانو پێکهێنانی کێ بەر کێی. لە ماوەی ڕێوڕەسمی جێژندا هەموو کاتێك تێدا چوونێکی تێکەڵاو بە خۆ هەڵکێشان هەیە کە هێندێك لایەنی پێوەندیان بە شەڕەوە هەیە. خەڵك بەو زیانو زەرەرەی کە وێیان کەوتوە شانازی دەکەن. ڕێوڕەسمی سەرکەوتن لە لای هێندێك نەتەوە هەموو کاتێك

تێکەڵاوە لەگەڵ جۆری خاپوور کردنی ڕواڵەت، بۆ وێنە ئاور تێبەردانی سیمبۆلیکی تەختی جەمشید لە ڕاستیدا قوربانییەکی بەنرخ بوو کە لە لایەن ئەسکەندەرەوە پێشکەش بە خواوەند کرا. لە ڕۆمدا تەنیا دوای سەرکەوتن ڕێبەرانی ڕێژیم کە لە زیندانی " مامرتین " زیندانی بوون، دەیانخنکاندن.

٣. بەڕێوەبردنی جێژن هەموو کاتێك تێکەڵاو بە لە ژێر پێنانی هێندێك یاساو ڕێسای ئەخلاقیو هێندێك شتی حەرام کراویش لە بیر ئەچنەوە. تەنانەت هێندێك شتی قەدەغە کراویش ئیزنی بەڕێوەبردنیان پێ دەدرێو زۆر جارانیش ڕادەسپێردرێ یا دادەسپێندرێ. پێکهێنەری زۆربەی جێژنە گەورەکان لە کۆمەڵی سەرەتاییدا مەی خواردنەوە بوو کە خوازیاری جووت بوونی لاواز دەکرد. لە ڕۆمدا لە کاتی بەڕێوەبردنی " لوپرکال " جێژنی ساڵانە کە هەموو ساڵێك ١٥ی ژانویە بۆ ڕێزگرتن لە " رب النوع " بەڕێوە دەچوو، کویلەکان خەرمانەکانیان بە سەر ئاغاکانی خۆیاندا لێ دەداو لە کاتی سەرکەوتندا سەربازەکان بێترسو خۆف گاڵتەیان بە ئیمپراتۆر دەکرد.

٤. جێژن ڕێوڕەسمێکە تێکەڵاو لە گەڵ شادیو خۆشی هەموو لایەك، هەڵپەڕکێ، مەی خواردنەوەو سروود خوێندنەوە کە بە دەنگی بەرز نیشانەی توندو تیژییە.

٥. جێژن جۆرێك بێ هەستیو شلی لەش پێك دێنێ، تاکەکانی کۆمەڵ لە کاتی جێژندا ئاگایان لە خۆیان نامێنێو هێندێك کاری سەیرو سەمەرە بەڕێوە دەچێ کە هێندێك جار دەبنە هۆی شێواویو بریندار کردنیش. لە ڕۆژگاری خۆمان لە هێندوستاندا هێندێك لە پیاوە ئاییینییەکان لە ڕێوڕەسمی تەوافو زیارەت " سیوا " لە ژێر عارەبانەی خودادا خۆیان ورد دەکرد.



٦. جێژن لە نێو کۆمەڵە سەرەتاییەکانو تەواوی شارستانیەتە کۆنەکاندا تێکەڵاو بە ڕێوڕەسمە ئایینی دەبن. قوربانی کردنی ئاژەڵان لە هێندێك کۆمەڵدا قوربانی کردنی مرۆڤ هەموو لەو تایبەتمەنییانەن کە لە شەڕدا هەن. دەتوانین بڵێین کە شەڕ جێژنێکی تەواو عەیارە. زاتی شەڕ وێرانییە، وێرانییەك بێ لە بەرچاو گرتنو خۆپاراستن. زۆربەی شێوەکانی شەڕ جۆرێکی ڕواڵەتی لە شەڕن. ئێستا هێندێك لایەنی ڕواڵەتی لە شەڕ دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە کە پێوەندی نێوان شەڕو جێژن دەسەلمێنن.

**تایبەتمەندیی لایەنی جوانیناسانەی شەڕ**

ئەو تایبەتمەندییە پێش لە هەموو شتێك بە ڕێکخستنو داچنینی شەڕکەرەکان نشیان دەدرێ. جوانترین کەرەسەی خۆ ڕازاندنەوە کە مرۆڤەکان لە شارستانیەتە جۆراوجۆرەکاندا دروستیان کردوە بێجگە لەم ٥٠ ساڵەی دوایی نەبێ بۆ ڕازاندنەوەی شەڕەکان بووە. زێڕو زیو، کەرەسەی خۆ ڕازاندنەوە، پەڕەکان، کڵاوی ئاسن، قوماشی ڕەنگاو ڕەنگو هەڵکەندن لە سەر کەرەسەی نیزامی هەموو کاتێك بەشی شەڕکەرەکان بوو. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە کە سەردانێکی مووزەی چەکوچۆڵو جلوبەرگی نیزامی بکەین یا چاوێك بە ئەلبۆمی نیزامیدا بگێڕین.

شەڕکەرەکانی کۆمەڵگای سەرەتاییو شارستانیەتە کۆنەکان هەموو کاتێك شەڕیان تێکەڵاو بە هەڵپەڕکێ بە کۆمەڵ دەکرد. ڕەش پێستەکان پێش حەرەکەت هەموو جارێ بۆ مەئمووریەتی شەڕ هەڵدەپەڕین. ئەو وەزعە لە نێو سوور پێستەکانی ئەمریکای باکوورو هێندییەکاندا باو بوو. لە یونانی کۆنیشدا هەڵپەڕکێی شەڕ بە تایبەت هەڵپەڕکێی " پور هوسی " کە جۆری هەڵپەڕکێ بە چەکەوە بوو بەڕێوە دەچوو.

نێوەڕۆکی شانۆ نیزامییەکان، سان، ڕژە، شانۆی کۆمێدی، ڕێژە بە ئاورەوەو شتی لەو بابەتە زیاد دەکرا بەو هونەر نواندنە. تێك هەڵچوونەکانیش لایەنی جوانکارییان هەیە کە ئەو وەك شانۆ دەنوێنیَ.

**تایبەتمەندی لایەنی خافلاندن شەڕ**

شەڕ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانە هەڵدەبڕێو لە کەشو هەوایەکی مادیو ڕەوانی جیاوازدا قەراری ئەداو پێش لە هەر شتێك سەرچاوەی دڵە ڕاوکێیەکی تایبەتیە. تەنانەت لە دنیای نوێشدا لانی کەم سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕ لایەنی سەرگەرم کردنی هەیە. مرۆڤی بەسیج کراو لە سەرەتادا هەست دەکا کە بە ڕاستی بۆ تێپەڕ کردنی ڕۆژانی پشوو دەچیَ. ئەو لە ژیانی پەستی ڕۆژانەو لە کۆتو بەندی بنەماڵەو کار دوور دەکەوێتەوە. ئیدی بیر لە دانی ماڵیاتو کریَ خانوو ناکاتەوەو بە پێی ساختاری دروست کە لە زەمینەی دانی مووچە کە لە دنیای ئەوڕۆدا هەیە کەمتر زیانی ماڵی ویَ دەکەویَ.

شەڕ شێوەیەکی کۆمەڵگای ماشینی لە نێو دەبا. هێندێك کەسی وەك " ئا. هاکسلی " نووسەری ئینگلیسیو بە تایبەت " لویس مامفورد " نووسەری ئەمریکای لە سەر ئەو باوەڕەن کە بەو هۆیە دەروونناسییەو بەو ڕادەیە کە کۆمەڵگای ئێمە ماشینی بووە دەکەوێتە ژێر سەیتەرەی تەکنیكو ڕۆحیەی شەڕ هەڵایسێنی سەر هەڵ دەداو پەرە دەستێنیَ. " دورکیم " لە کتێبی خۆکوژیو دوای ئەو " هالبواکس " کۆمەڵناسی فەرانسەوی لە سەر ئەو باوەڕەن کە ڕێژەی خۆکوژی کەسانێك کە لە سەردەمی شەڕدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە شەڕدا بەشدار نین بە شێوەی نێونجی دوو سێهەمی زەمانی ئاشتییە.

بە سەرنجدان بەو ڕووداو و شەڕەانەی کە لە ئاڵمان ڕوویان داوە دەتوانین وا بیر بکەینەوە کە ئەنگیزەی شەڕ بە تایبەت لە وڵاتە بە هێزەکاندا لە ژێر



دەسەڵاتدارێتی نیزامیو دیکتاتوری دایە. ئەو شێوەو سیستەمانە یەکیەتی بە سەر تاکەکانی کۆمەڵدا دەسەپێنن، خەباتی سیاسیو کێشەی ئایینیو فەلسەفیو ئەدەبی لە نێو دەبەن، هاووڵاتیان ناچار بە کاری زۆرە ملیو فەرمانبەری کوێرانە لە نەزمی پولیس دەکەن، پێش بە هەر جۆرە نوێخوازییەك دەگرنو هاووڵاتیان چاوکراوە یا نەکراوە بۆ وەدەست هێنانی سەرگەرمی ڕاستەقینە لە نەزەر ڕۆحیو تێك دانی ژیانی یەکدەستو ئاڵوگۆڕ هێنان بە سەر ژیان تەنیا هیوایان بە شەڕ دەبیَ. لە هۆزە سەرەتاییەکان هێرش بردن هەم گەشتو گەڕانێکی پڕمەترسیو هەم کیَ بەر کێی ڕاو زۆر سرنج ڕاکێشتر لە ڕاوی بوونەوەر، تەنانەت دڕندەترین ـ ی ئەوان.

**شەڕو لایەنی پیرۆزی:**

گۆڕانی شێوەی بیر کردنەوە سرنج ڕاکێشترین گۆڕانێکە لە سەردەمی شەڕدا پێك دیَ. کۆت بەندی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بە سەردا دیَ. پیرۆز، ناپیرۆز دەبێو سنوورەکانیان بە خێرایی دەگۆڕدریَ. ئەو ئاڵوگۆڕە پێش لە هەر شتێك سەبارەت بە نێوەڕۆکی خەڵك کوژی ڕوو دەداو کارێك کە بە گشتی لە سەردەمی ئاشتیدا قەدەغە کراوە، لەپڕ لە بەرامبەر دوژمندا حەڵاڵ دەبێو ئیزنی دەدریَ. هێندێك کاری دیکە وەك حورمەتی خاوەندارێتیو هێرش نەکردن بۆ سەر گیانی خەڵك لە بەر چاو ناگیریَ وەك: حەڵاڵ کردنی تاڵانو دەستبەسەرداگرتنی سامانی دوژمن لە شێوە جۆراوجۆرەکانیدا. هەر کە شەڕ ڕاگەیەندرا ئێمە دەچینە نێو دنیایەکی ئەخلاقی دیکەوە.

## دوو بۆچوونی ( پنویت ) دەروونناسانە:

ئەگەرچی نێوەڕۆکی دۆستو دوژمن لە سەردەمی ئاشتی‌دا جیاوازی هەیە، وشەی دوژمن لە سەردەمی شەڕدا دیسان هەمان مانای سەرەتایی واتە دوژمن بە خۆیەوە دەگرێ. دۆستی یا دوژمنی کە لە ژیان‌دا ئاوا دژ بە یەکنو لە حاڵی گۆڕاندان لە زەمانی شەڕدا دەکەوێتە ناسکترین شێوازی خۆی. شێوازێك کە لە پڕدا دەبێتە ڕێگا چارەیەکی یەکجار نالەبارو توندو تیژ. لەو بە دواوە دوژمن دەبێ بکوژرێ، دەبێ لە ڕێگای دۆستان‌دا خۆت قوربانی بکەی. ئیتر هیچ ڕێگایەکی دیکەت بۆ نامێنێتەوە.

" گابریل کارت " ئەو وەزعیەتەی لەسەریەك بە پێی بۆچوونی خۆیو بە ناوی " زۆرانبازی لۆجیکی " خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە، ئەوە وەبیر دێنێتەوە کە کاتێك لە جێگایەك چەندین ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەو جۆراوجۆریە تا کاتێك پێوەندی دۆستایەتی بەرقەرارەو دوژمنایەتی دەستی پێ نەکردوە دەوام دێنێ. بۆ وێنە کاتێك تاقم یا دەستەیەك لە بەر ئابڕووو کەرامەتی خۆیان شەڕ دەکەن تێکهەڵچوون ناتوانێ بەستراوە بێ بە هەمان تەورەی سەرەکی کێشەکەوە کێشەکە لە تەواوی لایەنەکانی خۆی‌دا پەرە دەستێنێو بە خێرایی دەبێتە شەڕی ئابووری، سیاسی، فەننی، فیکریو هتد. بەو شێوەیە چالاکی‌یەکانو باوەڕەکان سەرئەنجام بۆ لای دوو جەمسەری چاكو خراپ دەچن. شەڕ شێوە بیر کردنەوەیەکی دوولایەنە پێك دێنێ.

## ڕێوڕەسمی قوربانی و شەڕ

مرۆڤە سەرەتایی‌یەکان بە شێوەی بیری جۆراوجۆر باوەڕیان وابوو کە بۆ حورمەت ڕاگرتنی خۆیان دەبێ گیانی هێندێك لە بوونەوەران بستێنن، بەو



کارەیان دەگوت قوربانی. بەڵام ئەو ڕایەڵکانەی کە شەڕو قوربانی پێکەوە گرێ دەدەن چنو کامانەن؟

بۆ وێنە هێندێك جار هۆی ڕاستەقینەی شەڕ بۆ " ئازتك "کان یا گەلانی نیشتەجێی ئۆقیانووسیە، زیاتر ڕوویان لە قوربانی‌یەکان بووە کە خواکان لێیان ویستوون. لە هێندێك جێگای دیکەدا بە تایبەت لە لای ئاشووری‌یەکان، لە زۆربەی شەڕە ئاینی یا ئیدیۆلوژی‌یەکان‌دا شەڕ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پێوەندی دەبێ بە قوربانی کردنەوە. لەو جۆرە بابەتانەدا باوەڕ وایە شەڕ جۆرە قوربانی کردنێکی بە کۆمەڵەو لە ئاکام‌دا دەبێتە جێگای ڕەزامەندی خواکان. باسەکانی کتێبی پیرۆزو کتێبەکانی ئاشووری سەبارەت بەو مەسەلەیە زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

سەیر ئەوەیە پەرستشی مردووەکان کە لە ئایینە نوێ‌یەکان‌دا بەرەو لە نێودەچوون لە شەڕدا بە شێوەی ئاشکرا هاتۆتە مەیدان. پەرستشی مردوەکان یەکێك لە ئاکامە خراپە دەروونی‌یەکانی شەڕە. ئەوڕۆکە زۆربەی گەلان لە ژێر کاریگەری هەستی ناسیۆنالیستی دا قبووڵی جۆرێك هەستی نەتەوەیی‌یان کردوە، مەزهەبێك کە بناغەکەی لە سەر پەرستشی ئەو شەڕکەرانە کە لە شەڕەکان‌دا دەکوژران دامەزراوە.

بەو جۆرە کە " نیچە " ئاماژەی کردوە پەرستشی ئەو قارەمانانەی کە چەك بە دەست لە خوێنی خۆیان‌دا گەوزاون بەرە بەرە جێگای پەرستشی قدیسان دەگرێتەوە.

ئێستا پێویستە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی‌یەوە ئەو بابەتە بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە کە ئایا گرینگی ئاڵوگۆڕی ڕێوڕەسمی مەرگو بە تایبەت هاندان بە مەرگو کوشتار لە گەڵ باقی ئاڵوگۆڕەکانی دیکەدا پێوەندی لۆژیکیان هەیە. بە

تایبەت کە ڕەنگە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ تێکشکاو پێوەندی هەبێ بە هێندێك هەلومەرجی حەشیمەتیو ئابووریەوە. بۆ وێنە زۆر جاران دیتراوە کە گەلە ڕاوچیەکان دیلەکانی خۆیان کوشتوە، چۆنکە پێویستیان بەو سەر زەوییانە بووە کە کەسی تێدا نەژیو نێچیر بتوانێ زاوزێ تێدا بکا. بە پێچەوانە لە کۆمەڵگای وەرزێریو جووتێریو سەنعەتکاری کە دابەش بوونی کاری تێدایەو پێویستی بە هێزی کار هەیە، کویلەتی جێگای قەتلو کوشتار دەگرێتەوە. کارایی سیستەمی ماشینی ئێستا پاساوی بەربڵاوی کوشتارە گەورەکانی سەردەمی ئێستا دەداتەوە. لە سەردەمی ئێستادا هیچ بەڵگەیەکی ئابووری بۆ پاراستنو ڕاگرتنی سەرمایە مرۆڤیەکان کە هەموو کات پێویستن لە ئارادا نیە.

لە ئاکامدا هەر بەو جۆرە کە بەرزترین شێوازی بە دەسەڵات گەیشتن، بە دەست هێنانی حەقی کوشتنی کەسانی دیکەیە. زۆر جاران ئەرزشو بایەخی هەر ئامانجێك بە ڕادەی مەرگو کوشتاری ئەوەوە هەڵدەسەنگێندرێ. هەر باوەڕێك کە شەهیدانو لە خۆبوردوان لە ئاستی سەرەوەدا دانێ سروشتیە کە ئەرزشو بایەخی زیاتر دەبێ. دەبێ بەو خاڵەش ئاماژە بکەین کە تەواوی ئامانجەکان باشترین یا خراپترین نیشانیان داوە کە دەتوانن سەرچاوەیەکی گەورەی لەخۆبردوویی بن. " تروتسکی " کە ویستاری ئازادی چاپەمەنی بوو لە وتوێژێکدا دەڵێ: " ئەو بیرانەی کە خوێنی خۆمان لە بەریان دەڕژێنینە سەر خاك لە ڕیزی ڕاستیە موتڵەقەکان دانو ناتوانین ئەوان لە ڕیزی ڕاستیە نسبیەکاندا بە ژمار بێنینو بە ئاسانی لە تەنیشت ڕاستیە نسبیەکانی دیکەدا دایبنین ". ئەوە وێنەیەکە لە بەڵگە هێنانەوەی مردوو پەرستانە. شیعاری تەڵەفات باشترین بەڵگەیە بۆ حەقانیەتی ئامانجێك.



## تایبەتمەندی دەروونی یەکانی شەڕ

### ١. بەهانەی شەڕ هەڵایساندنو شەڕ فرۆشی

تاقمو دەستەی ئینسانی هێندێکیان بە شەڕ هەڵایسان بە کەیف دێن. ئەو تایبەتمەندیە هەربەو جۆرە کە دەبیندرێ حاڵەتی ڕۆحی کۆمەڵێکە کە زۆربەی ئەندامانی ئەو تاقمە یا لانی کەم بیری شەڕ دەکێشرێن.

تایبەتمەندی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەوەیە کە هەموو کاتێك لە چاوەڕوانی شەڕ دان. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئەوان هەموو کات شەڕخواز بن. کەسێك کە دوێنێ شەڕکەر بووە، ڕەنگە ئەوڕۆ ئاشتی پێ باشتر بێ. ویژدانی کۆمەڵ لە سەر پایەی کام تایبەتمەندیو بەڵگەکان دەبێ کە شەڕ لە کاتێکی دیاریکراودا پێویستی پەیدا دەکا؟ چۆنو لە چ هەلومەرجێکدا ڕێبەرانو خەڵك خوازیاری شەڕ دەبن؟

زنجیرە لێکۆڵینەوەیەك کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوە چوو، دەتوانێ سەرەتایەك بێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئێمە. ئەو لێکۆڵینەوەیە نیشان دەدا کە پێوەندییەکی نێزیك هەیە لە نێوان شەڕ هەڵایسانو "بێوازی"دا. هەستی تێك شکاوی کاتێك لە مرۆڤدا پێك دێ کە لەمپەرێك ببێ بە ڕێگر لە گەیشتن بە ئامانجێك. تووڕەییو هەڵچوونی هەڵقوڵاو لە هەستی تێك شکاوی بە شێوەی شەڕ هەڵایساندن سەر هەڵ دەدا. دیارە هەموو کاتێك هۆی سەرەکی شەڕ هەڵایساندن هەستی تێك شکاوی نیە. بۆ وێنە مووچە خۆرێك لە دەستی بەرپرسەکەی تووڕە بووەو ڕقی دڵی خۆی بە سەر ژنو منداڵەکەیدا دەڕێژێ.

سەرەنجام ئەوە کە ناتوانین باوەڕمان وابێ کە هەموو کاتێك ئاکامی قەیرانە ئابووریەکان دەبێ بە شەڕ.

## سەرچاوەكان:

١- جامعه شناسى جنگ، له نووسينى: گاستون بوتول

٢- فرهنگ علوم سياسى

١) POLEMOLOGIE "پولولۆژى" تێكەڵاوێكه له دوو وشەى يونانى POLEMOS به ماناى شەڕو LOGOS به ماناى لێكدانەوەو ناساندنو لەسەر يەك به ماناى زانستى شەڕەو بريتىيه له خوێندنەوەى وێنەكان، هۆيەكان، ئاكامەكانو بەڕێوەبردنى شەڕ وەك دياردەيەكى كۆمەڵايەتىو ئەم وشەيه ساڵى ١٩٤٦ له كتێبى "صد ميليون مرده" له نووسينى گاستون بوتوڵ دا بەكار هاتوه. "(لاروس) مانگنامەى ژماره ٤٠١ لاپەڕەى ١١"

٢). دوركيم (١٨٥٨ ـ ١٩١٧) كۆمەڵناسێكى بەناوبانگى فەرانسەوىيەو يەكێك له بناخەدانەرانى مەكتەبى كۆمەڵناسى فەرانسەيه.

## شەڕ و ئاشتی [١]

لە یەکەم ڕۆژی مانگی ژوئێن ١٩١٦ سپای ئینگلیس و فەرانسە دژە هێرشێکیان کردە سەر هێزەکانی ئاڵمان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە کە ناوچەیەکی نزیک ڕووباری ("سم" Somme) یان داگیر کردبوو.

شەڕی یەکەمی جیهانی نزیك بە دوو ساڵ بوو کە درێژەی هەبوو و هەرکام لە لایەنەکانی بەرەی شەڕ سەف ئارایەکی توندو تۆڵ و بەهێزی وەك سەنگەر و لەمپەرێکی قائیم و قۆڵیان دروست کردبوو. هیچ کام لە سپاکانی دژبەیەك پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان لە پاشەکشە کردنی ئەویتر بەدەست نەهێنابوو. بەرنامەی "متفقین" لە مەیدانی شەڕی "سم"دا ئەوە بوو کە هێرشێکی گشت لایەنە بەرنە سەر ئاڵمانیەکان و لەو ناوچەیە ناچار بە پاشەکشەیان بکەن. سپای ئینگلیس تۆپ بارانێکی خست و خۆڵی سەنگەرەکانی ئاڵمانیای کرد و بەدوای ئەو تۆپبارانە چڕوپڕە دا بە هەزاران سەرباز لە سەنگەرەکانیان هاتنە دەر و مەودای نێوان خۆیان و سەنگەرەکانی دوژمنیان هێزێکی ئینسانی داپۆشیبوو و ئەو شەپۆلە ئینسانیە بە ڕاکردن و هەرا و هوریا هێرشیان بردە سەر سەنگری ئاڵمانیەکان.

ئەگەرچی زۆربەی سەربازە ئاڵمانیەکان بە هۆی ئاگری توندی تۆپخانە کوژرانو برینداربوون بەڵام زۆربەی سەنگەرەکانیان وەك خۆیان مابوونەوە. هەر بەو جۆرە کە هێرشبەران بەرەوپێش دەچوون لەگەڵ ئاگری بێ بەزەیانەی تفەنگو تیرباری ئاڵمانیەکان بەرەو ڕوو دەبوون. هەروەها تۆپە گەورەکانی سپای ئاڵمان بێ کار دانەنیشتن بەڵکو پشتی خەتی پێشەوە هێرشیان خستە

[١] کۆمەڵناسی گیدنز



بەر ئاگری توندی بێ ئەمانی خۆیان و بە شێوەیەك کە لە ئاسمانی بەرەی شەڕدا بێ پسانەوە باران پریشکی تەقینەوەی گوللە تۆپەکان دەهاتە خوارێ.لە ئاکام دا تەنیا دەستەیەکی بچووك لە هێزەکانی ئینگلیس توانی خەتی پێشەوەی ئاڵمانیەکان بشکێنێ و تا ڕادەیەك بەرەو قوڵای برواتە پێش. بەڵام لە پشت سەری ئەوان هێزی ئاڵمان هەر بە شێوەی پێشوو بە سەر ناوچەکەدا زاڵ بوو، تەنیا ڕادەیەکی کەمی دیکە لە هێزەکانی ئینگلیس توانیان لەبەربەستی ئاگری ئاڵمانیەکان تێپەڕبن و تێکەڵاو بە دەستەی یەکەم بن. لە کۆتای یەکەم ڕۆژی شەڕ لەو بەرەیەدا، سپای ئینگلیس تەنیا توانی لە بەشێکی بچووکی بەرەی شەڕدا پێشڕەوی بکا. کە ئەویش تەنیا یەك "مایل" بوو. بەڵام تەلەفاتی گیانی بۆ هەردوو سپای ئاڵمان و ئینگلیس گەلێك زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو، سپای ئینگلیس ٥٧٠٠ سەرباز و سپای ئاڵمان٨٠٠٠ سەربازیان لە دەست دابوو. هێرشی سپای ئینگلیس بۆ سەر سپای ئاڵمان لە نزیك ڕووباری "سم" ڕۆژی ٣ی ژوئێن دەستی پێ کراو ئەو هێرشانە بۆ ماوەی چوار مانگ درێژەی کێشا. سپای ئینگلیس لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا بە ڕادەیەکی بەرچاو توانی بویان لە خەتی بەرەنگاری ئاڵمانیەکان دا پێشڕەوی بکەن کە ئەو هێرشە لە نێوەڕاستی مانگی "نوڤمبەر"دا بەدانی خەسارەتێکی قورس تەواو بوو. بەرەی ئاڵمان تا ڕادەیەکی زۆر وەك خۆی مابوو. زیاتر لە نیو میلیۆن سەربازی "متفقین" و بەو ڕادەیەش سەربازی ئاڵمانی لە شەڕی "سم" دا کوژران. لە مێژووی مرۆڤایەتی دا هیچ تێك هەڵچوونێکی دیکەی نیزامی لە نێوان دووسپادا شك نابەین کە بەڕادەی شەڕی "سم" خەساری ئینسانی بووبێ و بەو ڕادەیەش مرۆڤ لە بەرەیەکی شەڕدا بەشدار بوو بێ. "Wilson, ١٩٨٦".

لە شەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە هەتا ئێستا سەنعەتی چەك و تەقەمەنی پێشکەوتنێکی سەیر و سەرسووڕهێنەری بەخۆوە دیتووە. لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌و تێکهەڵچوونە نیزامی‌یەکانی دوای ئەو دوو شەڕە، نیزامیەکان و غەیرە نیزامیەکان وەك یەك تووشی خەساری قورسی ماڵی و گیانی سەرسووڕهێنەربوون. لەو کاتەوە سەنعەت سەری هەڵداوە، شەڕ بە بارەستایی هەموو ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگاکاندا پەرەسەندنی بە خۆوە دیوە و لایەنێکی دیاری کراوی کۆمەڵگای ئەمڕۆ پێك دێنێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: چۆن و بۆچی شەڕەکانی ئەو سەردەمە گەیشتوونەتە ئەو رادەیە لەسەرکەوتن؟ شەر و ئەرتەش"سپا"چ کاریگەرێکیان لەسەر پەرەئەستاندن‌و گەشەکردنی ڕەوتی کۆمەڵگا لە سەردەمی ئێستا دا بووە؟ چۆن دەبێ شەڕو توانای نیزامی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی‌یەوە هەڵسەنگێنین؟ ئەوانەپرسیار و مەسەلەیەکن کە دەبنە کاکڵی سەرەکی باسەکانمان.



## شەڕ لە ڕابردوو دا :

**کۆمەڵگای کۆن:** لە کۆمەڵگای راووکۆکردنەوە خواردەمەنی و فەرهەنگی جوتیاری بچووکدا شەڕکەری بارهاتوو نەبوو و ئەگەر هەبوایە ڕادەیان زۆر کەم بووە. ئەگەر تێك هەڵچوونێك لە گەڵ لایەنێکی بەرهەڵستکار رووی دابایە هێندێك یا هەموو ئە و پیاوانەی کە توانای شەڕیان بوایە کۆدەبوونەوە. ئەگەر زۆر لە سەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەین بە ئاکامێکی دڵخواز ناگەین. چونکە شەڕی درێژ خایەن لەو سەردەمەدا ڕووی نەداوە یا ئەگەر ڕووی دابێ زۆر دەگمەنن. چونکە لەو کۆمەڵگایە دا هەر کەس بە شێوەی ئاسایی خەریکی بەرهەم هێنان و کۆکردنەوەی بژێوی ڕۆژانە بووە و بە هۆی ئەوە کە ئێمکانی ئەنبارکردنی خواردەمەنی بە ڕادەی زۆر لە بەر دەست دا نەبووە، هەر بۆیە هیچ دەستە و تاقمێکی واش نەبووە کە شەڕی درێژخایەن بکا. تێکهەڵچوونەکانی نێوان کۆمەڵگا سەرەتایی‌یەکان لە گەڵ تێکهەڵچوونەکانی کۆمەڵگاکانی ئێستا لە بنەڕەت دا جیاوازی هەیە. کۆمەڵگاکانی سەرەتایی هیچ "سپا"و "ئەرتەش" یا هێزێکی شەرکەری سازماندراویان نەبووە. بە مانایەکی دیکە "تکنۆلۆژی" شەڕیان نەبووە. بۆ وێنە: "مەتالی ئاسن، شمشێر یا نەیزەیان نەبووە و لەوە گرینگتر کەمتر خوازیاری ئەوە بوون کە بەسەر کۆمەڵێکی دیکە دا سەر بکەون و بیانهێننە ژێر ڕکێفی خۆیان "١٩٨٥, Otterbein".

هەڵگیرسانی شەڕە درێژخایەن و خوێناوی‌یەکان، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئاشکرای پەرەگرتنی سەرەتای دەوڵەتەکانە. دەوڵەتە سوونەتیە گەورەکان، ئیمپراتۆری‌یەکان بوون کە بەردەوام لە ڕێگای

سەرکەوتنی نیزامی و خستنە ژێر ڕکێفی دەستە و تاقمی لاوازتر لە خۆیان، دامەزراون.

ڕێگای کەڵك وەرگرتن لە ئاسن بۆ بەرهەم هێنانی "زری و چەك" بۆ یەکەم جار لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا سەری هەڵدا. لە نێو دەوڵە سوونەتیکان دا ئەرتەشی تەواووەخت و سازمان دراو هەبوو، بەو مانایە دەستەیەك لە پیاوانی شەڕکەر و بەهێز لە ژێر دەسەڵاتی ئەو جۆرە دەوڵەتانەدا بوون. لەو کۆمەڵگایانەی کە سامان و هێزیان پەیوەست بوو بە حەرەکەتی دەریایی یانی بەسترابووە بە دەریاوانیەوە، شەڕکەری تایبەتی دەریاییان هەبوو. ئەرتەشەکان و هێزی دەریایی بە شێوەی ئاسایی بچووك بوون و زۆرتر کاریان پاراستنی "بارەگا و بنەماڵەی پاشا یا ئیمپراتۆر بوو. ئەرتەشە گەورەکان بە گرتنی سەرباز لە جوتیاران و پێك هێنانی یەکیەتیی لەگەڵ فەرماندەگەلی نیزامی دیکە پێکهاتن.

کۆمەڵگا سەرەتاییەکان زۆربەیان لە زریو چەکی دروست کراو لە "برنز"کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام شەڕکردن هەموو کاتێك لە گەڵ پێشکەوتنی تکنۆلۆژی بەو جۆرە کە ئێستا هەیە هاوئاهەنگی بووە. درووست کردنی چەك و زرێ بە هۆی سەنعەت گەرانی لێزان ماوەیەکی زۆری دەخایاند، تەنیا یەك جار ئەو چەکە دروست دەبووکە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ کەڵکی لـێ وەردەگیرا و هەموو کاتێك لە بەراورد کردنی ڕادەی چەك سازان لە گەڵ ڕادەی سەربازان، ڕادەی چەك سازان زۆر کەمتر بوو.

تواندنەوەی ئاسن، نزیك بە ١٤٠٠ ساڵ پێش لە زائین دەستی پێ کردوە، چەکە ئاسنینەکان هەرزان بوون و بەشێکی زۆر لە پیاوان دەکرا،خاوەنی چەك و هێندێك جار زرێشیان هەبێ، بێ ئەوەی کە سەربازی تەواو کات بن.



پێش لە سەدەکانی١٦ و ١٧، چینیەکان و مەغولەکان لە ڕوانگەی نیزامیەوە بە هێزترین شارستانیەت بوون. چینیەکان لە بواری کەرەسەی نیزامیەوە زۆر لە ڕۆژئاوایەکان پێشکەوتوتر بوون. بەلگەکانی پێوەندیدار بە دوو قۆرخانەی حکومەتی چین لە کۆتایەکانی سەدەی یازدەهەم دا نیشانمان دەدا کە ئەوان ساڵیانە ٣٢٠٠دەست زریێ شەڕیان بەرهەم هێناوە کە ئەوە بۆ خۆی نیشاندەری پەرەگرتووی بەربڵاوی نیزامی ئەو وڵاتەیە." Need ham. ١٩٧٥"

چینیەکان یەکەم نەتەوە بوون کە کەڵکیان لە باروت وەرگرتووە و یەکەم تۆپیان سازکردوە. کەشتیەکانی ئەوان بۆ دوور دەستەکان سەفەریان کردوە و مەودایەکی گەڵێك زۆریان بڕیوە. ساڵی ١٣٧١ ئیمپراتۆری چین بە فەرمانێك بازرگانی دەرەکی قەدەغە کرد. بەو فەرمانە ئەو سەفەرانە کۆتاییان پێ هات و چینیەکان پاشەکشەیان بۆ نێو وڵاتی خۆیان کرد. ئەگەر ئیمپراتۆری چین ئەو سەفەرانەی قەدەغە نەکردبایە ڕەنگە مێژووی داهاتووی دنیا بە شێوەیەکی دیکە بوایە. تەنیا دوای ماوەیەکی کورت ئوروپاییەکان سەفەرە توێژینەوەییەکانی خۆیان دەست پێ کرد کە لە ڕاستی دا بناخەو بنچینەی پەرە گرتووی دەسەڵاتی ڕۆژئاوای دەستەبەر کرد.

**شەڕ لە ئوروپا و موستەعمەراتی "کۆلۆنیاکی" ئەودا :**

پەرەگرتنی ئابووری ئوروپا، هاوکات لە گەڵ ڕوودانی ئاڵوگۆڕ لە ڕێکخستنی نیزامی و تکنۆلۆژی دا دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی بەرەو سەرکەوتنێکی جیهانی پەلکێش کرد. شەڕەکان و تێك هەڵچوونەکان ڕۆلی سەرەکیان هەبووە لەپێکهانی نەقشەی جیهان دا. لە نێو خۆی ئوورپا هێزی نیزامی هۆکارێکی بنەڕەتی بوو لە مان و نەمانی دەوڵەتەکاندا. لە ساڵی ١٥٠٠ لە

ئورووپادا زیاتر لە ٥٠٠ دەوڵەت هەبوون، لە ساڵی ١٩٠٠ ئەو ڕادەیە بوو بە ٢٥ دەوڵەت "Tilly ,١٩٧٥". هەروەها شەڕ لە سەردەمی ئێستا دا یارمەتیدەر بووە بۆ پێك هاتنی سنوورەکان، بۆ وێنە، لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا ئاڵمان بوو بە دوو وڵات، ئاڵمانی ڕۆژ ئاوا و ڕۆژهەڵات.

سەرکەوتنی ئورووپاییەکان لە هێرشکردن بۆ شوێنەکانی دیکەی جیهان لە بنەڕەتەوە بەسترابووە بە ڕێکخستنی نیزامی و چەکی پێشکەتووی ئەوان. سوور پێستەکانی ئەمریکا تەنیا بە شێوەیەکی پرشوبڵاو توانیان پێش بە داگیرکەرانی سپی پێست بگرن. شەڕ لە نێو ئورووپاپایەکان دا هۆکارێکی گرینگ بوو لە سەر پێکهاتن و شێوەی ئیدارەکردنی یەکە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی ئەمریکا لە باکوورو باشوور. لە هەمان کات دا ئیسپانیەکان و پورتوغالیەکانی ئەمریکای باشوور و ناوەند لە نێوان خۆیان دا دابەش دەکەن. شکڵ و شێوازی کۆمەڵگای ئەمریکای باکوور بە هۆی تێك هەڵچوونی نیزامی لە نێوان ئێنگلیس و فەرانسە، ئینگلیس و خەڵکی خۆجێیی ئەمریکا دیاری کراوە. بۆ وێنە خەسڵەتەکانی نەتەوەیی و قەومی کانادا دەتوانین لە بەجێ مانی فەرهەنگێکی کانادایی فەرانسەوی لە ناوچەی "کیک" کانادا دا هەست پێبکەین. سەرکەوتنی خەڵکی مستعمەرەنشینی ئەمریکا لە شەڕی ناوخۆی دا و زاڵبوون بە سەر حکومەتی بریتانیادا مان و پەرەگرتوویی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەستەبەر کرد.

**پیشەسازی بوونی شەڕ:**

لە سەرەتای سەدەی ١٨ بەدواوە، هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتە گەورەکان بە شێوەیەك کە لە پێشتر دا وێنەی نەبوو پەرەیان گرت، شتێکی سروشتیە کە ئەو مەسەلەیە تا ڕادەیەکی زۆر هەڵقولاو لە زیادبوونی حەشیمەت بوو.



ئەرتەشی گەورە گەورە پێك هاتن کە لە واندا سیستمی سەربازگیری پەرەگرتوویەکی زۆری بە خۆیەوە دیبوو. ئەوەی گرینگی هەبوو ئەوە بوو کە ناوەڕۆکی ڕێکخستنی ئەرتەش لە بنەڕەتەوە ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتبوو "Mcneill, ١٩٨٣".

سەربازان کەوتنە ژێر بارهێنانی ڕێك وپێك، ودیسپلینی نیزامی هاتە ئاراوە، ئەرتەشەکانیش وەك ڕێکخراوەکانی دیکە یاسا و ڕێسای بۆ داندرا. کادری ئەفسەری بە شێوەیەکی بەرچاو بوو بەحیرفەیی. شەڕیش ڕاستەو خۆ لەگەڵ سەنعەت گرێ درا و تکنیکەکانی سەنعەتیش خێرایەکی زۆریان دا بە بەرهەم هێنانی هێزی ماڵ وێرانکەری چەك و تەقەمەنی. ئەو دەسکەوتانە زۆرجاران بە ناوی سەنعەتی بوونی شەڕ ناودێر کراون. لەساڵی ١٨٦٠ کارخانەی چەك سازی "وولویچ" "Woolwch"لە لەندەن بەرهەم هێنەری ئەسڵی پێداویستیەکانی ئەرتەشی بریتانیا بوو کە دەیتوانی ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار گوللە و لانیکەم هەربەورادەیەش فیشەکی کامل بەرهەم بێنێ. لە حاڵێك دا حکومەتەکان لە کارخانەکانی چەکسازی خۆیان کە تایبەت بوو بە بەرهەم هێنانی نیزامی پشتیوانیان دەکرد. خاوەن کارگەکانی سەنعەتیش دەستیان کرد بە بەرهەم هێنانی چەك کە هەم لە نێو خۆی وڵات و هەم لە ئاستی نێو نەتەوەیی دا فرۆشی هەبوو. توجارەتی چەك بە مانایی ئەمڕۆیی لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ وە پێك هات. کارخانە گەورەکانی بەشی تایبەتی کە بەرهەمی لە سەر یەك و تا ڕادەیەك کەمیان بەرهەم دەهێنا گرینگی زۆریان دا بە هێنانە گۆڕی شتی نوێ "نوێ خوازی" لە بواری فەنیەوە کە لەو سەردەمەوە هەتا ئێستا ئەوانە ڕۆڵی گرینگیان لە پەرە گرتوویی نیزامی دا هەبووە.

## شەڕی کامڵ"تەواوکار"

سەنعەتی بوونی شەڕ، تێپەڕبوونی شەڕ لە قۆناخی بەستراو بۆ قۆناخی شەڕی تەواو بە دواوە بوو کە لە بەرەی شەڕی "سم" دا خۆی نواند. پێش لە سەدەی بیستم، تەنانەت ئەوکاتەی کە شەڕی گەورەش ڕووی دەدا بەشێکی زۆر بچووک لە حەشیمەت بەشداریان تێدا دەکرد. سەربازانێك کە ڕاستەوخۆ لە شەڕەکە دا بەشدار بوون هەمیشە ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی ناوچەی شەڕ لا دراویان پێك دەهێنا.

دوو شەڕی جیهانی ڕاست بە پێچەوانەی شەڕەکانی پێش خۆیان بوون چونکە ڕادەیەکی زۆر لە حشیمەتی پیاو لەمەیدانەکانی شەڕدا بەشداربوون و وەرێ خستنی شەڕ بە بەشداری کردنی تەواویەتی ئابووری نەتەوە دەرگیرەکان لە شەڕدا بەسترابووە. شەڕی یەکەمی جیهانی یا "شەڕی گەورە" لە زۆربەی لایەنەوە قۆناخێکی گرینگ لە پەرە گرتنی سەنعەتی نیزامی بوو. ناوی شەڕی گەورە پڕ بە پێستی ئەو شەڕە بوو هەم لە ڕوانگەی ڕادەی وڵاتانی بەشدار لە شەڕەکەدا، لە ئورووپا هەتا ڕووسیە، ژاپۆن و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر بۆیە ئەوشەرە لە مێژووی کۆن دا بێ هاوتا بوو.ڕادەی شەڕکەرەکان یا غەیرە شەڕکەری کوژراو زۆرتر لە هەریەك لە تێك هەڵچوونەکان و شەڕەکانی ڕابردوو بوو.

لە ڕابردوو دا هیچ کات نە بینرابوو کە شەڕ ئاوا بێ پسانەوە بەرێوە بچێ و سەربازان بێ پسانەوە لە ژێر ئاگری چەکەکان دابن، هێندێك تایبەتمەندی شەڕی یەکەمی جیهانی هەتا ڕادەیکی زۆر لەو چوار چێوەیەدا بوو وەك شەڕی سەنگەرەکان. بەڵام لە زۆر بواری دیکەوە ئەو شەرە وێنەیەك بوو بۆ شەڕەکانی دیکەی سەدەی بیستەم. بەو جۆرە کە مێژوو نووسی کۆمەڵایەتی



"موریس پیرتون"دەڵێ: شەڕ لە مەسەلەی تایبەتی بە ئەرتەش وەك تاقمێکی پوختەو لێزان ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ دەبێتە واقعێکی کۆمەڵگا، لە سەر یەك کەڵك وەرگرتنی سنووردار و عەقلانی هێز دەگۆڕێ بۆ توندوتیژیەك کە قابیلی کۆنترۆڵ نیە. "Pear ton , ١٩٨٤, P٣٣".

لە سەردەمی شەڕی گەورەدا دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە زانستی یەکان بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ بۆ پەرەئەستاندنی شێوازی نوێی چەك وچۆڵ بەکار هاتووە. وێنەیەکی ئاشکرای ئەوە دروست کردنی تانك بووە. ( کە بۆ یەکەم جار لە بەرەی شەڕی "سم" دا هاتە مەیدانی شەڕوە" تانکەکان لە سەرەتا دا هەروەك کەشتیە تۆپدارە زرێ پۆشەکان بوون، کە هێنرابانە ویشکایش کەڵکیان لا وەردەگیرا. ئەوان وەك دەڵێن بە "ڕەزمناوی زەمینی" بەناوبانگ بوون.یا بە زمانی باو، بە ئەژدەهای ماتۆری، قەلای بەجوڵە ناودێر کرابوون. ئەگەر چی کاریگەری تانگەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا کەم بوو بەلام لە دوایی دا لە شەرە زەمینیەکاندا رۆلی بنەڕەتی و سەرەکیان گێرا. دوای شەڕی گەورەی "یەکەمی جیهانی" بەرنامەکانی پەرەگرتن و لێکۆڵینەوە کە بەرهەم هێنانی تانك‌و ماشینە نیزامی‌یەکانی دیکە بوون کە بەشێك لە ئەوانی پێك دەهێنا بە شێوەیەکی بێ پسانەوە بە ڕێوە دەچوو.

سێ گۆرانکاری تکنۆلۆژی لە سەردەمی ئێستادا لەسەر تواناو هێزی نیزامی کاریگەریان هەیە. بۆ یەکەم جار لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی دا سەریان هەڵدا،لە دایك بوونی چەکی ناوەکی، دروست کردنی موشەکی دوور هاوێژ و کەڵك وەرگرتن لە ڕادار بۆ سازماندانی ستراتیژی، هێرش و دیفاع. ئەوانە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دا هەر سێ پێکەوە کەڵکیان لا وەرگیراوە.

موشەکەکان وا دروست کراون دەکرێ هەڵگری کڵاوەی ناوکی بن‌و بە کەڵکوەرگرتن لە ڕادار یا کەرەسەی "ئێلێکترۆنیکی" هیدایەت بکرێن. هێندێك لە گرینگترین دەسکەوتە فەنی‌یەکانی نیوسەدەی ڕابردوو کاریگەری ڕاستەو خۆیان هەبووە لە سەر ژیانی غەیرە نیزامی‌یەکان. بۆ یەکەم جار لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دا ئەو گۆڕانکاری‌یە لە سەنعەتی نیزامی دا پێکهات و ئەو سەنعەتە کەوتەخزمەت کردن بەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بە پێشکەوتن لە بەرهم هێنانی تەیارەی موسافیر هەڵگری "جێت"و دامەزراندنی ڕایلکەی پێوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری هەر لە ڕێگای تکنۆلۆژێك کە پێشتر لە خزمەت کاری نیزامی دابووە "Milward, ١٩٨٤".

لە ڕوانگەی ڕادەی خەسارەتی ئینسانی بێ شك سەدەی بیستەم شەڕ لێ‌دراوترین و پڕتەلەفاتیرین سەدەکانی مێژووی مرۆڤایەتی‌یە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا هەتا کۆتایەکانی ئەو سەدەیە زیاتر لە ١٠٠ میلیۆن کەس لە شەڕدا کوژراون یانی بە شێوەی نێوەنجی ڕادەی تەلەفاتی ڕۆژانە ڕۆژێ ٣٥٠٠ کەس بەراورد دەکرێ. زۆربەی ئەوکەسانە لە ڕەوتی دوو شەڕی جیهانی‌دا کوژراون. بەڵام بە درێژایی ئەو سەدەیە شەڕ زۆر و کەم بە شێوەی نەپساوە لە گۆشەو کەناری گۆی زەویدا درێژەی هەبووە.

## شەڕو هێرشکاری

هۆی خوڵقانی شەڕ چی یە؟ ڕەنگە وابیر بکەینەوە کە خواستی مرۆڤەکان بۆ شەڕ لە سەر بناخەی مەیلی دەروونی ئەواندا بە هێرش و تەجاوەزەوە هاتووە. ڕەنگە لە ڕاستی دا مرۆڤەکان لە دەروونی خۆیاندا حاواوە بن ئەو مەسەلەیە دەتوانێ ڕۆچنەیەك بەڕووی خاپوورکاری شەڕ دا بکاتەوە بەڵام ئەوەی شایانی پێداگرتن بێ ئەوەیە کە ئەزموون بۆ چوونێکی لەو بابەتە پەسەند ناکا. شەڕ



پێوەندی‌یەکی ئەوتۆی لە گەڵ هۆی پێوەندی هەڵچوونی مرۆڤ دا نیە، ئەگەر چی لە مەیدانی شەڕدا ئیمکانی هەیە بۆ هێندێك کەس وا بێتە پێش کە هەستی دەرندانەی خۆیان دەربڕن و بێجگە لەو کاتانە هەمووکاتێك بە شێوەی نهێنی دەمێنێتەوە. هەڵچوون تایبەتمەندی‌یەکی چالاکی مرۆڤە، بەڵام ڕادەیەکی زۆر کەم لە ئێمە هەستی کوشتنی کەسێکمان لادروست دەبێ و بەرەو وەدیهێنانی ئەو مەبەستە هەنگاو دەنێین. زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە کەسێکی دیکە دەکوژن لە سەردەمی شەڕدا ژیاون و هێندێك لە ئێمە بێ شك ئەو جۆرە کەسانە دەناسین یا لەگەڵیان ڕووبەڕوو بوین. بەڵام ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ئەوجۆرە کەسانە بۆمان شتێکی سروشتی‌یە و لەوجۆرە کەسانە ناترسێن، چونکە دەزانین کە کرداری ئەو کەسانە لە کاتی شەڕدا کە بە تەواوی لە ژیانی ئاسایی دابراون جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوکەسانەی کە ژیانی ئاسایی دەکەن.

هەموو ئەرتەشەکان لە گەڵ بارهێنان و فێرکاریی ئینزباتی سەروکاریان هەیە. بۆ سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕدا پەروەردە، ئامادەگی بەدەنی و یەکیەتیی دەستەیی پێویستە کە سەربازەکان دەبێ فێریان بن و لە گەڵیان باربێن. بەڵام ئەو پەروەردە یارمەتیدەر و لە ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان و تێڕوانینی تاکەکان لە مەڕ خوێنڕێژی بێ ترس و خۆف، بێ دانانی جیاوازی و سڵ کردنەوە لەو کردارەی کە بەڕێوەی دەبا. "گوین دایر" لێکۆڵینەوەیەکی ڕێك و پێك و وردی لە پێوەندی لەگەڵ شەڕ و هەڵچووندا کردووە، بەو جۆرە بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێ: "کاری ئەرتەشەکان لە نیهایەت دا بریتی‌یە لە کوشتن، هەربۆیە بەشێکی گرینگ لە ڕاهێنانی سەربازی فێرکردنی ئەو ڕوانگەیە کە لە کاتی ئاسایی دا ئەو کردارە سنووری هەیە بەڵام لە کاتی تووڕە بوون و هەڵچوون دا پشت گوێ دەخرێ و بەرچاو ناگیرێ. بەشیوەیەك کە لە

هەلومەرجی لەباردا لە بەرامبەر دوژمن دا هیچ سنوورێك لە بەر چاو ناگیرێ و دەبێ ئەو بکوژرێ. زۆربەی زۆری خەڵك کوشتن بکرێ — ئەگەر چی ناوازە هەیە.

شتێك بە ناوی "*سەربازی سروشتی* " هەیە: کەسێك کە زۆرترین ڕەزامەندی لە هاونشینی لە گەڵ پیاوان، سەرکەوتن بە سەر کۆسپی جەستەیی و روحی بەدەست دێنێ، ئەو کەسە هیچ پێویست ناکا مرۆڤ بکوژێ، بەڵام ئەگەر ئەو کارە لە چوارچێوەی ڕەوشت دا ڕوویدا کە پاساوی بۆی هەبێ و یا ئەگەر ئەوە نرخێکە دەبێ بی دا بۆ ئەوە بتوانێ بگاتە ئەوشوێنە کە ئارەزوویەتی ئەوکاتی گەیشتوتە قەناعەتێك کە لە ڕوانگەی ئەوەوە هیچ عەیبو ئیرادێکی نیە ... .

بەڵام لەنێو ئەرتەشەکان دا ئەو جۆرە کەسانە زۆر کەمن و لە ئەرتەشە حیرفەیی‌یەکانیش دا تەنیا بەشێکی بچووك پێك دێنن و زۆربەی ئەوجۆرەکەسانە لە هێزە بەکرێگیراوەکان دا لە جۆری کۆماندۆ دا کۆدەبنەوە، لە ئەرتەشە گەورەکان دا کە لەسەر بناخەی نیزام وەزیفەیە، ئەوان لە ژێر کاریگەری ڕادەیەکی زۆر لە کەسانی ئاسایی تر جێگە دەگرن و ئەرتەشەکان دەبێ ئەو پیاوە ئاسایانە کە لە ڕاستی دا شەڕیان، خۆش ناوێ بۆ شەڕکردن باریان بێنن و هانیان بدەن Dyer, ۱۹۸۵, pp۱۱۷-۱۸ اس. ال. مارشاڵ، سەرهەنگی ئەرتەشی ئەمریکا، لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی دا لەگەڵ کەسانی چوارسەد گوردانی پیادە نیزام لێدوان و چاوپێکەوتنی کردبوو بەو مەبەستەی کە هەڵسوکەوتو دژکردەوەی ئەوان سەبارەت بەشەڕ بزانێ. ئاکامی لێکۆڵینەوەکان مارشاڵی تووشی سەر سوورمان کرد. ئەو گەیشتبووە ئەنجامێك کە نیشاندەری ئەو ڕاستەیە بوو کە تەنیا ۱۵ لە سەدی سەربازان لە مەیدانەکانی شەڕدا تفەنگەکانی خۆیان تەقاندووە، تەنانەت ئەو کاتەی کە



سەنگەرەکانیشیان ڕاستەوخۆ لەژێر ئاگری دوژمن دابووە و گیانیان کەوتۆتە مەترسی تەقەیان نەکردوە. ئەو لێکۆڵینەوە هەم کەسانی پیادە نیزامو فەرماندەکانی سەر سووڕماو کرد چونکە هەرکام لەوان لە لای خۆی وای دانابوو کە ئەوە تەنیا خۆیەتی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکەی خۆی دەبوێرێ چونکە ئەوان تەنیا ئەو کاتە تفەنگەکانیان تەقاندوە کە ئەفسەرەکانیان حوزوریان هەبووە بەڵام کاتێك کە بە تەنیا بوون لە تەقاندنی تفەنگەکانیان خۆیان دەبوارد. بێ مەیلی ئەوان بە تەقەکردن هیچ پێوەندیەکی بە ترسەوە نەبووە بەڵکوو دژکردەوەیەك بوو لە بەرامبەر ویستی کوشتن بە تایبەت لەو کاتەدا کە هیچ پێویستیەك بە کوشتن نەبووە. "marshal, ۱۹۹۷" بەو پێیە، هەڵگیرسانی شەڕ ڕاستەوخۆ لە هەڵچوونی مرۆڤەوە سەرچاوە ناگرێ، ڕیشەی شەڕ و زۆربوونی‌شەڕەکان دەبێ لە هۆکاری دیکەدا بە دوای دا بگەڕێن. گرینگ ترین هۆکاری سەر هەڵدانی شەڕ ئەوەیەکە کۆمەڵگا پشت ئەستوور بە دەوڵەتە. لە دەوڵەتە سوونەتی‌یەکان ڕابگرە هەتا دەوڵەتانی سەردەمی ئێستا. هەر بەو جۆرە کە پێشتر ئیشارەمان پێ کرد لە نێوان کۆمەڵگای ڕاوچیەتی و کۆکردنەوەی خۆراك، شەر مانەیەکی روونی نەبووە . تێك هەڵچوونی چەکدارانەی ئەوان بە هەراو هوریا و حەرەکەتی پڕجۆش وخرۆش دەستی پێدەکرد کە زیاتر وەك وەرزش دەچوو هەتا لەو جۆرە شەڕانەدا خوێنڕێژی دەگەیشتە لانی کەمی خۆی بێ ئەوەی ئانقەستێك لە کاری ئەوان دا بێ. بە پەرەگرتنی کۆمەڵگای گەورەتر کە خاوەنی شێوازی جۆراوجۆر بوون لە دەسەڵاتی ناوەندی دا، بارودۆخەکەی ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات. ئەرتەشەکان دامەزران و ئینزیباتی نیزامی پێك هات، لەو کاتە بەدواوە سەدان و بگرە

هەزاران کەس لە دەستەی ڕێك و پێك و بە ئینزیبات دا ڕێکخران و هاتنە گۆڕەپانی کردارەوە و لە مەیدانەکانی شەڕدا ڕووبەڕوی یەکتر بوونەوە.

شەڕ، لە دنیای دەوڵەتەکان دا کە کەرەسەی توندوتیژی نیزامیان لە دەست دایە، هەموو کاتێك ئەگەری هەڵگیرسان و دەست پێیکردنی هەیە، ئەگەرچی ئەو ڕووداوانە کە خێرایی دەدەن بە تێك هەڵچوون و شەڕکان جیاوازن. شەر کردارێکە کە کاتێك ڕوودەدا و دەولەتەکان رووبەروی یەکتر دەبنەوە کە ناتوانن کێشەکانیان سەرکەوتوانە لە ڕێگای وتووێژ و دیپلۆماسیەوە چارەسەر بکەن. ئیمکانی هەیە دەوڵەتێك بە هۆی ئەوە خوازیاری بەدەستهێنانی کانگەی ژێر زەوی یا خستنە ژێر چاوەدێری ڕێگایەکی ئاوی گەورە و یا لە وێکەوتنی ئیدئۆلۆژی یا ئایین و مەزهەب تووشی شەر بێ. بۆ هەڵگیرسانی شەڕ تەنیایەك هۆکار نیە بەڵکوو هۆکاری جیاواز هەیە.شەڕ تاقیکاری کۆتایی هێزە لە گۆڕەپانی نێو نەتەوەیی دا.

بەناوبانگ ترین تیئوریێسی شەڕ، بیرمەندی ئاڵمانی سەدەی نۆزدەهەم "کارل فون کلاسونیس" بە چاکی قامکی لە سەر ئەو مەسەلەیە داناوە زۆر بە ڕوونی لە رستەیەکی بەناوبانگ دا گوتوویەتی شەڕ تەنیا کردارێکی سیاسی نیە، بەڵکە کەرەسەیەکی سیاسی ڕاستەقینەشە، درێژەی ئاڵ و وێری سیاسیەیە، بەڕێوەبردنی هەمان ئامانج بە کەرەسەیەکی دیکەیە "Glausewtz, ١٩٠٨ p.٨٥"

## وێنەکانی ڕێکخستنی نیزامی

واژەی ئینزیبات"دیسیپلین" لە ئەسڵ دا بەمانای دیاردەی فێربوونە. ئەو واژەیە ئێستاش جاروبار بەو مانایە بەکار دەبرێ. وەك ئەوکاتانەی کە سەبارەت بە "کۆمەڵناسی" یا بابەتی دیکەی زانستگایی وەك "بەشێکی زانستی" قسەیان لە سەر دەکرێ. بەڵام لە ماوەی سەدەی ١٧دا ئەو واژەیە بە



پەروەردەو بارهێنانی نیزامی و کرداری کۆنترۆڵ کراوی ئەو فێرکاریەیە گوتراوە. وێنەکانی ئیستانداردی ڕێکخستنی نیزامی پێش لە هەر وڵاتێك لە هۆڵەند پێك هات و لە دوایی دا زۆر بە خێرایی سەرانسەری ئوروپایی گرتەوە. موریس Maurice شازادەی ئۆرانژ (١٦٢٥ – ١٥٦٧) یەکەم ئاکادیمی نیزامی لە ئورووپا دامەزراند، ڕاهێنانەکانی ئەو لە ساڵانی دوایی لە سەرانسەری قارەی ئورووپا دا بە شێوەی ڕوون و ئیستاندارد کەڵکی لێ وەرگیرا. مانای نوێ "یونیفۆرم" و "ئینزیبات" یش دەتوانی لە ڕاهێنانەکانی ئەودا بەدوایدا بگەڕێی.

واژەی یونیفۆرم لە سەرەتا دا تەنیا یەك "سیفەتی" بوو. بەڵام وردە وردە و بە تێپەڕبوونی زەمان کە پۆشینی جلێ وبەرگی یەك ڕەنگ و وەك یەك لە ئەرتەشەکان دا بوو بە شتێکی باو و شێوەی "باو"ی بە خۆیەوە گرت. پێشتر سەربازەکان چۆنیان پێ خۆش بوایە ئاوایان جل و بەرگ دەپۆشی،بە درێژای سەدەی ١٧هەم، پۆشینی یونیفۆرم لە نێو هەمووان دا بە تەواوی بوو بە ڕەسم و جێی گرت. هەروەها "موریس شازادە" قەدەم ڕۆی ڕێكو پێ هەڵهێنانی سەربازەکانی هێنا کایەوە، و زنجیرەی فەرماندەیی لە ژنراڵەکانەوە بگرە هەتا سەربازەکان داهێناو ئەرتەشێکی مۆدێلی بۆ پەرەپێدانی بۆرۆکراسی لە فریاگوزاری ئیداری و ڕێکخراوەکانی دیکە دا پێك هێنا "defeld, ١٩٧٧" لەو سەردەمە بە دواوە، ئەرتەشە جێگیرە گەورەکان لە کەسانێك کە دەیان توانی دەورەیەکی خزمەتی حیرفەیی تێپەڕ بکەن پێك هات و فۆرمی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای ئێستای بە خۆوە گرت.

هەتا سەرەتایی سەدەی ١٩ پێکهاتەی ئەفسەرەکان یا لە چینی ئەشراف یا بەکرێگیراو بوون. لە ڕوانگەی دەستەی یەکەمەوە واتە ئەشراف، شەڕ هەتا سەرەتای سەدەی ١٩ حاڵەتی جۆرێك لە خافڵاندن و یاری هەبوو. لە حاڵێك دا

لە ڕوانگەی دەستەی دووهەمەوە واتە کەسانی بەکرێگیراو، شەڕچالاکی‌یەك بوو کە بە خاتری قازانج و بەهرەی مادی بەڕێوە دەچوو. ئەفسەرانی بەکرێگیراو گوێڕایەڵی فەرمانی هەر فەرماندەیك بوون کە پارەیان پێ دابان. چاکسازی نیزامی دەوڵەتی "پرۆس" لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بوو کە یەکەم هەنگاوەکانیان لە بواری حیرفەیی کردنی ئەفسەرەکانیان کە بە شێوەی سیاسەتی جێگیر کردنی ئاشکرا لە ڕێگای تاقی کاری و هەڵسەنگاندنی زانیاری ئەفراد بۆ بردنە سەری پلەوپایە بەڕێوەیان دەبرد. ئەگەرچی لە سەرەتا دا بەشێوەیەکی نارێك بەڕێوە دەچوو بەڵام هەتا ساڵی ١٩٠٠ هەموو وڵاتانی گەورەی ئورووپایی و هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕوسیە، تەواوی فێرگە نیزامی‌دا بەکەڵك وەرگرتن لە شێوەی جێگیرکردن و بردنە سەری پلە بە شێوەی بۆرۆکراتیك دامەزران.سەربازان بریتیی بوون لە کەسانێك کە بە مەبەستی خزمەت لە کاتێکی دیاری کراودا لە ژێر فەرمانی فەرماندەکانیان دا خزمەتتیان دەکرد و وەك کادری نەگۆر دادەمەزران. لە سەردەمی شەڕ یا ئەو کاتە کە مەترسی شەڕ هەبوو، سەربازانی زۆرەملێ دەبوایە بە وانەوە زیادبکرێن. دەوڵەتەکان بە پەرەگرتنی ئاگری شەڕەکان لە نێوان ئەوانەی مەشمولی خزمەتی سەربازی بوون دەستیان بە سەرباز گیری کرد. ئەو شێوەیە بۆ یەکەم جار لە فەرانسە بە ڕێوەچوو، لە ساڵی ١٨١٣ ناپلئون توانی ئەرتەشێکی یەك میلیۆن و سێ سەد هەزار کەسی بانگهێشتن بکا." Finer, ١٩٧٥".



## سیستمی ئەرکی گشتی

بریتیی بوو لە دەورەیەکی دیاری کراوی سەربازی زۆرەملێ کە تەواوی پیاوانی لاوی تەمەن ١٨ لە وڵاتدا تێدا بەشدار دەبوون "دیارە ئێستاش لە زۆربەی وڵاتان دا ئەوە بەڕێوە دەچێ" ئەوە ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بوو. گرینگی ئەو مەسەلەیە بۆ هەموو کەس دەرکەوتبوو کە دەبێ بەشداری ئەو شەڕانە بکەن کە بۆ ئامانجی نەتەوەیی بەڕێوە دەچوو. پێویستی سەربازگیری لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە یەکێك لە هۆکارە گرینگەکان بوو کە پیاوان بە گشتی ببنە خاوەن مافی دەنگدان. بێجگە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا، تەنیا لە سەدەی ٢٠ دا بوو کە مافی دەنگدان بە گشتی بۆ پیاوان دەستە بەر کرا.

ئەرتەشەکانی ئێستا لە ڕێکخراو گەلێکی بۆرۆکراتیك پێك دێن کە چەندین ئەفسەری خاوەن پلەو پایە تەواو کات کاری تێدا دەکەن . واژەی ئەفسەر و خاوەن پلەو پایەکان جێگایەکی وەك یەکیان هەیە و بە پلە یا بەرپرسایەتێك دەگوترێ کە کەسانێك لە ئیدارەیەك دا پێکەوە کار دەکەن بە دوای یەك دا پلە بەندی و دیاری کرابن. لە ئەرتەش دا هێندێك کەسایەتی هەروەك باوە گرینگی تایبەتیان هەیە. دابەش کردنی پلە "دەرەجە" زۆربەی جاران لە سەرانسەری لقەکانی ڕێکخراوی نیزامی‌بە پێی پلەبەندی بەڕێوە دەچێ بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوە تا چ ڕادەیەك ئەو سازمانە گەورەیە یا پرسنلی بەربڵاوە. لە لایەکی دیکەوە ڕێکخستنی هێزەکانی چەکدار لە هەڵسەنگاندن لە ‌ گەڵ سازمانەکانی سەردەمی ئێستادا بە تەواوی لێك جیاوازن. هاتنە نێو ئەرتەش، لە جێگایەك کە خزمەتی سەربازی یائەرکی میللی لە گۆڕێ دایە، ناتوانێ لە سەر ویستوداخوازی تاك بێ بەڵکوو ئیجباری‌یە. هەرکەس پێش تەواو بوونی دەورەی خزمەتی

بیهەوێ خزمەت بەجێ بێڵێت چ ئەوانە خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکو خزمەتن و چ ئەوانەی بە پێێ ڕێکەوتن نامەی درێژ خایەن خزمەت دەکەن، هەم دادگای نیزامی دەکرێن و هەم تووشی زیندان دەبن. ئەرتەش ڕێکخراوێکی "بازداشتگاهی"یە کە زۆربەی ئەندامەکانی کاتەکانی ژیانییان لەوێدا تێپەڕ دەکەن. تەنانەت ئەو کەسانەی نیزامین و لە سەربازخانەکان دا دەژین، شوێنێکی ژیانیان بۆ لەبەر چاو گیراوە. لە بواری کردەوە جیا لە خەڵکی غەیرە نیزامی دەژین و نیشتەجێن.

## تایبەتمەندیەکانی سوپای ئێستا

بە بۆچوونی "ساموئێل هانتینگتۆن" ئەرتەشەکانی ئێستا چوار تایبەتمەندیان هەیە:

١ – لێزانین لە بەڕێوەبردنی توندوتیژی دا. تکنۆلۆژی نیزامی گەلێك ئاڵۆز بووە و بۆیە خاوەنی توانایەکی زۆر بە هێزو بەربلاوی کوشتارو خاپورکردن و ئەرتەش لە کۆنترۆڵ و کەڵك وەرگرتنی ئەو تکنۆلۆژیەدا لێزانی تایبەتیی هەیە. شمشێر، کەوان مەتاڵ ئی کەسانێك بوون کە سەربازی پرۆفێشنێل(لیزانو کارامە) نەبوون لە گەڵ ئەوەدا کە ئێمکانی هەبوو هێندێك جار ناچار بکرێن لە خزمەت پاشا یا ئاغایەك دابن. بەڵام لە سەردەمی ئێستا دا ئەو چەکانەی کە لەپاوانی ئەرتەش دان زۆر بە هێزتر لەو چەکانەن کە لە دەستی خەڵکی غەیرە نیزامی دان، بە تایبەتی لە وڵاتێك کە خاوەنی چەکی ناوکی بێ.

**بستراوەیی:** بێجگە لە جوڵانەوە شۆڕگێڕیەکان، هێزە چەکدارەکان لە سەردەمی ئێستا دا لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی دا کە بۆ خۆیان بەشێکن لە ئەو، بەرپرسیارن.



٢– لە فەرهەنگی هێندێك کۆمەڵگای پێش سەنعەتی بوون دا، ڕێبەرێکی نیزامی دەیتوانی لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا یەکیەتییەك داکە هێزە چەکدارەکانی ژێر فەرمانی ئەو پێوەندیان پێوە هەبوو بێتە دەرێ و جیابێتەوە و دەیتوانی بچێتە نێو یەکیەتیی یەکی دیکە یا هێرش بکاتە سەر شوێنێك و جەنگاوەرانی ئەو شوێنە تێك بشکێنێ و سیستمێکی ئیداری نوێێ لێ دابمەزرێنێ. کارێکی ئاوا لە سەردەمی ئێستا دا کە ئەرتەش نیازی بە سەرچاوەی ماڵی هەیە و ئەو سەرچاوەماڵیە لە ماڵیات دەست دەکەوێ کە ئەویش لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەت دایە. هەروەها توانای ئەرتەشی ئێستا بەستراوەتەوە بەو چەکانە کە لە بەشی سەنعەت دا بەرهەم دێن، هەر بۆیە ئێدی ئیمکانی ئەوەنیە کە ڕێبەرێکی نیزامی بتوانی هەڵبڕی.

## ١ - پێکەوە گرێ دان:

هێزەکانی چەکدار، بەتایبەتی ئەفسەران، خاوەن هەستێکی بەهێزی شوناسی چینایەتی خۆیانن کە ئەوان لە غەیرە نیزامیەکان جیا دەکاتەوە. زۆربەی ئەرتەشەکان، قوتابخانە، ئەنجوومەن چاپەمەنی و ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە. کەسانێك کە دەیانهەوێ بگەنە ئاخرین پلەکانی ئاستی سەرەوە دەبی لە پلەکانی خوارەوە ڕادەست پێ بکەن و وردە وردە لە ڕێکخراو دا پێش بکەون. بە پێچەوانە لە کۆمپانیا بازرگانیەکاندا، هیچ جۆرە هەلێك بۆ ئاڵوگۆڕپێ بەڕێوەبەری سەرەوەتر یا وەدەست هێنانی پۆستی بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆ لەسەر بناخەی ڕابردووی کاری لەو کۆمپانیایەیانو کۆمپانیاکانی دیکەدا نیە.

بەپێی ئەوە کە هەموو ئەندامانی هێزە چەکدارەکان جیالەخەڵکی دیکە کۆمەڵ ژیان دەکەن و کار دەکەن، هاتووچۆو پێوەندی دۆستایەتیش هەر لە چوارچێوەی ڕێکخستنی نیزامی ئەواندایە.

## ٢- ئیدئۆلۆژی ڕوحی نیزامی:

لە شەڕە کۆنەکان دا لە سەر ئازایەتی و جوامێری پێ دا دەگیراو ئەو ئازایەتی‌یە و جوامێریە بایەخی خۆی هەبوو و شانازی پێوە دەکرا. لە ئەرتەشەکانی سەردەمی ئێستا دا ئەو بایەخانە تێکچوون یا لانی کەم لە گرینگیان کەم بۆتەوە. "رۆحی نیزامی" سەردەمی ئێستا لە سەر بناغەی هاوکاری، فەرمانبەری تاك لە کۆمەڵ و لە سەرەوە بوونی نەزم و دیسپلینی دامەزراوە پێ دا دەگیرێ.

ئەگەرچی ڕەنگە ئەو قسەیە تا ڕادەیەك دژایەتی هەبێ لە گەڵ ڕواڵەتی کێشەکە، بەڵام لە سەردەمی ئێستا دا ڕێبەری نیزامی زۆر تامەزرۆی تێك هەڵچوون و شەڕ نی‌یە و زۆر جاران ئیمکانی هەیە لە گەڵ سیاسەتمەداران بکەوێتە دژایەتی. شێوەی بۆچوونی ئەرتەش لەسەر بناخەی پاراستنی هێزی سازمان دراو و ڕادەی پێشکەوتنی تکنۆلۆژی دامەزراوە، لەو بارەوە "هانتینگتۆن" دەڵێ: پیاوی نیزامی زۆر بەکەمی لایەنگری شەڕە و هەموو کاتێك پێدادەگرێ کە مەترسی دەست پێ کردنی شەڕ خوازیاری ئیمکاناتی زۆرترە شەڕ بە کردارێکی جێگای پەسەند نازانێ. ئەو هەموو کاتێك لایەنگری ئامادەگی‌یە بەڵام قەت هەست بە ئامادەگی ناکا و هەمیشە لە دڵە ڕاوکێ دایە، بەو پێ‌یە پیاوی نیزامی پرۆفێشێل لەرێکخستن و داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەت دا زۆر بە پارێزەوە کار دەکا و ئەو جۆرە کارکردنەمان لە زۆربەی دەوڵەتەکانی



سەدەی بیستەم لە پیاوانی نیزامی دا دیتووە وەك ئاڵمانی فاشیست، روسیەی کۆمنیست، ئەمریکای دێموکراتیك.

## سوپای بریتانیا

پەرە گرتنی ئەرتەش لە بریتانیا لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوو دا کەوتۆتە ژێر کاریگەری دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەم، هەڵکەوتی جوغرافیایی ئەو وڵاتە کە دوورگەیەکە، ئەوی لە زۆربەی هێرش و لەشکرکێشی‌یەکانی ئەو شەڕە گەورانەی بە سەر ئورووپادا هاتوون پاراستوە. دووهەم، بوونی بریتانیا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وەك گەورەترین ئیمپراتۆری جیهان پێبەند بووە بە پشتیوانی هێزی دەریایی و هەر بە و ڕادەیەش هێزی زەمینی. بەشێکی بەرچاو لە هێزی شەڕکەری بریتانیا لە سەدەی ١٨ بە دواوە لە مەئموریەتیی دەرەوەی وڵات دا بوون

## پێش شەڕی دووهەمی جیهانی

پارلمانی ئینگلیستان لە سەدەی ١٧ دا لە بەرامبەر دامەزراندنی ئەرتەشێکی جێگیر و یەك دەست دا ڕاوەستا و دەنگی نەدا بە وەرگرتنی ماڵیاتی پێویست بۆ دابین کردنی تێچووی ئەرتەش لە شەڕی نێو خۆی ئینگلستان دا بەڵام هەردوو لایەنی شەر کەم و زۆر لە هیچ، ئەرتەشێکیان پێکەوە نا. یەکەم ئەرتەشی جێگیر لە ئینگلیستان ئەو ئەرتەشە بوو کە بە هۆی "کرامول" پێك هات، ئەو ئەرتەشە مانگانەی باشیان وەردەگرت و بەتەواوی بە نەزم بوون، بەڵام دوای دامەزراندنەوەی پاشایەتی، ئەرتەشی "کرامول" لێك هەڵوەشا.

بریتانیا ئێستا لە ڕێگەی پێکەوە لکاندنی ناوچەکانی "ئیسکاتلەند، وێلز، ئینگلستان و ئیرلەند" بە شێوەی وڵاتێکی پاشایەتی یەکگرتوو پێك هات کە

شتێکی ڕوونە ئەرتەشەکانی ئینگلستان لە پەرە گرتنی ئیستعماری نێو خۆیی‌دا ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاویان گێڕا. چالاکی‌یەکانی "کرامول" لە ئیرلەند هاوکات بوو لە گەڵ هاتنی کۆچبەرەکانی پرۆتستان بۆ ئەو ولاتە کە بوو بە هۆی پێك هاتنی ناکۆکی و ئێستاش ئاگری ئەو ناکۆکی‌یە نە کوژراوەتەو و سەربازەکانی بریتانیا ئێستاش لە باکووری ئیرلەند خەریکی عەمەلیات و چالاکین بە دژی ڕێکخراوی ئازادیخوازی ئیرلەند.

شەڕەکانی دوور لە سنوورەکانی بریتانیا کە بەمەبەستی داگیر کردنی ولاتان بەڕیوە دەچوو پێویستی بە هێزێکی دەریایی بە توانا هەبوو کە بە پێچەوانەی دروست کردنی ئەرتەشێکی جێگیر لە نێو خۆدا کەمتر دژایەتی لە گەڵ دەکرا. نەبوونی متمانەو بی‌نیازی بە ئەرتەشی جێگیر بەو هۆیەوە بە هێز دەبوو کە لە شەرەکانی ناپلئون هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی و سەدەیەکیش دواتر، بریتانیا لە گەڵ هێرشی نیزامی دەرەکی بەرەو ڕوونەبوو.

بەلام لەو ماوەیەدا هێزە چەکدارەکانی بریتانیا کەم و زۆر بە شێوەی بەردەوام خەریکی شەڕو تێکهەڵچوون لە ولاتانی داگیرکردوویان دابوون. بەو شێوەیە هێندێك لە بەرچاوترین نەریتەکانی کە لە ئەرتەشی بریتانیا دا پێك هات لە شێوەکانی زانستی‌یەوە سەرچاوەیان دەگرت کە لە ڕەوتی داگیرکردنی ولاتی خاریجی دەست هاتبوون. ڕادەی ئەرتەشی بریتانیا لە سەدەکانی ١٩،٢٠ لە سەر یەك لە چاو حەشیمەتی ئەو ولاتە لە خوارەوە بووە. ئەرتەشی نێو خۆیی هەتا ڕادەیەکی زۆر هێزێکی پەروەردەکەر بوو بۆ یەکەکانی ئەرتەشی دەرەوەی ولات "Ropp, ١٩٥٩, chaptm٥".

پارلمانی ئینگلترا لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەرتەشی جێگیر شتێکی زیادی‌یە و ئەرتەشی جێگیر لە بناخەدا وابووە کە دەسەلات لە دەستی نەجیب



زادەو دەوڵمەند دابێ و بەو مانایە کە چینی نەجیبزادە دەبوونە ئەفسەر و کرێکارانی گوندیش دەبوونە سەرباز. هەتا دەیەی ١٨٧٠ ئەفسەران مەئموریەتەکانی خۆیان دەکڕی و دوو لە سێ دەورانی خزمەتی نیزامی خۆیان لە ولاتە داگیرکراوەکان دا تێپەڕ دەکرد.لە ئاکام دا ئەگەر چی بریتانیا پێگەیەکی شازی لە پەرەپێدانی سەنعەت دا هەبوو، ڕێبەرانی نیزامی ئەو ولاتە لە بەرامبەر سەنعەتی کردنی ئەرتەش دا بەربەرەکانیان دەکرد. لە نێو ولاتان دا دەتوانین بلێین کە بریتانیا لە ڕیزی ئاخرین ولاتگەلێك دایە کە شێوەی نوێ شەڕی سەنعەتی بۆ ئەرتەشەکەی خۆی قەبووڵ کردووە "Aron,١٩٥٩" هیچ هێزێکی پەروەردەکردو بەو شێوە کە ولاتانی ئوروپایی پێش لە سەدەی ١٩ وە هەبووە لە بریتانیادا نەبووە. بیرۆکەی یا "دۆکتۆرینی ئاوەکانی شین" کە بە هۆی ستراتیژی بوونی بەریتانیا هاتە کایەوە لە سەر ئەوبنەما و بناخەیە دامەزرا بوو کە ئەگەر توانای هێزی دەریایی بپارێزێ، ئەرتەشی بریتانیا قەت ناچار نابێ کە دیسان لە خاکی ئەسڵی ئورووپا دا تووشی شەڕبێ. لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە نێو هێزە گەورەکانی دنیا دا تەنیا بەریتانیا و ئەمریکا بوون کە سیستەمی سەربازگیری یا خزمەت و ئەرکی نەتەوەییان دانەمەزراند بوو. بەشداری بەریتانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا ڕاستی ئەو بۆچوونەی زیاتر خستە ڕووەوە و ئەرتەش و هێزی دەریایی بەریتانیا بە چەکی نوێ تەیار کران. لە ئاکامی هەوڵ و کۆششی شەڕێکی گەورە دا بوو کە ئابووری شەڕ لە ماوەی ساڵەکانی ١٩١٤–١٨ دا پێك هات. لە هەمان کاتدا، هێزەکانی دیکە بە دڵنیایەوە لە توانای نیزامی بریتانیا پێشکەوتن. هێزی دەریایی بریتانیا کە لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەك هێزی بێ ئەولا و لای دەریاکان بوو، هێزی دەریایی ئامریکا پێشی کەوت و تواناکانی خۆی دەر خست. ژیانەوەو دامەزراندنەوەی

هێزی نیزامی ئاڵمانیا لە دەیە ١٩٣٠ دا پەرەگرتنی هەموولایەنەی هێزی نیزامی ئەمریکا، هێزی ڕوو لە زیاد بوونی یەکیەتیی سۆڤیەت و ژاپۆن، بەریتانیایان بەجی٘هێشت.

## دوای شەڕی دووهەمی جیهانی

لە ساڵانی ١٩٤٥، واتە ساڵی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، جیٚپێی بەریتانیا وەك هێزێکی نیزامی پلە دووهەم زۆرتر ئاشکرا بوو و خۆی نواند، بە تایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی داسەپاوی "زل هێزی" ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت، بریتانیا ئیدی لە ناوەندی ئیمپراتۆریەکی جیهانی دا نەبوو، بەڵکوو هێزێکی پلە دووهەم لە نێو هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانان دا بوو. هێزەکانی چەکداری بەریتانیا لە ساڵ ١٩٤٥وە هەتا ئێستا لە شەڕو پێك دادانی زۆردا بەشداریان کردوە زۆربەی ئەو شەڕانە لە سنووری ئە ولاتانەدا بووە کە سەردەمانێك "کۆلۆنیای" ئەو ولاتە بوون و ئێستا هیچ یەکیان وەك کۆلۆنیا نەماون. بۆ وێنە لە "مالایا،کنیا، قبرس". هەروەها هێزەکانی بەریتانیا لە چەندین تێك هەڵچوونی نیزامی دیکە وەك شەڕ لە "کاناڵی سوئز" لە دەیەی ١٩٥٠ و لە دوایی دا "فالکلەند" دا بەشداریان کردوە. بەو حاڵە ئەو دەورەیەی دوای شەڕ بناخە رادەوری هێدی هێدی هاتنە خواری توانای نیزامی بریتانیایە و هاوکات لە گەڵ لە ئەختیار دا بوونی چەکی ناوکی بوو. کتێبی سپی ساڵی ١٩٥٧ی بە گەورەترین گۆرانکاری لە سیاسەتی نیزامی لە هەلومەرجی ئاسایی دا ناودێرکرد خستویەتە بەرباس. لە هەمان کات دا خزمەتی سەربازی زۆرەملێ هەڵوەشایەوە، هێزە چەکدارەکان بوون بە نیوە و ڕیزە بەرنامەیەك بۆ پڕ چەك کردنی هەرسێ هێزەکە بە چەکی ناوکی هاتە ئاراوە.



لەڕاستیدا بریتانیا یەکەم ولات بوو کە هەوڵی دا چەکی ناوەکی دروست بکا. ئەوکارە لە ماوەی شەڕدا گوێزرایەوە بۆ ولاتی ئەمریکا، بەو هۆیە کە ئەمریکا کەمترین ترسی هێرشی لە سەر بوو و هەروەها بە هۆی بوونی سەرچاوەی زۆرتری ماڵی کە ئەمریکایەکان دەیانتوانی بۆ ئەو گەلالەیەك ئامادەی بکەن. لە ساڵی ١٩٤٥ و کۆمیتەیەك بە بەرپرسایەتی "سرهندی تیزارد" بەم ئاکامە گەیشت کە بوونی چەکی ناوکی دەبێ لەسەر بناغەی سیاسەتی دیفاعی دوا ڕۆژی بەریتانیا بێ "Rumble ١٩٨٥,chapter٤". ساڵی ١٩٤٧ بەرنامەیەك بۆ دروست کردنی چەکی ناوکی لە بریتانیا دەستی پێکرد.

ساڵی ١٩٥٢ کار لەسەر بەرهەمهێنانی بۆمبی هێدرۆژینی دەستی پێ کرد. ئەگەرچی بڕیاری پێك هێنانی سیستمی هەڵدانی موشکی "بلواسترسك" لە نێوەڕاستی دەیە ١٩٥٠دا درابوو بەڵام قەت جێبەجێ نەبوو. فرۆکە بۆمب هاوێژەکان تەنیا کەرسەی هەڵدانی چەکی ناوەکی بوون، هەتا سیستمی "پۆلاریس"هات و لە دوایی دا سیستمی ئەمریکایی بەناوی "ترایدنت" جێگای ئەو سیستمەشی گرتەوە کە لەنێوان ساڵەکانی ٩ –١٩٦٧ هاتۆتە ژێر دەسەلاتی ئەرتەشی ئەمریکا. یەکێتی دیکە لە گرینگترین هۆکارەکان کە کاریگەری هەیە لەسەر تێك هەلچوونی نیزامی بەریتانیا واتە هاتنە نێو ناوەندی ئەرکان ئەوەیە کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا چەندین ڕێکەوتن نامە لە نێوان ئەمریکا و بریتانیا دا هەیە کە ئیزن دەدەن ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوەندێکی بەهێزی چەکی ناوەکی لەو ولاتەدا دابمە زرینێ. ئەو سیاسەتە لە ساڵی ١٩٥٨ لە لایەن "هرلود مك میلان" سەرۆك وەزیری ئەوکات پەسەند کراو بەو پەسەندکردنە دامەزرانی ٦٠٠ موشەکی "تور"ی ئەمریکای دەستی پێکرد.

لە ماوەی دوو ساڵ دا مۆڵگەی موشەکی "بولاریس"ی ئەمریکا لە "هالی لوخ" دامەزرا.

ئێستا کە دامەزراوەی نیزامی ئەمریکایی جۆراوجۆر لە بریتانیا بەرچاو دەکەوێ. بە گوتەی "دانکن کمپیل" زیاتر لە سەد پێگەی نیزامی ئەمریکایی لەو وڵاتە دا هەیە.

لە سەرەتا دا دامەزراندنی ناوەندی چەکی ناوکی لە بەریتانیا ناڕەزایەتێکی بەربڵاوی خەڵکی بە دواوە بوو، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکان هەموو کاتێك نیشاندەری ئەوەن کە زۆربەی حەشیمەتی بەریتانیا لە سیاسەتی "پێشگیری ناوکی" پشتیوانی دەکەن. ڕێکخراوی خەبات بۆ داماڵینی چەکی ناوکی لە دەیەی ١٩٥٠ هەتا ئێستا گرینگ ترین ڕێکخراو بووە کە چالاکانە بە دژی چەکی ناوکی دژایەتی و خەباتی کردوە و پشتیوانییەك کە دەتوانێ بۆ ڕێپێوان و خۆنیشاندانی خەڵك بەدەستی بێنێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرجاران ڕوو لە زیاد بوون بووە و گەلێك جارانیش ڕووی لە کەمی بووە.

پەرە ئەستاندنی موشەکی "کروز و پرشینگ" یارمەتیدەر بوون بۆ زیندوو کردنەوەی پشتیوانی گشتی لە "سی، ان، دی" بریتانیا لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠، هەروەها پشتیوانی لە زۆربەی جوڵانەوەکانی ئاشتی خوازانەی ئوروپایی یارمەتیدەر بوو. ڕادەی ئەندامانی "سی، ان، دی" لە ساڵی ١٩٧٨،٣٢٠٠ کەسە کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا ئەو ڕادەیە گەیشتە ١٠٠٠٠٠ کەس کە ئەو ئامارە بێجگە لە ١٤٠٠٠٠ کەسی دیکەیە کە سەر بە ڕێکخراوەکانی بەستراوە بەو ڕێکخراوەن.



## ژن و شەڕ

شەڕ هەموو کاتێك چالاکییەکی پیاوانە بووە. پیاوان لە هەموو جێگایەك هێزی شەڕکەری ئەرتەشەکانیان پێك دەهێنا. بایەخ و بەهاکانی شەڕکەری کە لە سەر بنەمای ئازایەتی و بوێری و بە دواچوونی ڕووداوەکان دامەزرا بوون لە زۆربەی کاتەکان دا پێوەندی بە پیاوانەوە بووە هەتا بە ژنانەوە. تامەزرۆیی پیاوان بۆ شەڕ و نەبوونی ژنان لە نێو ئەفرادی شەڕکەردا، ئەو فکرەی لای هێندێك کەس دروست کردوە کە دەبێ هۆکاری "ژێنێتیکی"ی کاریگەری هەبێ لە سەر ئەوکێشەیە. بە واتایەکی دیکە، پیاوان لە ڕوانگەی "بایۆلۆژی"یەوە زیاتر مەیلی بۆلای کردەی شەڕخوازی و شەڕ بە دژی خەڵکی دیکەوە هەیە، لە حاڵێك دا ژنان بەو شێوەیە نین.

ئەو نووسەرانەی کە ئەو ڕوانگەیان هەیە بریتین لە کەسانێك کە "بایۆلۆژی" کۆمەڵایەتی هەروەها هێندێك لەو دەستەو تاقمانەی لایەنگری جوڵانەوەی ژنان کاریگەریان لەسەریان هەیە. "ئێلیزابێت کوی ئستانتۆن" کە یەکێك لە یەکەم نووسەرانی لایەنگری ماف و ئازادییەکانی ژنان لە ساڵی ١٨٦٨ دا لە سەر ئەو بۆچوونە سوورەو بەو جۆرە دەنووسێ:

"توخمی پیاو هێزێکی خاپوورکەر، لە خۆڕازی، لایەنگری شەڕ، لاسار و یەك دەندە و لایەنگری سەرکەوتن و خاوەندارێتێك لەدنیای مادی و معنوی دایە کە بە شێوەی یەکسان تۆوی دووبەرەکی، بی‌ئەزمی و مەرگ دادەچێنێ. چاو لە لاپەڕەکانی مێژوو بکەن کە چەندە چیرۆکمان لە خوێنڕێژی و بێ ڕەحمی بۆ دەگێڕێتەوە ! توخمی پیاو هەتا ئێستا زۆر بەچاکی ڕایبواردوە و زۆرو کەم هەر لە سەرەتاوە هەوسار داماڵدراو بووە، ژنانی لە هەموو جێگایەك ڕەزیل کردوە و

تایبەتمەندی بەرزی سروشتی مرۆڤی لە نێو بردوە. " ٨ Stanton, anthony cage, ١٨٨٩, p١٤٥".

ئەگەر بە هیواداری‌یەوە بڕوانینە داهاتوو ڕەنگە ئارەزومان کردبایە کە "ئستانتۆن" ئەو وتانەشی بە وتەکانی خۆی زیاد کردبایە کە لە دوارۆژدا بایەخ و بەهاکانی ژنانە وەك خۆشەویستی و ئارامی سەرنج و دڵسۆزی لە کۆمەڵگادا زەقتردەبێتەوە و نییەتی شەڕ خوازی پیاوانی هاوتا تر کردبایە. ئەو ڕوانگەیە کە دەڵێ پیاوان بەشێوەیەکی زاتی خوازیاری  شەڕن و ژنان وانین، هەتا چ ڕادەیەك جێگای بڕوایە؟ لە سەر یەك،  بەڵکە و شاهید بە دژی ئەو بۆچوونە هەیە. هەر بەو جۆرە کە پێشتر باسی شەڕکردن ناتوانێ ڕاستەوخۆ پێوەندی هەبێ بە هەستی شەڕخوازانە. شەڕ بەمانای تێك هەڵچوونی توندو تیژی خوێناوی کە لەودا خەڵکێکی زۆر بکوژرێن کە پێش لە سەر هەڵدانی دەوڵەتە نەریتی‌یەکان زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەون و هۆکاری شەڕی نێوان دەوڵەتەکان بە تەواوی جیاوازی هەبووە لە گەڵ شەڕ خوازی.

بێجگە لەوانە، ژنان هێندێك جار بەشێك بوون لە شەڕەکان و وەك غەیرە شەڕکەر زۆر جاران لە ئامانجی شەڕ پشتیوانیان کردوە. ئەگەرچی زۆربەی زۆری فەرماندەکان پیاو بوون، بەڵام لە مێژوو دا فەرماندەی نیزامی ژنیش بەر چاو دەکەوێ کە چالاکانە و بوێرانە سەربازەکانیان لە مەیدانی شەڕدا ڕێبەری کردوە. دوو وێنەی زۆر بە ناو بانگ لە فەرماندەی نیزامی ژن لە مێژووی شەڕدا دەتوانین ناویان بێنین: ١- بوارسیا، مەلەکەی شەڕ کەری ساکسونی ٢-" ژاندارك" کە هێزەکانی فەرانسەی بە دژی ئینگلترا لە سەدەی پازدەهەم دا ڕێبەری کرد. پاشای ژن وەك مەلەکە الیزابیتی یەکەم لە ئینگلترا کە کۆنترۆڵی



تەواوی بە سەر هێزە نیزامی‌یەکانی وڵاتەکەیان دا هەبوو و لە بایەخ دان بە بەها نیزامی‌یەکان دا شك و گومانی نەبووە. "Elshatain ١٩٨٧".

لە زۆربەی ئەرتەشەکانی سەردەمی ئێستا دا "هەنگ"ی ژن پێك هاتووە، ئەگەرچی زۆربەی ئەوانە لە عەمەلیاتی شەڕدا بەشداری ناکەن. لە هێندێك لە ئەرتەشەکان دا سەربازانی ژن ئاموزشی چەك یا شێوەکانی شەڕکردن نابینن، بەڵام لە زۆربەی ئەرتەشەکان دا ئەو ئاموزشە بە ژنان دەدرێ. سەربازانی ژنی ئیسرائیلی بە شێك لە یەکەی شەڕکەر پێك دێنن و لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی دا ژنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بە شێوەی ڕێك و پێك لە چالاکی نیزامی دا بەشداریان دەکرد. ژنان ڕادەی ٨ لە سەدی پرسنلی چالاکی نیزامی وڵاتی یەکیەتیی سۆڤییەت یان لە ساڵی ١٩٤٣ لە سەردەمی بە توانایی هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتەیان پێك دێنا. ژنان وەك تیربارچی، تەك تیر هاوێژ و لە سوپاکان تۆپخانە و تانك دا خزمەتیان دەکرد.

"ناویا پوپووا" کە فرۆکە وانێکی بۆمب هاوێژی یەکیەتیی سۆڤییەت بووە بیرەوەری‌یەکانی خۆی کە بە هۆی پیاوانەوە نوسراوەتەوە ئاوا باس دەکا :" ئەوان ئێمەیان لە نێو دەبرد و ئێمەش ئەوانمان لە نێو دەبرد ......... من گەلێك پیاوم کوشتووە هەتا بۆ خۆم زیندوو بمێنمەوە ....... شەڕ بێجگە لە لێزانین پێویستی بە توانای کوشتن هەیە. من وا بیرناکەمەوە کە دەبێ کوشتن و بێ ڕەحمی وەك یەك بن بەڵکوو پێم وایە ئەو مەترسیانەی کە ئێمە قەبووڵمان کردوە لە خۆ بردووییەکە کە بۆ یەکترمان کردوە و هەر بۆیە ئێمە لە ڕەوتی شەڕدا بە روحم تر بووین هەتا بێ روحم و بێ بەزەیی. "وەرگیراوە لە" Saywell P. ٣٨".

له سەردەمی ئێستا دا ژنان ڕێژەیەکی زیاتر له جاران له هێزەکانی چەکداری زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێك دێنن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆرترین پرسنلی ژنی له چاو وڵاتانی دیکه له ڕیزی هێزە چەکدارەکانی خۆیدا کۆکردۆتەوە کە ڕادەی ١٠ له سەد پێك دێنن و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بۆ سەرانسەری ناوچە ئاڵۆزەکانی دنیا نێردراون، له نێو ژنانی شەڕکەر و نیزامی دا تەوژمێکی زۆر هەیە بۆ لابردنی ئەو یاسایانەی کە پێشگیری دەکا لە بوونی ئەوان لە یەکە شەڕکەرەکان دا. لێکۆڵینەوەکان دەردەخەری ئەو کێشەیەن کە زۆربەی ژنان له هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا دا زۆر بە توندی لایەنگری ئەوەن کە لە یەکە شەڕکەرەکان دا بن؟ هەروەها جێگای سەرنج پی ّدانە کە زۆربەی تاقمە تیرۆریسیەتەکانی ئێستا ئەندامی چالاکی ژنیان هەیە کە ڕۆڵی ئەوان لە گەڵ ڕۆڵی پیاوان جیاوازە.

ژنانی نا شەڕکەر زۆرجاران بە دژی وەحشیگەری شەڕ ناڕەزایەتیان دەربڕیوە بەڵام هەر بەو ڕادەیەش لە بایەخە نیزامیەکان پشتیوانیان کردوە. ژنان چاوەدێری بریندارەکانیان کردوە و ئاورگی ماڵیان بە ئایساوی ڕاگرتووە. لە ماوەی دوو شەڕی جیهانی دا ژنان هاتونەتە بازاڕی کاری بەرهەم هێنان بە شێوەیەکی زۆر بنەڕەتی یارمەتیدەری بەرهەم هێنانی کەرەسەی نیزامی بوون. لە شەڕە گەورەکانی جیهانی دا بەتایبەت شەڕی یەکەم دا ژنان ڕۆڵی گەورەیان لە ڕێکخراوەکانی لایەنگری شەڕدا گێرا و زۆربەی ڕێکخراوەکانی کە ژنان لەو دا ئەندام بوونو چالاکیان هەبوو بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ سەرکەوتن تێدەکۆشان.

"امیلن پانکهرست" یەکێك لە ڕێبەرانی جوولانەوەی ژنانی بریتانیا لە سەرەتای دەیەی ساڵی ١٩٠٠دا پشتیوانی خۆی لە ئامانجەکانی "متفقین" لە



سەرەتای شەڕی یەکەم دا ڕاگەیاند، گۆڤاری "سافراجت" کە لە لایەن "املین پانکهرست" بەڕێوە دەچوو هەموو توانای خۆی تەرخان کردبوو بۆ پڕوپاگەندەی شەڕ و لە ساڵی ١٩١٥ ناوی گۆڕدرا بوو بە بریتانیا. لە وڵاتی ئەمریکا، ئەنجوومەنی نەتەوەی مافی دەنگ دانی ژنانی لە بەر ئەوە بە ڕەسمی ناسی کە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی شەڕدا لایەنگری و پشتیوانیان لە شەڕ کردبوو و پەیمانیان دا بوو کە بەتەواوی توانانی خۆیانەوە تێبکۆشن بۆ پاراستنی ئەرزش و بایەخە نەتەوایەتییەکان.

ئەگەر زۆربەی ژنان بە شێوەی ئاسایی لە چالاکی بەڕێوە چوونی شەڕپشتیوانیان دەکرد. بە پێچەوانە کۆمەڵێك پیاو هەبوون کە شەڕ و بایەخە نیزامیەکانیان ڕەد دەکردەوە. هەندێك لە پێشەوایانی ئایینی لە مێژوودا وەك "بودا، مەسیح" توندو تیژیان ڕەت کردۆتەوە بەڵام ڕێبوارانیان هەموو کاتێك لە گەڵ ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکانی ئەوان هاودەنگ نەبوون. "مهاتماگاندی" خەباتگێڕی سیاسی هیندی کە جوڵانەوەی دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا ڕێبەری دەکرد یەکێك لە لایەنگرانی چالاك و بەرچاوی دژایەتی کردنی شەڕو شەڕخوازی بوو. ئەگەرچی هێندێك لە پیاوانی پێش لە دوو شەڕی جیهانی لە ڕوانگەی ئەندێشەو بیروبۆچوونی سیاسیەوە ئاشتی خواز بوون بەڵام لە ماوەی شەڕدا خۆیان لە بازنەی شەڕدا دەدیتەوە لە گەڵ ئەوەش دا کەسانێك هەبوون کەبەشداری هیچ چالاکیەکی نیزامیان نەکرد.لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی دا پیاوان دەیان توانی وەك ناڕەزایەتی ویژدان ناو نووسی بکەن. یەکێك لە ناڕەزاییەکانی ویژدانی لە وڵاتی ئەمریکا کاتێك بە شەمەندەفەر سەرانسەری بۆ گەیشتن بە ئۆردووی کار سەفەری دەکرد وێنەیەك لە ئەزموونەکانی خۆی سەبارەت بە هەڵوێستی خەڵك لە بەرامبەر ئەوان دا ئاوا دەگێڕێتەوە. "تاقمێك

لە سەربازانی هێزی دەریایی لەوشەمەندەفەرەدا بوون کاتێك لە یەکێك لە ویستگەکان قەتارەکە ڕاوەستا و موسافرین لە شەمەندەفەرەکە دابەزین، تاقمێك لەژنانی چاوەڕوان، هاتن هەتاخواردەمەنی و گۆڤار و ڕۆژنامە لە نێو سەربازەکان دا دابەش بکەن. ژنەکان لە سەرەتادا وایان بیرکردەوە کە هەموویان سەربازن. ئێمە لە کوپەکانی شەمەندەفەرەکەدا بە ئاپۆرا دابەزین و ژنان کە ئێمەیان لە گەڵ سەربازەکان لێك نەدەکردەوە شیرینی‌یەکی زۆرمان بەرکەوت. کاتێك بڵاو بووە کە هێندێك ترسەنۆکی "ناڕازی ویژدانی" لەو قەتارەدان. ژنان بە بیستنی ئەو هەواڵە کەوتنە خۆ بۆ ناسینی ترسەنۆکەکان و پیل و باسکی ئێمەیان ڕادەوەشاندو دەیانگوت "ئایا ئەتۆ یەکێك لە ترسەنۆکەکانی" هەی بە نەعلەت بن، ئەو شیرنیانەمان پێ بدەنەوە" Terkel, ١٩٨٤,p.١٦٥١".

نووسەرانی ئەمڕۆی ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان گەلێك جار لە پێوەندی لە گەڵ "ڕەگەزێتی و شەڕ" دا بۆچوونی وەك "ئێستانتۆن" یان بووە. بۆ وێنە "بتی فریدن" لە کتێبەکەی لە ژێرناوی "قۆناغی دووهەم" دا دەڵێ: کە سەربازانی ژن ڕوانگەیان لە پێوەندی لە گەڵ شەڕدا دڵسۆزانەترە لە هاوسەنگەرانی پیاویان و ئەوە دەبێتە هۆی چوونەسەری ڕادەی توندو تیژی و وەحشی گەری چاوەڕوانکراو لە هەموو تێك هەڵچوونێکی چەکدارانەدا. بەڵام لە هەر ڕوانگەیەکەوە بۆی بڕوانین بۆچوونێکی ئاوا ناتوانێ قانع مان بکا.

ئەگەر شەڕ، یا لانی کەمی بەشداری کردن لە شەڕ، لە ڕابردوودا کردەوەیەکی پیاوانە بووە ناتوانێ هیچ پێوەندیەکی بە بۆچوونی "بایۆلۆژی"یەوە هەبێ. پیاوان شەڕیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان و بۆ ئەو مەبەستە ئەو ئۆرگانانەی کە هێزیان تێدا کۆدەبێتەوە کردوویانە بە ئۆرگانی



تایبەتی خۆیان. لەو سەردەمەدا بەشداری کردن لە شەڕ پێویستی بە دیتن و تێپەڕاندنی چەندین دەورەی دوورو درێژی بارهێنان و ئینزباتی هەیە و نیازی بەو بارهێنانە هەیە کە سەرباز وا باربێنێ کە بۆ هەرشوێنێك ڕەوانەیان کردبێ مل بداتو بڕوات. لاوانی نێرینە زۆربەیان لە تەمەنێك دا بەشداری شەڕیان کردوە کە لانی‌کەم بەرامبەر گەڵ ئەو تەمەنە کە ژنان زاوزێیان دەست پێ دەکا. مانەوەی ژنان لە چوار چێوەی ماڵ دا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەوی لە زۆربەی دەورەکانی پێشووی مێژوودا لە مەیدانەکانی شەڕ جیاکردۆتەوە.

## خەباتی ژنان بە دژی شەڕ

ئەگەرچی ئەو جیاوازیانە ڕەنگە ڕیشەی "بایۆلۆژیکی"یان نەبێ و بە هیچ جۆرێك گشتگیر نین و زۆرجاران ڕوانگەی ژنانو ڕوانگەی پیاوان سەبارەت بە شەڕ جیاوازە. شانۆنامەکانی یونانی کۆن کۆمەڵێك چیرۆك لە خۆ دەگرن کە ژنان هەوڵیان داوە مێردەکانیان و کوڕەکانیان لە چوون بۆ شەڕ پاشگەز بکەنەوە و ڕێگرین لە بەردەمیان و لەهەمبەر ئاکامی شەڕدا نارەزایەتی دەربڕن. لە سەرەتای سەرهەڵدانی جوڵانەوەی بەرگری لە مافی ژنان لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی هەژدەهەم دا، بەشێك لە ژنان بەردەوام بۆچوونی ئاشتی خوازانەیان بووە. هەر بەو جۆرە کە سەبارەت بە پیاوان دەبینن، دەستەی ژنانی ئاشتی خوازیش تەنیا نوێنەری ڕوانگەو بۆ چوونی کەمایەتیکن لە ڕەگەزی خۆیان، بەڵام ئەو دەستەو تاقمانە لە خەباتی ڕێکخراوی ژنانی لایەنگری ئاشتی بەتایبەتی لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا چالاك بوون. پێش لە شەڕ، ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی ئاشتی کە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستم دا گوروتینیان پەیدا کرد بوو. لە حاڵێك دا زۆربەی ژنانی وەك "املین پانکهرست" و زۆربەی ڕێبەرانی خەباتی ژنان ئاڵوگۆڕ بە سەر

بۆچوونەکانیان دا هات و لە کردەوەی شەڕ پشتیوانیان کرد. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هەتا ساڵی ١٩١٧ نەهاتە نێو شەڕ، ئەو ژنانەی دژایەتی شەڕیان دەکرد بە پێچەوانە وڵاتانی ئوروپایی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەمریکاوە ئەزیەت و ئازار نەدەدران. لە مانگی ئۆتی ١٩١٤ لە ڕێپێوانێکی ئاشتی خوازانە لە شاری نیویۆرک دا ١٥٠٠٠ ژن بەشداریان تێدا کرد و پێشنیاری هاوکاری لە لایەن ئەو پیاوانەی کە ڕوانگە و بۆ چوونی وەك ژنیان هەبوو ڕەتکرایەوە. حیزبی ئاشتی ژنان "W.W.P" کەلە هەمان ساڵ دا دامەزرا پشتیوانێکی بەر بڵاوی بۆ خۆی بەدەست هێنا.

دوو لایەنگری ئاشتی سەر بە جووڵانەوەی ژنانی ئوروپایی، "زوریکا شویمر و ئملین پتیك" لە ساڵی ١٩١٤ بە هاوکاری حیزبی ئاشتیی ژنان، کۆنفرانسی ئاشتیی نێونەتەوەیی ژنانیان لە شاری "لاهەی" هۆلەند پێك هێنا. نوێنەرانی هێندێك لە وڵاتانی ئوروپایی بە پێچەوانەی ویستی هێندێك لە حکومەتەکانی خۆیان لەو کۆنفرانسەدا بەشداریان کرد. ئەو کۆنفرانسە یەکەم کۆبوونەوەی نێو نەتەوەیی بوو کە بۆ چەسپاندی ئاشتی هەوڵی داوە و یا لانی کەم گەڵاڵەیەکی هەبوو کە بنەمای دامەزراندنی ئاشتی لە نێو نەتەوەکانیلە حاڵی شەڕدا دەبێ چۆن بێ. ژنان ناچار بوون خۆڕاگری بکەن لە بەرامبەر پروپاگەندەی نەیارانیان دا وتاری ڕۆژنامەی "ئیونینك ئستاندارد"چاپی لەندەن وێنەیەك لەو جۆرە پروپاگەندانە. ئەو ڕۆژنامەیە ڕایگەیاند کە ژنانی لایەنگری ئاشتی بوونەتە هۆی سەرئێشەو گێرەوکێشەی خۆڕایی. بەو حاڵەش کاریگەری درێژخایەنی کۆنفرانس جێگای لێ وردبوونەوە و سەرنج پێدانە. "ویلسۆن" سەر کۆماری ئەمریکا تەنیا ڕێبەری هەڵکەوتووی ڕۆژئاوا بوو کە لە گەڵ دەنگ و ئامانجی



ژنان هاودەنگ و هاو فکر بوو وساڵی ١٩١٩ لە چوارده ئەسڵی پێشنیار کراوی ئەو وەك بنچینەی سەقامگیر کردنی ئاشتی هێندێك لە تێگەیشتن و بۆچوونەکانی ژنانی تێدا هاتبوو.

ڕێکخراوەکانی لایەنگری ئاشتی وەك " هاوتا پیاوەکان" لەماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی دا ڕۆڵی چوکتریان گێڕا. لەو سەردەمەدا لە سەر "نازیسم"ڕێکەوتن و ڕازی بوونێکی گشتی وا هەبوو کە "نازیسم" هەڕەشەیەکی گەورەیە و تەنیا بە شەڕ و توندوتیژی نیزامی دەتوانرێ پێشی پێ بگیرێ. بەڵام لە دەورانی دوای شەڕ، بە تایبەتی کە چەکی ناوکی پەرەی گرت، دیسان بەشداری دەستەو تاقمەکانی ژنان لە جووڵانەوەکانی ئاشتی دا زەق بوونەوە، ڕێکخراوی ژنانی ئاشتیخواز لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا پێك هات، وەك "هەوڵ و تێکۆشانی ژنان بۆ چەك داماڵینی ناوکی" لە وڵاتی ئەمریکا یا "ژنانی لایەنگری ئاشتی" وڵاتانی ئاڵمانیا و هولەندا. ڕێکخراوی وەك ئەوانە لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵاتیش سەریان هەڵدا و بۆ ئاشتی تێکۆشانیان هەبوو بەڵام لەلایەن کاربەدەستانی وڵاتەکانیانەوە زۆر بە توندی لە ژێر فشاردا بوون.

ڕەنگە زەقترین و بەرچاوترین وێنەی دەست تێوەردانی ژنان لە کێشەی ئاشتی، سازدانی ئوردوێك بوو لە "گرینهام کامن" لە بەریتانیا، "گرینهام کامن" پێگەیەکی نیزامیی‌یە کە موشەکە ناوکییەکان لەوێ دامەزراون. لە ساڵی ١٩٨١ ژنان ئوردوویەکیان بەناوی "ئوردووی ئاشتی" لە نزیك ئەو پێگەیە پێکهێنا کە چەندین ساڵ درێژەی کێشا و لە هەمان کات دا ئیزنی پیاوانیان نەدا کە تێکەڵاویان بن، چالاکی ئەندامەکانی ئوردوو لە سەر بناخەی پروپاگەندە بۆ لابردنی چەکە ناوکیەکان بوو و زۆر جارانیش لە سەر ڕێگای پێگەکە بەر بەستیان دادەنا بەو مەبەستە کە پێشگیری بکەن لە چوونە ژوور و هاتنە دەرێ

چەکە ناوکیەکان. یەکێك لە بەشدارانی ئوردووییەکە دەڵێ: "ئوردووی ئاشتی زۆر زیاترە لە حەرەکەتێکی ئازایانەی رووبەروو. ئەو ئوردوویە ئەزموونێکە لە بەربەرەکانیی ناتوندو تیژو وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە لایەن هەموو خەڵکەوە. نەتەنیا لەبەر ئەوە بەناوی ئێمەوە بەڕێوە دەچێ بەڵکوو لەبەر ئەوە کە ئێمە لە بەرامبەر یەکتر دا چۆن هەڵسوکەوت دەکەین ...... لە ڕابردوو دا پیاوان کاتێك دەچوون بۆ شەڕ ماڵەوەیان جێ دەهێشت، بەڵام لەو سەردەمەدا ژنان بۆ دەستە بەر کردن و دامەزراندی ئاشتی ماڵیان جێ هێشتووە." Cook ٨ ksrk, ١٩٨٣, pp.٢٩,٣٠"



# سوپا، سیاسەت و کۆمەڵگا

## حکومەت و کاریگەریی نیزامییەکان

لە زۆربەی وڵاتانی دنیا دا ڕێبەرانی هێزە چەکدارەکان حکومەتیان کردوە یا لە هێندێك وڵاتات دا ئێستاش حاکمن. بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن نیزامی‌یەکانەوە لە سەدەی بیستم دا لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای باشوورو زۆربەی وڵاتەکانی جیهانی سێهەم لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیا رووی داوە. لە هێندێك ناوچەی دنیادا حکومەتی نیزامی دیاردەیەکی ئاسایی‌یەو لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوو دا بۆتە باو. دوو جۆرە کۆمەڵگا لە دەسەڵاتی نیزامیان پارێزراون ١– کۆمەڵگای سەنعەتی دیموکراتیکی ڕۆژئاوا ٢– کۆمەڵگای ئورووپای ڕۆژهەڵات یەك لەوانە یەکیەتیی سۆڤیەت. بۆ دەبی ؟وابێ؟ بۆچی زۆربەی کۆمەڵگاکان لە ژێر دەسەڵاتی نیزامیان دا نین، لە گەڵ ئەوەدا ئەوان ڕێکخستنیان بە هێزترە لە هەر دەستەو تاقمێکی دیکەی غەیرە نیزامی و کەرەستەیەکیشیان لەبەردەست دایە کە بەهێزتریان دەکا؟ هۆکاری جۆراو جۆر و جیاواز هەیە.

**یەکەم:** هەرچی ڕادەی سەنعەتی بوونی کۆمەڵگایەك لە سەرەوتر بێ، نیزامی ئیداری ئەو کۆمەڵگایە ئاڵۆزتر دەبێ. هێزەکانی چەکدار کە بە یاساکانی نێو خۆیی خۆیانەوە وەك ئینزبات و ئەرکی تایبەتی‌یەوە بستراونەتەوە و بۆ بە دەستەوە گرتنی ئەرکی ئیداری سیستمێکی کۆمەڵایەتی تێك تنراو ئاڵۆز ئامادە نین. بۆ روونکردنەوەی زیاتری کێشەکە دەتوانین حکومەتە نیزامی‌یەکانی "متفقین" لە سەردەمی داگیرکردنی ئاڵمان و ئیتالیا بە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دا بە نموونە بێنینەوە و ئەو ڕاستی‌یە هەڵێنجێنین کە حکومەت کردن

بە سەر ئەو جۆرە سیستمانەدا پێویستی بە بەڕێوەبەرانی غەیرە نیزامی بە تواناو لێزان هەیە. هێزە داگیرکەرەکان ئەگەرچی لەگەڵ حەشیمەتی شکست خواردوو و تەسلیم بوو ڕووبەڕووبوون بەڵام وایان بە پێویست زانی کە لەتەنیشت کارگێڕانی نیزامی خۆیان کەسانی غەیرە نیزامی بەڵام پسپۆڕو خاوەن زانست بۆ ئیدارەی وڵات دا بنێن.

**دووهەم:** نەبوونی شەرعییەتی نیزامی ـ چوونکە بەپێی ئەخلاق بۆ حکومەت کردن بوونی ڕەوایی پێویستەو حکومەتێك کە بە زۆری سەرنیزە دامەزرابێ حەقانییەتی نیە و تەمەنی کەمە. بۆ ڕاگرتن و پاراستنی توانای سیاسی بەردەوام و ڕەوایەتی دەستەیەك کە حکومەت دەکەن دەبێ لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە دانی پێدا هێنرابێ. لە کۆمەڵگایەك دا کە خاوەنی ڕێ ورەسم و نەریتی توند و تۆڵی حکومەتی غەیرە نیزامین، گەیشتنی نیزامی‌یەکان لەو جۆرە سیستمەدا گەلێك دژوار و ئەستەمە. چ لە سیستمی چەند حیزبی وەك ڕۆژئاوا یا سیستمێکی حیزبی وەك ئورووپای ڕۆژهەڵاتی "پێشوو" تەشکیلاتی حیزبی بە تەواوی گەشەی کردوە و تەواو لە گەڵ مکانیزمەکانی حکومەت تێکەڵاو بووە.

**سێهەم:** لەو کۆمەڵگایانە کە بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتی نیزامیان بە خۆوە نەدیووە، جیاوازیەکی ئاشکرا لە نێوان هێزی نیزامی و پۆلیس دا دەبیندرێ، کە لە ماوەی دەورەیەکی زەمەنی دا پێك هاتووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا نێوەڕاستی ئەو سەدەیە بۆ کپ کردنی شۆڕشە شارییەکان زۆر جار لە هێزی نیزامی کەڵك وەرگیراوە. بەڵام لەو کاتەوە کە هێزی پۆلیس وەك هێزی پاراستنی ئەمنییەت گەشەی کردوە و بەو ڕادەیە کە



پۆلیس توانیویەتی لە پاراستنی نەزمی گشتی دا سەرکەوتن بەدەست بێنێ بەو ڕادەیەش لە ڕۆڵی هێزەکانی چەکدار واتە ئەرتەش لە دەخالەت کردن لە نەزمی نێوخۆیی دا کەم بۆتەوە و زیاتر ڕۆڵی ئەرتەش لە پاراستنی سنوورەکان و دیفاع لە بەرامبەر هێزی دەرەکی دا زەق بۆتەوە. پۆلیس ڕاستە چەکدارەو دەستەو تاقمی دژ بە شۆڕشی هەیە، بەڵام تواناو هێزێکی نیزامی کە پۆلیس هەیەتی زۆر کەمترە لە هێزە چەکدارەکانی ئەرتەش. پۆلیس ناتوانێ وەك ئەرتەش "کودتا" بکا و دەسەڵاتی وڵاتێك بە دەستەوە بگرێ "finer,١٩٦٢" لە جیگایەك کە نەزمی گشتی بە هۆی هێزێکی پۆلیسییەوە دەپارێزرێ کە ئەرکی ئەو زۆر بە ڕوونی پێناسە کراوە هێزە چەکدارەکان تەنیا بەرگرییان لە ئەستۆیە، لەو جۆرە سیستمەدا هەلەکانی داگیر کردنی حکوومەت بەکەڵك وەرگرتن لە هێزی نیزامی دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی.

لەو تێبینیانە ناتوانین بەو ئاکامە بگەین کەلە وڵاتانی سەنعەتی دا حکومەتە نیزامی‌یەکان قەت پێك نایەن، یا ئەوەکە سنورێکی ئاشکراو جیاواز لە نێوان دنیای گەشە کردوو و جیهانی سێهەم دا هەیە. هێندێ لە وڵاتانی جیهانی "یەکەم و دووهەم"ی سەردەمی حکومەتی نیزامیەکانیان تاقی کردۆتەوە. بۆ نموونە دەتوانین "ئیسپانیا، پورتەغال، یونان‌و لەهێستان" ناوبەرین. تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەی کە نیزامیەکان دەسەڵاتیان نییە دیسان کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە. لە ڕاستیدا دابین کردنی مەسرەفی هێزەکانی چەکدار ئێستا لە زۆربەی وڵاتان دا بەستراوەتەوە بە داهاتی مالیات کە لە لایەن حکومەتەوە وەردەگیرێ و بە کردەوە ئەو گەرەتنی ئەو بارودۆخە دەکرێ.لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا کاریگەرییەك کە ڕێبەرانی نیزامی تێدەکۆشن لە دانی بڕیاراتی سیاسی دا کەڵکی لێ وەربگرن بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازی

هەیە لە گەڵ ئەو کۆمەڵگایانە کە نیزامییەن خاوەن دەسەڵاتن. ڕێبەرانی نیزامی دەتوانن لە کەرەسەی جیاواز بۆ کاریگەری یا کۆنترۆڵی بەرنامە سیاسی و ئابووریەکانی کەڵك وەربگرن. بۆ وێنە لە ژاپۆن لە کۆتاییەکانی دەهە ١٩٣٠دا ئەرتەش دەستی هەبوو لە قەتڵی سیاسەت مەدارانی گەورەو ڕێبەرانی یەکیەتیی کرێکارییە، یا هێزە چەکدارەکانی فەرانسە لە "الجزایر" ڕایانگەیاند ئەگەر "ژنراڵ دۆگۆل" بە دەسەڵات نەگا لە گەڵ هەموو بەرنامەو سیاسەتیەکی حکومەتی فەرانسە دژایەتی دەکەن و بەو جۆرە باج یان لە حکومەت دەویست.

## کۆمەڵگای نیزامی ـ سەنعەتی"پیشەسازی"

تەنانەت لەو دەوڵەتانەی کە ڕۆڵی ڕاستەوخۆی نیزامی لە سیاسەت دا هەتا ڕادەیەك دیاری کراوە، هێشتا ئیمکانی تێکەڵبوونی بەرژەوەندی نیزامی و سەنعەتی هەر هەیە. هێندێ لە چاوەدێران لە سەر ئەو باوەڕەن کە لەو کۆمەڵگا سەنعەتیانەدا کە خاوەنی ڕێکخراوی گەورەی نیزامین بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەو دیاردەیە دەبیندرێ. "ئایزنهاور" یەکێك لە سەرکۆمارەکانی ئەمریکا وشەی کۆمەڵگای نیزامی – سەنعەتی بۆ مێژووی پێوەندی نیزیکی نیزامی ئابووری لە بواری شەڕەکانی ئەوڕۆ دا بەکارهێناوە. ناوبراو لە سەرەتا دا ئەو وشەیە بە مەبەستی یارمەتیدان بە پێشکەوتنی ڕێك وپێکی زانستو تێکنۆلۆژی لە بەرهەمهێنانی نیزامیدا هێنا کایەوە. بەڵام لە دواییدا پێك هاتنی پێوەندیەکی ئەوتۆ لە نێوان بەشی نیزامی و سەنعەتی دا بە شتێکی مەترسی دار دانا. دەترسا لەو کۆمەڵگا نیزامی – سەنعەتیەدا کە توانایی و هێزە گەیشتوەتە جێگایەك کە بڕیاراتی گرینگ و کاریگەر لە مەڕ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە دەرەوەی سنووری سیاسیدا بدا. هەروەك لە هێندێك چاودێران دواتر بەڵگەیان ئەوەبوو کە لە ئاکامی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەت دا



کۆمەڵگای نیزامی – سەنعەتی بە بەرهەم هێنانی چەك و تەقەمەنی لە دەیەکانی ١٩٥٠ ، ١٩٦٠ دا گەیشتبوونە لوتکەی تەقینەوە، دروستی تێزەکەی "ئایزنهاور"ی زیاتر ئاشکرا کرد وسەنگی ئەو بۆچوونەی کۆمەڵگای نیزامی – سەنعەتی هێنایە ژێر پرسیار. بە داخەوە مانای کۆمەڵگای نیزامی ـ سەنعەتی زۆرجاران بە شێوەیەکی ناروون بەکارهاتووەو ڕادەی تواناو کاریگەری ئەو لە سەر ڕەوتی بڕیاردان ناڕاستەوخۆ باسی لێوە کراوە. بەڵام ئەگەر بگوترێ کە سیستمێکی ئاوا بەسەر ئابووریەکی ئەمڕۆییدا حاکمە بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێ ئاماژە بە دوو مەرج بکرێ: ١– ئەوە کە بازنەی بەربڵاوی چالاکی ئابووری بۆ گەشەساندنی خۆی بەستراوەتەوە بە بەرهەمی نیزامی ٢– لە ئاکامی ئەوەدا کەسانێك کە لە ڕادەی سەرەوەی حکومەت دا قەراریان گرتووە خۆیان ناچار دەبینن کە وڵامدەری ویستی سەنعەتی ڕێبەرانی نیزامیو بەرهەمهێنەرانی چەك بن.

لە هێندێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا بەڵێندەرەکانی "بەرگری نیزامی" کۆمپانیا گەورەکانن. لە نێو ٥٠٠ کۆمپانی گەورەی ئەمریکایی دا نزیکەی بە سێ لە چواری ئەو کۆمپانیانە گەورەترین ڕێکەوتن نامە نیزامیەکان لەگەڵ حکوومەتی ئەمریکا دەبەستن. پێوەندی زیندوو لە نێوان زۆربەی ڕێبەرانی نیزامی و بەڕێوەبەرانی ئاستی سەرەوەی ئەوکۆمپانیانەدا هەیە.

لەماوەی شەڕی وێتنام دا، ڕادەی ٤٠ لە ١٠٠ی گەورەترین کرین و فرۆشتنەکانی ٢٥ بەڵێندەری نیزامی پێوەندی هەبوو بە بەرهەم هێنانی بەرگری. بەڵام ١٥ ساڵ دوای شەڕ ئەو ڕادەیە گەیشتە خوارەوەی ١٠لە ١٠٠ی. بە واتایەکی دیکە ڕادەی بەشداری لە بەرهەم هێنانی نیزامی دا لەگەڵ پێویستی و گوشاری سیاسیدا هاوئاهەنگ دەکرێ نەك بە پێچەوانە.

دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە لە وڵاتی ئەمریکای دا کۆمەڵگای نیزامی – سەنعەتی وانیەیە کە بتوانێ سیاسەتەکانی غەیرە نیزامی وڵاتی ئامریکا بکاتە تەسبیحی دەستی. بەو حاڵەش، بەرهەمهێنانی کەرەسەو پێداویسیتیەکانی نیزامی بەشێکی گرینگ لە ئابووری ئەو وڵاتە پێك دێنن وتێچوو پێوەندیدارەکانیان یەکێك لە مەسەلە گرینگە سیاسیەکانە. لەو ڕووەوە، ڕێبەرانی نیزامی و بەرهەم هێنەرانی کەرەسەی نیزامی کە هێندێك جار وەك تاقمی زەخت کار دەکەن ، زۆر جاران دەتوانن ڕاستە و خۆ یا نا ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریان هەبێ لە سەر بڕیاراتی سیاسی . هەتا ڕادەیەکی زۆریش هەر ئەو بۆچوونە دەتوانین لە پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی سەنعەتی دیکەش دا هەمان بێ، لە گەڵ ئەوەشدا وڵاتانی وەك کاناداش هەیە کە تەشەنەی نیزامیان لاوازە.

## هێزە چەکدارەکان لە جیهانی سێهەم دا

باسەکە بەو پرسیارە دەست پێدەکا، هۆی سەر هەڵدانی ئەو هەموو "کودتا" و حکومەت نیزامی‌یانە چی‌یە کە لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردن دا ڕوودەدەن؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ ناوەڕۆکی جیاوازی ئەو کۆمەڵگایانە بزانین. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە یەکیەتیی بەڕێوەبەریی لاوازە، یا میراتی ڕێژیمە کۆلۆنیالیزمەکانن یا گەلانی نوێن کە لە ناوچەیەك دا پێك هاتون کە پێش لە بوونی ئەوان هیچ چەشنە حکومەتێکی ناوەندی تێدا پێك نەهاتووە. ڕێژیمە کۆلۆنیالیزمەکان ئامانجە هاوبەشەکانی دیموکراتیکەکانیان هان نەدەدا، و ئەوکات کە تەمەنیان بە سەرچوو هیچ بناخەیەکی قورس و قایمیان لە سەر هەستی یەکیەتیی نەتەوەیی پێك نەهێنابوو. لەو وڵاتانەدا کەئەمەگناسی



جۆراوجۆری نەتەوەیی، خێڵەکی و ناوچەیی هەیەو زۆربەی خەڵك ڕەنگە زانیاری‌یەکی کەمیان لە مکانیزمی حکومەتی ناوەندی هەبێ یا هەر ئۆگرییەکیان پێی نەبێ. لەو جۆرە وڵاتانە سیستمی حیزبی زۆر سەقامگیر نین و دەستە و تاقمی تایبەتی کە قازانج و بەرژەوەندی‌یان لەوێ دایە زۆر بە تواناترن لە حیزبەکانن، لەو هەلومەرجە دا ئەرتەش وەك تاقمێك کە لە ڕوانگەی دەرونی‌یەوە یەکگرتوویە و خاوەنی بەرژەوەندی و قازانجی تایبەتییە زۆرجار بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێ دەنێتە مەیدانی سیاسی. لە زۆربەی ئەو وڵاتانە جیاوازی نێوان ئەرتەش و پۆلیس گرینگە و ئەو دووانە زۆرجاران لە ڕێگای یەکەکانی زانیاری نیزامی کە بۆ پاراستنی فەرمانبری و گوێ ڕایەڵی لە نێو خەڵکی غەیرە نیزامی دا کەڵکیان لێوەردەگیرێ، لە گەڵ یەکتر لە پێوەندی دان "janowitz, ١٩٧٧".

لەو وڵاتانەدا کە سیستمێکی جیاوازی پاراستنی نەزم و ئەمنیتی نێوخۆیی، وەك سیستمەکانی ئێستای وڵاتانی سەنعەتی بە شێوەیەکی کاریگەر پێك نەهاتووە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم دا کە هێزە چەکدارەکان بەشداری بەرچاویان هەیە حکومەتی نیزامی لە چاو وڵاتانی دیکە نا ڕاستەوخۆیە. لەو جۆرە وڵاتانە ڕێبەرانی نیزامی، سیاسەتمەدارانی دەست نیشان کراوی خۆیان کە بتوانن چالاکییەکانیان کۆنترۆڵ بکەن لە پۆستی حکوومەت دادەنێن. بەشێوەیەك ئەگەر سیاسەتمەدارانی دەست نیشان کراوی خۆیان کە بتوانن چالاکیەکانیان کۆنترۆڵ بکەن لە پۆستە حکومەتی‌یەکان دا دادەنێن. بەشێوەیەك ئەگەر سیاسەتمەداران لە سیاسەتەکانی جێگای پەسەندی ئەوان لابدەن کودتایی نیزامی دەکەن و پێش ئەوە حکومەت بدەنە دەستی ڕێژیمێکی دیکە بەشێوەی کاتی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن.

# جۆرەکانی حکومەتی نیزامی"عەسکەری"

لە جێگایەك كە هێزەکانی چەکدار تێ دەکۆشن تواناو هێزی ڕاستەوخۆی حکوومەتی بپارێزن ئەوان هەموو ناچارن جۆرە بناخەیەکی رەوا لە نێو چین و توێژەکانی حەشیمەتی ئەو وڵاتە بۆ خۆیان پێك بێنن.

"اموس پرسموتر" سێ جۆرە حکومەتی نیزامی گەورەی ناساندوە. (perlmutter ۱۹۹۶) لە حکومەتی نیزامی دیکتاتۆری دا، دیکتاتۆری سادەی نیزامی یا حاکمیەتی تاك "فرد" هەیە. لەو هەلومەرجەدا ڕێبەرێکی نیزامی هەوڵ دەدا پشتیوانییەکی هەمەلایەنە لەنێو کۆمەڵگا بۆ خۆی دەستەبەر بکا و لەو حاڵەتەدا ئیمکانی زۆری هەیە پۆستی سەرکۆماری بەدەستەوە بگرێ و هیچ هەوڵێك بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ بەڕێوەنابا. جیگیر بوونی دەسەڵاتدار تەنیا بەشێوەیەکی لەرزۆکو بێ پایە دەبێ. بۆ وێنە دەتوانین باسی حکومەتی "عیدی ئەمین" بکەین لە "ئۆگاندا". ئەو جۆرە حکومەتە نیزامیانە لەرزۆك و بێ پایەن چونکە توانا و هێزێکی زۆر لە دەستی تاکەکەسێك دایەو ئەو کەسە هیچ پشتیوانێکی لە نێو کۆمەڵگادا نیە و ئەگەر هەبێ کاتییە و ئەگەر شۆڕش بە دژی ئەو دەسەڵاتدارە بکرێ بە مەرجێك بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی وڵات پشتیوانی لە شۆڕش بکەن، شۆڕش سەردەکەوێ.

**شێوەی دووهەم: حکومەتی نیزامی"عەسکەری" دەستەیی یا گروهی:**

لەو جۆرە سیستمەدا شورایەك كە پێك هاتووە لە ڕێبەرانی نیزامی كە بەسەر وڵات دا حکومەت دەکەن. کەسایەتی سەرەکی ئەو دەستەیە ئیمکانی هەیە کەسایەتیەکی نیزامی یا غەیرەنیزامی بێ كە پشتیوانی هێزە چەکدارەکانی لە پشتە. لەو شێوە سیستمە حکومەتییەدا دەستەی دەسەڵاتدار



هەوڵ دەدەن ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ هەڵبژاردن بەڕێوەبەرن بۆ ئەوە لەو ڕێگایەوە نیشان بدەن كە پشتیوانیی کۆمەڵگایان هەیە بەڵام لە ڕاستی دا ئاکامی هەرجۆرە دەنگ دانێك دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، کە زۆربەی حکومەتەکانی ئێستای وڵاتانی ئەمریکای باشوور لەو بابەتەن بۆ وێنە نیزامی ئارژانتین کە تا ساڵی ۱۹۸۵ لە سەر دەسەڵات بووە.

**شێوەی سێهەم: پراتۆریانیسم "دەسەڵات خواز":**

لەو شێوە حکومەتەدا پێك هاتنێك لە نێوان حکومەتی نیزامی و غەیرە نیزامی دا هەیە و بەڕێوەبەری وڵات بە شێوەی "هاوپەیمانەتی" کارەکان بە ئەستۆوە دەگرێ. تێکەڵاوێك لە ڕێبەرانی نیزامی و غەیرە نیزامی بە سەر وڵات دا حکومەت دەکەن. هەڵبژاردن بە ڕێوە دەچێ بەڵام مەیدانی هەڵبژاردن بە حیزب یا حیزبگەلێك دەدرێ کە دەسەڵات ئەوانی پەسند کردبێ. نموونەیەك لەو شێوە حکومەتە، حکوومەتی "ژنراڵ چیالخق " بوو کە لە ساڵی ۱۹۸۷لە پاکستان دامەزرا . لە سەر یەك، حکوومەتە نیزامیەکان بە هەمان ڕادەی حکومەتە غەیرە نیزامیەکان کە بە شێوەی غەیرە قانوونی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن لەرزۆك و ناجێگیرن. زۆرنین ئەو کۆمەڵگایانەی کە حکومەتی نیزامی توانیبێتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە سەر دەسەڵات بێ و دوای ماوەیەك کە لە دەسەڵات دا بوون لە لایەن حکومەتی غەیرە نیزامیەوە لە سەر کار وەلانراون. زۆربەی حکومەتە نیزامی "خۆپارێز" بوون و پێوەندیەکانیان لە گەڵ خاوەن زەویە گەورەکان و کارگە سەنعەتیەکان دابووە. لە لایەکی دیکەوە جۆرێکی دیکە لە حکومەتی نیزامی لە ئامانجی سوسیالیستی یا لە گۆڕانکاری بە شێوەی ڕادیکاڵ پشتیوانی دەکەن. کە دەتوانین سەرهەنگ قەزافی لە لیبی وەك وێنە بێنینەوە.

## تیرۆریزم و جولانەوە چریکی یەکان

لە هەڵسەنگاندنێك لە نێوان سیستمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاکانی سەردەمی ئێستادا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەڵگاکانی ئێستا زۆر ئارام و لە ڕوانگەی دەرونییەوە ئاشتی خوازن. لە گەڵ ئەوەدا ئەو ڕاستیە ڕەد ناکرێتەوە کە توندوتیژی، کوشتن و کێشەی نێو بنەماڵە و هتد ...... هەیە. بەڵام مەبەست ئەوەیە مەگەر جولانەوەیەکی بە هێز ڕوویدا دەنا هیچ کام لە هۆکارەکانی نێوخۆیی کۆمەڵگا توانای بەرەنگار بوونەوەیان لە گەڵ هێزەچەکدارەکان دا نیە. بەڵام لە کۆمەڵگای نەریتی دا بارودۆخەکە بەو شێوە نەبووە، هێزوو توانای حاکم یا پاشا زۆر جاران لە لایەن فەرماندەرانی نیزامی ناوچەیی، ڕێگرەدەریاییەکان، ڕێگرەکان و ... دەکەوتنە بەر هێرش و تێك ڕوخان.

## تیرۆریزم

تێرۆریزم دیاردەیەکە دژایەتی لەگەڵ هێمنایەتی پێکهێنانی نێو خۆی دەوڵەتەکان دەکاو، هەموومان کەم و زۆر ناسیاویمان لەگەڵ ناوکەی دا هەیە، دەتوانین بەو شێوەیە تێرۆریزم پێناسە بکەین: "کەڵك وەرگرتن لە توندوو تیژی یا هەڕەشە بەکوشتن بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلی سیاسی کە لە لایەن دەستە یا تاقمێك بەڕێوە دەچێ کە هیچ جۆرە شەرعیەتێکی سیاسی‌یان لە کۆمەڵگا وەر نەگرتووە تیرۆریزم ئێستا جێگاو گرینگییەکی تایبەتی لە نێو دەوڵەتەکان دا بۆ خۆی دەستە بەر کردوە ڕاست بەو هۆیەوە کە تەنیا حکومەتەکان ئەو مافە بەخۆیان دەدەن‌و کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی بە دژی نەیارانییان بەشەرعی و قانوونی دەزانن و بەهۆی ئامانجی سیاسی وەك هەڕەشەیەك بەدژی نەتەوەکانی دیکە یا لە شەڕی ڕاستەقینەدا بەکاری دێنن و بەمجۆرە حکومەتەکان



شەرعییەت دەدەن بە تیرۆریزم. تیرۆریستەکان لە وتەکانیان دا دەڵێن کە کردەی ئەوان ڕەوایەتی هەیە و یاساییە و زۆرجاران خۆیان بە ناوی سەرباز ناو دەبەن. واژە و وشەی نیزامی بۆ ڕێکخراوەکانیان هەڵدەبژێرن: وەك ئەرتەشی کۆماری خوازی ئیرلەند "A.R"، بریگاردی سوور لە ئیتالیا .... ئەوان قسە لە مافی سیاسی دەکەن و محاکمەو دادگای شۆڕش پێك دێنن و حوکمی سزاو ئیعدام بە سەر کەس یا کەسان دا دەدەن." Wardlaw ١٩٨٣, Wilkinson, ١٩٨٦" ئەگەر زۆربەی جەماوەر ئەو ئیدعایە کە چالاکی دەستەو تاقمە تیرۆریسیتیەکان چالاکی شەرعی و یاسایی نین زۆر سروشتیە کە پێش بە توندووتیژی هەوسارپساوی تیرۆریستان دەگیردرێ. یەکێك لە کەسایەتییەکانی شانۆی "شون اوکیسی" لە ژێر ناوی "سێبەری پیاوی چەکدار" لەو کاتەدا کە دەپەیڤێت دیفاع دەکا لە حەرەکەتی چەکدارانە لە بەرامبەر بوونی بەریتانیا لە ئیرلەند بەم جۆرە ئەم بۆ چوونە دێنێتە بەر باس: "ئەوە غەیرە نیزامییەکانن کە زیان دەبینن، کاتێك کە هێرشێکی لە ناکاو و غافڵگیرانە بەڕێوە دەچێ ئەوان نازانن بەرەو کوێ ڕابکەن، تەقە لە پشتی سەرەوە بۆ ڕزگاری ئیرلەند! من بۆ خۆم ناسیۆنالیستم. ئەوە ڕاستە .... من لە سەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ ئیرلەند ئازادبێ و ئینگلترا مافی ئەوەی نیە لێرەبێ. بەڵام ئەوکاتە بۆ من کێشەکە جیاوازی دەبێ کە گوێ بیست دەبم کە پیاوانی چەکدار بۆ لەبەر نەتەوەکەیان دەمرن، هەتا ئەوکاتەی کە گوێ بیست بم کە ئەو خەڵکە لەبەر خاتری پیاوانی چەکدار دەمرن". وەرگیراوە لە " o` casey, wilkinsan, ١٩٧٤, p, ٨٧".

وشەی تیرۆریزم دەگەڕێتەوە بۆ شۆرشی ساڵی ١٧٨٩ فەرانسە. هەزاران کەس سەریان کەوتە بەر تیغی گیوتین، لە سەرەتادا کەسانێك لە چینی نەجیب

زادەکان بەڵام لە دوایی دا بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی فەرانسە تووشی گرتن و سەر برین بوون. لەو کاتەوە هەتا ئێستا تیرۆر بە مانای کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی بە مەبەستی خوڵقاندنی ترس لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە.

کردەوەی نازیەکان لە ئاڵمان، یا پۆلیسی نهێنی ڕووسەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی "ستالین" دا وێنەی زۆر بەرچاو و ترسێنەری تیرۆرن. بە درێژایی دوو سەدەی ڕابردوو دەوڵەتەکان زۆر زیاتر لە دەستەو تاقمی شۆڕشگێڕ لە ئاستی یاساو ڕێساکانی مرۆڤایەتی دا ملیان باداوە و بێ حورمەتی و هێرشیان بردۆتە سەر پرنسیپە مرۆڤایەتییەکان. بەڵام بە مەبەستی خۆ پاراستن لە شك و گومان ڕەنگە وایان پێ باش بێ کە وشەی تیرۆر تەنیا لە پێوەندی کەسانێك دا بەکار بێنن کە بەتایبەتی پێویستی بەربەرەکانیان لە گەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتەکان دا هەیە. بەڵام ئەو پێناسە ناتوانێ ڕوونو بێ کەم و کوڕی بێ. ڕەنگە تیرۆریستان لە لایەن ڕێکخراو و ئەحزابی وەهاوە پشتیوانیان لێ بکرێ کە ئەو ڕێکخراوانە لە قۆناغێك دا ببنە حکومەت و دەسەڵات ، یا ڕەنگە بەشێك بن لەو ڕێکخراوانە.

لە دەیە ١٩٤٠ی زاینی دا کە حکومەتی ئیسرائیل پێك هات هێندێك لە کەسایەتیەکانی پێکهاتەی ئەو دەوڵەتە بەمەبەستی پێك هێنانی دەولەتێکی ئیسرائیلی لە چالاکی تیرۆریستی سالەکانی پێشوودا بەشدار بوون . بەڵام بە پێچەوانەوە کردەوەکانی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین لە ڕوانگەی دەوڵەتەکانەوە بە کردەوەی تیرۆریستی دادەنرێ لە حالێك دا ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین لە لایەن زۆربەی خەڵکی فەلەستینەوە پشتیووانی لێ دەکرێ.



## تێچونە نیزامییەکانیی جیهان و چەك و تەقەمەنی

تێچونی نیزامی جیهان لە کۆتایی سەدەی ١٩ بەو لاوە بەرەو سەرێ چووە و ئێستا هەروا بەرەو سەرتر دەچێ. لە شەڕی جیهانی دووهەمەوە هەتا ئێستا تێچووی نیزامی لە چاو سەردەمی ئاشتی دا هەڵکشانێکی زۆری بە خۆیەوە دیووە و کەرەسەی نیزامی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا پێشکەوتووتر و کارامەتر بوون.

لە ساڵی ١٩٧٧دا تێچووی نیزامیی یەك ڕۆژ لە جیهان دا لە سنووری یەك ملیارد تێپەڕبووە کە نیشاندەری تێچوونێك بەرامبەر بە ٥٠ میلیۆن دۆلار لە کاتژمێرێك دایەو لەو کاتەوە لەسەر یەك تێچووی نیزامی بۆتە دوو بەرامبەر و لە ساڵی ١٩٨٥ ڕا بۆتە ٦٢٣ میلیارد دۆلار لە ساڵ دا. گەورەترین بەشی ئەو تێچوونە وڵاتانی جیهانی یەکەم بەکاریان هێناوە کە بەشی ئەو وڵاتانە لە ساڵدا ٤٨٠ ملیارد دۆلار دیاری کراوە. تێچووی نیزامی جیهان لە هەموو بەرهەمی ناپوختەی کیشوەری ئەفریقا و ئاسیا ئەگەر ژاپۆنیش لە گەڵ ئاسیا بێتە ئەژمار زیاترە. هەر بەو جۆرە کە نووسەرێك دەڵێ: واوێدەچێ کە ناوی ژاپۆن لە نێو ئابووری جیهان دا بوونی هەیە، بێ ئەوەی لە ڕوانگەی سیاسییەوە بەرەسمی ناسرابێ. ڕادەی تێچوو نیزامییەکان لە بەرامبەر تێکڕای هەزینە دەوڵەتییەکان وڵاتان جیاوازی هەیە. لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌دا کەمترین نرخی تێچووی نیزامی لە ساڵ دا هی دەوڵەتی "لوکزامبۆرگ"ە بەنرخی ٩٪ لە ساڵی ١٩٨٣. ئاڵمانی ڕۆژئاوا ٣,٣٪ لە تێکڕای بەرهەمی نێوخۆی بۆ ئامانجی نیزامی تەرخان کردبوو. بریتانیا ٤\٥ لە ١٠٠و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٦\٦لە ١٠٠ لە تێکڕای بەرهەمی نێو خۆیان بۆ ئامانجی نیزامی تەرخان کردبوو.

## چەکی ناوکی

ئەگەرچی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەو نێونەتەوەییەکان دەبێ پێش بە پەرەپێدانی چەکە ناوکییەکان بگرن بەڵام پاشەکەوت کردنی ئەو چەکە ناوکی‌یانە لە جیهاندا هەروا لە پەرە گرتن دایە. ئێستا نزیك بە ٥٠٠٠٠کلاوی ناوکی بەهۆی ئەو وڵاتانە کە هێزی ناوکیان هەیە کۆنترۆڵ دەکرێن و لە ژێر چاودێری دان. هەرچەندە قورخانەی هێندێك لە وڵاتان بچووکترە لە هێندێك وڵاتانی دیکە بەڵام هەبوونی تەنانەت ڕادەیەکی زۆر کەمیش لە چەکی ناوکی دەتوانێ توانایەکی گەلێك بە هێز بێ بۆ کاولکاری.

## چەکی شیمیایی "کیمیایی"

پێشکەوتنی تکنۆلۆژی لە بواری جیاجیادا توانایەکی تازە بە هێزی نیزامی دەدا. بە پێچەوانەی ڕێکەوتننامەکانی نێونەتەوەیی بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی و بیولۆژیکی لە وڵاتانی جیاوازدا لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو چەکانە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە دیووە. ئەو کێشەیە بەدوای دەربڕینی ناڕەزایەتیی گشتی لە پێوەندی لە گەڵ چارەنووسی ئەو سەربازانەی کە لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا کەوتبوونە بەر هێرشی "گازی خەردەل" زەق بووە و بوو بەهۆی ئەوەی کەچەندین وڵات ڕێکەوتننامە مۆر بکەن وڵاتانی وەك ئەمریکاو شوورەوی مەرجەکانی ڕێکەوتننامەکەیان قەبووڵ کرد بەڵام ئەو مافەیان بۆ خۆیان هێشتەوە کە لەو جۆرە چەکانەوەچەکی دیفاعییان لە ئەختیار دابێ واتە سیاسەتی "مست لە بەرامبەر مست دا" بەو مانایە ئەگەر دەوڵەتێك بە دژی دەوڵەتێکی دیکە بەکاری هێنا دەوڵەتی هێرش بۆ کراویش ئەو مافەی هەبێ کەڵك لەو جۆرە چەکانە وەربگرێ. بەو جۆرە ئەوان



زەواتخانەی چەکە کیمیاویەکان و بیولۆژیکی خۆیان ڕاگرت و بەهیچ لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی ئەو چەکانەیان ڕانەگرت.

ئەمریکا بەرنامەیەکی بۆ پەرەپێدان و سازکردنی چەکی تێکەڵاوی گازی دەماغ هەیە کە ئەوکاتە لە ئەنبارەکان ڕادەگیرێ بە شێوەی مادەی کیمیایەو تەنیا کاتێك دەهاوێژرێ کە لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو دەبن و دەبێتە چەکێکی کوشندە. حکوومەتی "ریگان" لە ساڵەکانی ٤ — ١٩٨٢ زۆری هەوڵ دا هەتا کۆنگرەی ئەمریکا ڕازی بکا کە تێچووی ماڵی بۆ پرۆژەی گواستنەوە و لێکۆڵینەوە بۆ بەرهەمهێنانی "گازی دەماغ" تەرخان بکا بەڵام کۆنگرە ئەم پرۆژەیەی پەسەند نەکرد هەربۆیە لەو پێوەندیەدا هێندێك باس لە نێو "ناتۆ" کراوەو بە حاڵەتی ئاوالە هێشترایەوە. مادەی کیمیایی کەوەك چەکی کوشندە کەڵکی لـێ وەردەگیرێ بە کەڵك وەرگرتن لە موشەك بەدژی ئامانج بەکاردێ "turner, ١٩٨٥, p٥١, ٨".

حکوومەتی شوورەوی، ئەمریکای بە کەڵك وەرگرتن لە چەکی کیمیایی و بیولۆژیکی بە دژی ویتنام لە سەرەتاکانی دەیە ١٩٧٠ تاوانبار کرد و ئەمریکاش بە نۆرەی خۆی ڕایگەیاند کە هێزەکانی ویتنامی باکوور کەڵکیان لە مادەیەکی ژەهری وەرگرتووە کە حکوومەتی شوورەوی پێی داون. ئەو مادەیە بە "بارانی زەرد" ناوبانگی دەرکرد چونکە ئەوکەسانەی بۆمبارانەکەیان دیتبوو باسی هاتنەخواری ژەهرێکی زەردیان لە ئاسمان دەکرد. دەرخستنی ڕاستی و دروستی ئەو ئیدعایەوئیدعاکانی لایەنی دیکە دژوار بوو. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە چەکی کیمیایی لە شەڕێ ئەم دوایانەی ئێران ـ عێراق[٢] کەڵکی لێ وەرگیراوە.

[٢] کیمیا بارانی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨

پشكێنەرانی نەتەوە یەكگرتوەكان كە چاویان بەو كەسانەی كەوت كە بەر گازی كیمیاییو توانیان ئەوە بسەلمێننو رابگەیەنن كە گازی "خەردەل" لە دژی ئەوان بەكار هاتووە و لەسەر ئەو باوەرەبوون كە ئەو گازە لە نێو خۆی عێراقدا بەرهەم دێ و گومانی ئەوە دێتە گۆڕێ كە زۆربەی وڵاتەكان ئیمكانی ئەوەیان هەیە كە بە نهێنی خەریكی بەرهەم هێنانی چەكی كیمیایی یا بیولۆژیكی بن.

بۆ پێشگیری لەوە كە دەوڵەتەكان نەتوانن لە تكنیكی سەنعەتیی نوێ بە مەبەستی بەرهەم هێنانی چەكی كیمیایی و بیولۆژیكی كەڵك وەربگرن كارێكی ئەو تۆمان لەدەست نایە. شتێكی سروشتیـیە لە ناو پێشكەوتنی زانستو تێكنۆلۆژیو ئیمكانی بەرهەم هێنانی چەكی جۆراو جۆر دا پێوەندی ڕاستەوخۆ هەیە. هەروەها پێوەندییەكی نزیك لە نێوان وزەی ناوكی و توانای دروست كردنی چەكی ناوكی دا هەیە. ئەگەر بەستراوەیی بە هێزی ناوكی وەك سەرچاوەیەكی گرینگی وزە لە سەرانسەری جیهاندا چاو لێ بكرێ "هێندێك وڵاتانی ڕۆژئاوایش ئەو مەسەلەیە تەشویق دەكەن" ئەوكات بە زۆربەی دەوڵەتان ئیمكانی ئەوە دەردرێ كە چەكی ناوكیـیان هەبێ و بتوانن بەرهەمی بێنن. لە ساڵی ١٩٨٦ دا ٢٦ وڵات كە تا ئێستا ڕوون نیە چەكی ناوكیان هەبێ لە "ڕاكتۆری" ناوكی كەڵكیان وەرگرتووە.

## " بازرگانیی چەك"

بازرگانیی چەك كاریگەریەكی بنەڕەتی هەیە لە سەرشێوەی پێكهاتەی ڕێكخراوی نیزامی. حكوومەتەكان و كۆمپانیا تایبەتیەكانیش چەك دەفرۆشن و بازرگانیی چەك وەك زۆربەی شتەكانی دیكە لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریكاو شوورەوی دایە. هەریەك لە زلهێزەكان لە سیستمی یەكیەتیی جیهانی خۆیان دا خەریكی ناردنی چەك و تەقەمەنین و زۆربەی ئەو چەكانە لە گەڵ ڕاهێنانی



نیزامی ئەرتەشی دەوڵەتەكانی هاوپەیمانی خۆیاندا ڕێك دەخەن. لە شەڕی دوو هەمی جیهانیەوە هەتا ئێستا ئەمریكا ڕادەی ٨٠٠٠٠ میلیۆن دۆلار بە شێوەی قەرز یا یارمەتی داوە بەو وڵاتانە كە لە ژێر ناوی یەكیەتییە جۆراوجۆرەكان دا پێكی هێناون بە مەبەستی گەشەپێدانی گەڵاڵەو پلانی نیزامی ئەو وڵاتانە. هەروەها ئەمریكا بۆ بارهێنانی سەربازانی ئەو وڵاتانە، پسپۆرانی نیزامی لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا بۆ ئەو وڵاتانە ناردووە. ئەوی دیارە یارمەتیی یەكیەتیی سۆڤییەتیش "شوورەوی" بە هاوپەیمانانی لە گەڵ ئەودا كەمترە لە ئەمریكا بەڵام ئەو یارمەتییە تا ڕوخانی هەر بەردەوام بووە. رووسەكان گرینگی و سەرنجی خۆیان زیاتر داوە بە ئوروپای ڕۆژهەڵات و چەند موشتەری گرینگی دیكە لەبواری ستراتیژیەوە بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست . ناردنی چەك بە هۆی حكومەتی ئەو وڵاتەگەورانەی كە بەرهەم هێنەری چەكن كۆنترۆڵ دەكرێ و موعامەلەی چەك پێویستی بە دەركردنی ئیزن نامە هەیە واتە "پروانە صادرات". لە ئاكام دا موعامەلەی چەك و كۆنترۆڵی چەك لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكی دیكە بە تەواوی ئاسانە، بێجگە لە هێندێك موعامەلەی چووك و غەیرە نایاسایی. وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە پلەی یەكەم و بەدوای ئەودا شوورەوی "رووسیە" بە پلەی دووهەم قەرار دەگرن. ڕادەی ٢لە ٣ی توجارەتی چەك بریتیـیە لەو چەكانەی كە لە وڵاتانی سەنعەتیـدا بەرهەم دێن و لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا بڵاو دەبنەوە و بێجگە لە چەكی سووك و كەرەسەی پشتیوانی، سیستمی چەكی پێشكەوتووشیان لە گەڵ دایە.

لە بیست ساڵی یەكەمی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دا زۆربەی ئەو چەكانەی ناردراونە وڵاتانی دیكەی لە حاڵی گەشەكردن دا كۆن بوون و لە ئەرتەشی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانیـدا لەبێ كەڵك ببون بەڵام لە سەردەمی ئێستا

دا ئالۆزترین سیستمی چەك و تەقەمەنی، جیا لەو سیستمانەی کە زامنی توانای ناوکین، بەو وڵاتانە دەفرۆشرێن کە توانای کڕینی ئەو سیستمانەیان هەبێ. هەربۆیە، هێندێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کەرەسەی شەڕیان بە ڕادەی پێشکەوتن لە ئەرتەشی ئەمریکا یا شوورەوی لە ئەختیاردایە. بێجگە لە ئەمریکا، چەندین هێزی سەنعەتی گرینگی ڕۆژئاوایی وەك فەرانسە و بریتانیا گەورەترین هەناردەی چەك و تەقەمەنین بۆ وڵاتانی دیکە.

لە سەرەتایی دەیەی ١٩٨٠ لە سەریەك ڕێژەی بازرگانیی جیهانی چەك هەتا ڕادەیەك هاتە خوارو دابەزینی بە خۆیەوە دی. زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم کە بە هۆی لاواز بوونی ئابووری جیهانی و قەرزدار بوون بە وڵاتانی خارجی، تووشی قەیرانی ئابووری ببوون و لە بەرامبەر چارەسەری ئەو قەیرانانەدا دەستەوەتانن، ئیدی توانای کرینی چەك و تەقەمەنی گەورەیان نیە و لە لایەکی دیکەوە ڕادەی ڕوو لە زیاد بوونی وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردن کە ئێستا بۆ خۆیان خاوەنی سەنعەتی چەك سازین و کەمترین پێویستیان بە سەرچاوەکانی ماڵی ڕۆژئاوایی یا "شوورەوی" نیە. بەڵکوو بەپێچەوانە زۆر چالاکانە بە هێنانی کەڵ و پەلی نیزامی خۆیان بۆ بازاری جیهانی خەریکی کێبەرکێ لە گەڵ ئەو وڵاتانە دان.

بازرگانیی چەك کاریگەری گرینگی لە سەر ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهانی یەکەم و دووهەم و سێهەمدا هەیە. وڵاتانی گەورەی ڕۆژئاواییو، شوورەوی "یەکیەتیی سۆڤیەت" لە ڕوانگەی ماڵیەوە لە بازرگانی چەك قازانج دەکەن. حکوومەت و کەرتی پیشەسازی تایبەت کە کەل و پەلی نیزامی بەرهەم دێنن بە ڕادەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوە و پەرە پێداندا سەرمایە گوزاری دەکەن، تاکوو بگەن بە تکنۆلۆژیای نوێ چەك و چۆڵ. تێچووی ئەوچەشنە سەرمایە گوزاریانە



بە فرۆشی چەك بە موشتەری خاریجی بە ڕادەیەکی بەرچاو دەتوانی قەرە بوو بێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، وڵاتانی جیهانی سێهەم کە لە وڵاتانی پێشکەتووی سەنعەتی چەك دەکرن زۆرجار بە نرخی گوشار هێنانێکی زۆر بۆ سەر ئابووری وڵاتەکەیان ئەو کارە بەڕێوە دەبەن لە کاتێك دا کە ئابووری ئەو وڵاتانە زۆر لاوازتر لە ئابووری وڵاتانی سەنعەتیە. بۆ ئەو جۆرە وڵاتانە بازرگانیی چەك ئاکامێکی دڵخوازی نیە. لە جێگایەك کە نیزامیەکان بەهێزن یا بەکردەوە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە بەردەوام دەتوانن زەخت بێنن بۆ هێنانی کەرەسەی نیزامی. ئەو کێشەیە بە نۆرەی خۆی هەڵکەوتەیی ئەوان بە هێز دەکا، ئەوە لە حاڵێك دایە کە سەرچاوە ئابووریەکان بۆ گەلاڵە و پرۆژە ئاوەدانیەکانی دیکەی وڵات، وەك کرێنی کەرەسەی وەرزێری، کەرەسەی بەرهەم هێنانی کارەبا یا تکنۆلۆژی بەرهەم هێنان و دروست کردنیان لە وڵات دا پێویستن.

## کێ بەرکێی چەك و تەقەمەنی

بازرگانیی چەك یارمەتی دەدا بە کێ بەرکێی چەك و تەقەمەنی جیهانی و رکەبەرایەتی نێوان دەوڵەتەکان بۆ بەرابەری یا پێشکەوتن لە یەکتر لە ڕوانگەی نیزامیەوە. بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی ئەو کێ بەرکێیە دەبی لەوە تێ بگەین کە بۆچی دەوڵەتەکان ئۆگریان بە زیادکردنی هێزی نیزامی خۆیان هەیە.

**یەکەم:** وڵاتێك لە ڕوانگەی نیزامییەوە بەهێزبێ دەتوانێ هیوادار بێ کە دەوڵەتی دیکە ناتوانێ هێرشی بۆ بکا.

**دووهەم:** هێزی نیزامی دەتوانی بۆ بەدەست هێنانی خاکی نوێ یا هەوڵدان بۆ بەدەست خستنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان لە ڕێگای

**سەرکەوتنی نیزامی کەڵکی لێ وەربگیرێ. بە گوتەی "فون کلاسوئیس" شەڕ کەرەسەیەکە بۆ گەیشتن بەئامانجی نەتەوەیی و لە وجێگایە کە کردەوەی ئاشتی خوازانە یا دیپلۆماتیك ناتوانن چارەساز بن هێز دواین قسە دەکات.**

**سێهەم: لە سەردەمی ئاشتیدا، هێزی نیزامی دەتوانێ وەك کەرەسەی گوشارهێنان کەڵکی لێ وەربگیردرێ، چونکە هەڕەشەو بەکارهێنانی ڕەنگە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێك بەس بێ.**

**چوارەم:** ئەگەر وڵاتێك هێرشی بۆ بکرێ دەبێ توانای نیزامی هەبێ بۆ بەرگری. بەرگری وەك واژەی هاوسەنگ لە گەل ّپێداویستییەکانی نیزامی بەکار دەبرێ چونکە هیچ حکومەتێك نایهەوێ خۆی وەك هێرشبەری ئەگەری بەدژی ئەوی دیکە بناسێنێ.

ئەو تێبینیانە لە یەکەمین قۆناخی سەنعەتی بوونی شەڕ لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەهەم هەتا ئێستا لە پشتی ئەو کێ بەرکێیانەدان کە لە بواری پێشکەوتنی نیزامی لە نێوان وڵاتانی جیاوازدا هەیە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەوە سەلمێندراوە کە شەڕ بەستراروەتەوە بە پێشکەوتنی تکنۆلۆژی و بردنە سەری ڕادەی تەکنەلۆژیای چەکسازی. ناوەندی سەرەکی کێ بەرکێی چەك و تەقەمەنی لە سەردەمی شەڕی سارد دا لە نێوان دوو بەرهەم هێنەری چەك لە جیهاندا واتە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکیەتیی سۆڤیەت دابوو. کێبەرکێی چەك و تەقەمەنی لە نێوان دوو زل هێزدا بە "کردەوە و دژکردەوە" ناوبانگی درەکردبوو و دەناسرا. حکوومەتی هەر وڵاتێك دیروانییە نوێ سازی وڵاتێکی دیکە هەتا بەرنامەی پەرەپێدانی چەك و تەقەمەنی خۆی لە گەڵ ئەودا هاوسەنگ بکا. نیزامییەکان لە هەرکام لەو دوو کۆمەڵگایە دا لە سەر ئیدعای



خۆیان سەبارەت بەو شتە کە بەگومانی ئەوان ڕێبەرانی نیزامیی لایەنەکەی تر لەسەر بەرنامە داڕشتن سوور بوون و بۆ بەدەست هێنانی ئەو هاوسەنگیە دەبێ بەردەوام لێکۆڵینەوە درێژەی هەبێ. زۆربەی جاران ڕێبەرانی سیاسی یا نیزامی بۆ زانایانی بواری چەك سازی ئامانج گەلێك دیاری دەکەن کە دەبێ بۆ وەدەست هێنانی ئەوان تێ بکۆشن. بۆ وێنە: حاڵەتێکی ئاوا لە پێوەندی دروست کردنی بۆمبی ناوکی یەکێك لە گەورەترین دەستەی زانستی کە تا ئەوکات وێنەی نەدیترابوو کۆکرانەوە ئەوە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە چونکە خوێندنەوەی زانستی لە پێوەندی پەرەپێدانی چەکەکان ببوو بە چالاکییەکی بەردەوام بۆ وێنە جاری وابوو چەکێك دروست دەبوو. دوای تاقی کاری هێزە چەکدارەکان پێویستیان پێ دەبوو. بەو جۆرە کاتێك لە دروست کردنی چەکی ناوکی ڕا ئاشکرا کرا کە دەتوانرێ چەندین بۆمبی ناوکی دروست بکرێو لە ساڵانی دوایی دا ئەو سەنعەتە گەشەی کرد کە ئێستا دەتوانرێ موشەکێکی دوورهاوێژ هەلگری چەن کڵاوەی ناوکی بێ بە شێوەیەك کە بتوانێ ئامانجی جیاواز بپێکێ. هێزە چەکدارەکان زۆر بە خۆشحاڵیەوە بەرەو پیری ئەو تکنۆلۆژیە نوێیە ڕۆیشتن کاتێك کە ئەو تکنۆلۆژیە پێشکەوتنی زیاتری بە خۆیەوە دی ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات بەلگاندنی ئەوانیش سەبارەت بە پێویستی ئەو تکنۆلۆژیە ئاڵو گۆڕی بە سەرداهات.

## جیهانی بێ شەڕ:

مەترسیی لە ناوچوون بەهۆی چەکی ناوکیيەوە ئێستا بۆتە مەترسیەکی هەمیشەیی. لە کاتی هەڵایسانی شەڕێکی بە تەواوی مانا ناوکی، کاریگەریی جیهانی ئەو شەڕە بە ڕادەیەك ترسێنەر دەبێ کە ڕەنگە تەنیا ڕادەیەکی کەم لە خەڵك لە ناوچە دوورە دەستەکان زیندو بمێننەوە. هیچ کەس ناتوانێ لێکی

بداتەوە کە لە نێوچوونی مرۆڤایەتی هەتا چ ڕادەیەك دەبێ، ئیمکانی هەیە بە هۆی کاریگەریی "کەشوهەوای ئیکۆلۆژی" دوای دەورەیەکی کورت هاوڕێ لە گەڵ جۆرەکانی دیکەی ژیان لە سەر گۆی زەوی بە تەواوی لە نێو بچن و نابود بن. ئاکامی ئەوە ڕەنگە ببێتە کۆمەڵگایەکی زیندەوەر و گیاو گۆل وردو بچووك لە حاڵێك دا هەموو بوونەوەری بەرزتر لە نێو چوون، "schell, ١٩٨٢, chapter".

ڕاستە بەکارهێنانی چەکی ناوکی بەو شێوە کارەسات خوڵقێنەر بەستراوەتەوە بە هەلومەرجێکەوە کە بەڕواڵەت پێشبینی ناکرێت. ئێمە دەتوانین ژیانی ڕۆژانەی خۆمان درێژە پێبدەین بێ ئەوە کە هەموو کاتێك سەبارەت بە هەڕەشەی خاپوورکردنی شەڕی ناوکی‌یەوە دووچاری نیگرانی و دڵە ڕاوکێ بین. لە مێژوودا ئێمە یەکەم بەرەی مرۆڤین کە لەگەڵ ئەو ڕاستیە دەژین کە سەرەتای ژیانمان ئیمکانی هەیە هاوکات بێ لە گەڵ کۆتایی ژیانی مرۆڤایەتی. ئەگەر ئەو ڕاستی‌یە تا ڕادەیەکی زۆر کەمیش لە ئەندیشەو فکری زۆربەی تاکەکان دا جێبگرێ بێ شك بە هۆی تەسلیم تەلەبی یا لە ڕووی ناچاریەوە زۆربەی ئێمە باسیکی وامان لەو بارەیەوە نیە. لە گەڵ ئەوەدا خوێندنەوەی کاریگەریی شەڕی ناوکی لە بواری دەرون ناسی‌یەوە نیشاندەری ئەوەیە کە ڕەنگە ترس و دڵە خورپەیەکی نهێنی هەبێ کە خەڵکانێکی تا ڕادەیەك دیاری کراو توانای دەربڕینی ئەو ڕاستیەیان هەیە. بە تایبەتی لە نێو منداڵان دا وا وێدەچێ دۆخێکی ترس خوڵقێن هەبێ و ئەوان زیاتر دژایەتی چەکی ناوکی دەکەن. "liftonetal, ١٩٨٢".

پەرەپێدانی ئەوچەکانە کە توانای لە ناو بردنی مرۆڤایەتیان هەیە ئاکامی سەنعەتی بوونی شەڕە، دیاردەیەك کە نزیك بە ٢٠٠ ساڵ پێش دەستی پێ کردوە. بێجگە لەوە کە دەبێ جۆرە وەرچەرخانێکی سیاسی بنەڕەتی ڕوویدا و



هەموو دەوڵەتەکان ڕازی بن کە دروست کردنی چەکە ناوکیەکان قەدەغە بکرێ، دەبێ هەر کەس بۆ دواڕۆژێکی نادیار لە ژێر سێبەری جەهەنمێکی ناوکی چاوەڕوان کراودا ژیان بکا، تەنانەت ئەگەر هەموو چەکە ناوکیەکانیش بەتەواوی لەنێو بچن "کە ئەگەری شتی وا کەمە". چونکە زانستێك کە ئەوانی خوڵقاند ناتوانێ لەناوبچێ. بێجگە لەوەش، بەدوور دەزانرێ کە بەکارهێنانی بەردەوامی زانست و تەکنۆلۆژی لە پێوەندی پەرەپێدانی چەکەکان کەم بکرێتەوە. چەکە ناوکیەکان پێویست ترین یا ڕوخێنەرترین چەك نین کە مرۆڤ توانای دروست کردن و خوڵقاندنیانی هەیە.

لەگەڵ ئەو ڕاستیە و لەگەڵ ئەوەش دا کە لە سەدەی ڕابردوو دا شەڕ هەر درێژەی بووە بەڵام بیرو ئەندیشەی جیهانێکی بێ شەڕیش هەروا بە خۆرایی نیە و دەتوانرێ جیهانێکی بێ شەڕ بوونی هەبێ. هێندێك لە بیرۆکە سەرەکییەکان کە لە ڕابردو دا دەبوونە هۆی دەست پێ کردنی شەڕ، وەك شەڕ بۆ بەدەست هێنانی خاکی نوێ، لە جیهانی ئێستادا مانای خۆیان لەدەست داوە. کۆمەڵگای ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا زیاتر لە هەر سەردەمێك بەستراون بە یەك و زۆربەی سنوورەکانیان دیاری کراوە. شەڕی ناوکی ئاکامێکی ترسناکی هەیە کە ناتوانرێ بۆ بەدەست هێنانی هیچ ئامانجێکی سیاسی یا ئابووری کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەو جۆرە سەنعەتی بوونی شەڕ بارودۆخێکی پێك هێناوە کە لەودا شەڕی چەکدارانە بە کەڵك وەرگرتن لە بەرزترین تکنۆلۆژی مەوجود ئامانجێکی عەقلانی نیە.

ناسینی ئەو بارودۆخە ڕەنگە بتوانی بەو ڕوانگەیە، قوراساییەکی زۆرتر بدا کە پێویستە کەرەسەی غەیرە شەڕوو تێك هەڵچوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی جیهان بدۆزرێتەوە بەڵام ئەگەر لەو

ڕادەیە زیاتر گەشبین بین بۆچوونێکی زۆر ساکار و لاواز دەبێ. ئەگەر شەڕێکی ناوەکی ئیمکانی هەیە "بە هەڵکەوت" لە ئاکامی نەقسی فەنی یا بە هۆی کردەوەی ڕێبەرانی سیاسی غەیرە بەرپرس  دەست پێ بکا. لە گەڵ هەموو ئەوانەدا پێك هێنانی جیهانێکی ئازاد و بێ شەڕ لە دوا ڕۆژێکی درێژخایەن دا زۆر لە ڕاستیبە دور نیە.

## ئاکام

١- هەڵگیرسانی شەڕ یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی پەرەپێدانی سەرەتایی دەوڵەتەکانە. شەڕ و تێك هەڵچوونەکان ڕۆڵی بنەڕەتیان هەبوو لە خوڵقاندنی نەقشەی جیهانیدا بەم جۆرە کە ئێستا هەیە. پەرەپێدانی سپا و هێزی چەکداری سەردەمی ئێستا پێوەندی هەیە بە سەرهەڵدانی سەنعەت لە سەدەی هەژدەدا. شیرکەتە گەورە یا چووکەکان هەموویان خەریکی دروست کردنی کەرەسەی نیزامی بوون و فەن ئاوەری تازەیان لاگرینگ بوو و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ڕۆڵێکی گەورەیان لە پەرپێدانی ئیمکاناتی نیزامی و شەڕدا بینیوە.

٢- شەڕ ئاکامی هەڵچوونی دەروونی مرۆڤە. چونکە دەبێ ئەفراد بۆ کوشتن رابهێنرێن. تائێستا بۆ بەدەست هێنانی وڵات یا سەرچاوەی ژێرزەوی یا بە هۆی وێك کەوتنی ئیدۆلۆژی و مەزهەبەکان شەڕ دەستی پێکردوە.

٣- ئەرتەشەکانی ئێستا سازماندراون و بەتەواوی ڕێکخراوی بۆرۆکراتیکن‌و کەسانی پێکهێنەرانی ئەرتەشەکان لە چەند ئەفسەری خاوەن پلەو پایەی تەواو وەخت پێك هاتوون. ئەگەرچی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی زۆربەی دەوڵەتەکانی ئێستا ئیمکانی دەسەڵاتی نیزامییەکان ڕەد دەکەنەوە بەڵام زۆرجار لە ڕەوتی



بڕیاردان دا بە تایبەتی لە کاتی هەستیار و چارەنووس سازدا ئەرتەش کاریگەری بەرچاوی دەبێ.

٤- شەڕ هەموو کاتێك چالاکیەکی پیاوانە بووە بەڵام ژنانیش مەیلی پشتیوانی کردن لە شەڕیان بووە، لە سەردەمی ئێستادا ژنان لە هێندێك ئەرتەشەکانی وڵاتان دا ڕۆڵی شەڕکەریان پێ دراوە. هیچ هۆ و بەڵگەیەکی زاتی و ئەقڵ پەسەند نیە کە بۆچی ژنان کەمتر لە پیاوان لە شەڕەکان دا بە شداربوون.

٥- لە هێندێك لە وڵاتان نیزامیەکان ڕاستەوخۆ حکوومەت دەکەن بەڵام زۆربەی حکوومەتە نیزامیەکان ناجێگیرن. لە حاڵێك دا لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا زۆربەی حکومەتە نیزامیەکان سەقامیان گرتووە. و چەندین وڵاتی سەنعەتیش دەورەیەکیان لە حکوومەتی نیزامی ئەزموون کردوە.

٦- تایبەتمەندییەکی گرینگی کۆمەڵگای ئێستا ئەوەیە کە ڕادەی تواناو هێزی نیزامیان یا پۆلیسی ئەو وڵاتانە پێویست بۆ کۆنترۆڵ بارودۆخی نێو کۆمەڵگا بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات. تاقمە تیرۆریستییەکان و جوڵانەوە چریکیەکان لە هەمان نوێنگەی شەرعییەتی ئەرتەشەکان و حکوومەتە ڕەسمیەکان بەهرەمەند دەبن.

٧- هەتا دەستەو تاقمی چریکی بە هۆی دەوڵەتەوە بکەونە ژێر ئەزیەت و ئازار بەو ڕادەیە مەجبوور دەبن زۆرتر بە نهێنی خەریکی چالاکی بن و کەڵك وەرگرتن لە توندو تیژی بێ بەزەیانە زیاتر دەبێ، ئەگەرچی حکوومەتەکان لە گەڵ چالاکی و کردەی تیرۆریستی لە نێو خۆی سنوورەکانی خۆیان دا دژایەتی دەکەن بەڵام گەلێك جاران هاندەری جوڵانەوە چریکیەکانی جێگای پەسەندی خۆیان دەبن بۆ کردەی تیرۆریستی.

٨-  ڕێكخراوی نیزامی جیهانی زۆر بەتووندی لە ژێر كاریگەری بازرگانی چەك دایە كە بەهۆی حكومەتەكان و هەروەها شیركەتە سەنعەتیەكانەوە بەڕێوە دەچێ. پەرەگرتنی كێبەركێی چەكە كۆمەڵ كوژەكان و چەكە ناوكیەكان بە هۆی ئەمریكاو یەكیەتیی سۆڤییەت لە سەردەمی شەڕی سارد دا بە كێبەركێی تەسلیحاتی"چەك وچۆل" ناودێر كرابوو.

٩-  بەداخەوە نەسڵی ئێمە یەكەم نەسڵە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا كە هەڕەشەی لە نێو چوونی تێكڕایمان لێ دەكرێ و ئەو بارودۆخەی سەنعەتی بوونی شەڕ پێكی هێناوە. لە گەڵ ئەوەدا دەوڵەتەكان ئێستا نیازیان بە یەكتر هەیە و ئاكامی شەڕی ناوكی ئەوەندە ترسناكە كە هیوادارمان دەكا كە جیهانێكی بێ شەڕمان بۆ پێك بێ.



## مێژووی دروستبوونی سوپا[٣]

یەكەم وێنەكانی ئەرتەش لە كۆمەڵگای وەرزێری سەرەتاییدا سەری هەڵدا كە لە گەڵ كۆمەڵگاكانی دەوروبەری خۆیان لە سەر لەوەڕگەو زەویو زار تێكهەڵچوونیان لێ دروست دەبوو. لەو سەردەمانەدا ئەرتەش سەر بە خاوەن زەوییە گەورەكان بوو. لە گەڵ پەرەگرتنی شارەكان ئەركی ئەرتەش كە بەرگری لە شارەكان بوو شتێكی زەرووریو پێویست دەهاتە بەرچاوو بۆ چاو لێپۆشین نەدەبوو.

لە ڕۆژگاری كۆندا زۆربەی وڵاتان لە نەتەوە تێك شكاوەكان بۆ پێكهێنانی ئەرتش كەڵكیان وەردەگرت. لە سەدەكانی نێوەڕاستەوە لە ئورووپا دەوڵەتە بچووكە ناوچەییەكان ئەرتەشی بچووكیان پێك هێنا. لەو سەردەمانەدا پاشاكان بە جێگای مووچەی نەقدی (پارە ) زەوییان دەدا بە سەربازەكانی خۆیانو هەر ئەو شێوە كارە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی چینی دەرەبەگ. نەجیب زادەكانی خاوەن زەویش لە ئورووپا خاوەن ڕیشەیەكی نیزامی بووو هێزی سەرەكی بەرگری لە شارەكان لە سەدەكانی نێوەڕاستدا ئەونەجیب زادە نیزامیە بوون.

پرشو بڵاوی ئەرتەشە تایبەتیەكان لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا لەمپەرێك بوو بەرامبەر بە پێكهاتنی ڕێكخراوێكی یەك دەستو سەقامگیر. تەنانەت لە شەڕەكانی خاچپەرستان ( صلیبی )دا ڕێكخستنێكی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو.

---

[٣] لە تیشكی ژمارە ١٢ی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی دا بلاو بۆتەوە.

لە کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاست بە سەرهەڵدانی دەوڵەتگەلی ڕەها (مگلقه) پاشاکان کەوتنە سەرنج ڕاکێشانی چینی بازرگانو شاری بۆ لای خۆیانو ئەمەش بوو بە هۆی لاواز کردنی ئنەجیب زادە نیزامییەکان. سروشتی بوو کە ڕێکخراوی نیزامی دەوڵەتە ڕەها (مطلقه)کان زاڵتر بن بەسەر ئەرتەشە بچووکو تایبەتییەکانی ئەشرافی ناوچەییدا. بە بەرهەم هاتنی چەکی نوێ لە نێوان ساڵەکانی ١٥٥٠ تا ١٦٥٠ ئەرتەشی دەوڵەتە پاشایەتییەکان شێوەو هێزێکی تازەیان پەیدا کرد. هاوڕەنگ کردنی جلوبەرگو کەرەسەو دیسیپلینی ئەرتەش لەو سەردەمەوە هاتە ئاراوە. بەرزترین وێنەی ئەرتەشی مودێرن ئەرتەشی پاشایی پرۆس بوو کە لە ماوەی سەدەی هەژدەهەم دا بە هۆی فریدریکی دووهەم لە سەر پایەو بناخەیەکی بە تەواوەتی نوێ دامەزرا.

لە پرۆس ئەرتەش وەکوو قوتابخانەی تەواوی گەل پێناسە دەکرا. ئەرتەشی دەوڵەتە پاشایەتییەکان یەکەم ئەرتەشە لێزان بوون. بەو حاڵەش ئەرتەشەکان تا ڕادەیەك داخراو بوون چۆنکە تەنیا ئەشرافو دەوروبەرەکانی شا دەیانتوانی بگەنە پلەکانی ڕادەی سەرەوە. ئەفسەرانی ئەو جۆرە ئەرتەشانە لە دانی ماڵیات " معاف " بوون چۆنکە دەگوترا ئەوانە ماڵیات لە خوێن دەدەن. بەڵام لوتفو مەرحەمەتی پاشا لە چوونە سەر یا دابەزینی پلەی ئەفسەران کاریگەری تەواوی هەبوو. ئەرتەشی دەوڵەتە پاشایەتییەکان لەبواری ڕێکخراوی ئەرتەشیەوە " پاتریمونیال* " بوون. هەر لەو سەردەمەدا کڕینو فرۆشتنی پلەو پایە نیزامییەکان برەوی هەبووو هەر ئەوە بوو بە هۆی زیادبوونی لە ڕادە بە دەری ئەفسەران. بۆ وێنە ئەرتەشی فەرانسە لە ساڵی ١٧٨٧دا ٣٦٠٠٠ ئەفسەری هەبوو کە لەو ڕادەی تەنیا ١٣٠٠٠ کەس بە



بەردەوامی لە ئەرتەشدا کاریان دەکرد. بەو جۆرە پێکهاتەیەکی گەورەی نیزامی لە دەوڵەتە پاشایەتییەکاندا هاتە ئاراوە.

فەرانسە لە سەردەمی لویی چواردەهەمدا خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی لێزانی نوێ بوو کە ٤٠٠٠٠٠ نەفەر سەربازی لە خزمەتدا بوو ( جەماوەری فەرانسە لەو سەردەمەدا ٢٣ میلیۆن کەس بووە ). هەر لەو سەردەمەدا لە ئینگلترا توێژێکی بچووکی نیزامی هەبوو کە لە ژێر چاوەدێری پەرلەماندا بوو. سوننەتی کڕینو فرۆشتنی پلەو پایەی نیزامی لەو وڵاتەدا هەتا ساڵی ١٨٧١ برەوی هەبوو. لە پرۆس زۆربەی ئەفسەرانی ئەرتەش سەر بە چینی نەجیب زادە خاوەن زەوی " یونکرکان " بوون. لە ساڵی ١٧٩١ تەواوی ئەفسەرانی پایەبەرزی ئەرتەشی ئەو وڵاتە سەر بە ٥١٨ بنەماڵەی نەجیب زادەی موڵکدار بوونو ساڵی ١٨٠٦ لە ڕادەی ٨٠٠٠ ئەفسەری پرۆسی تەنیا ٧٠٠ نەفەر لە بنەماڵەی غەیرە ئەشرافی بوون.

ئەرتەشی لێزانو میللی بە مانای پێشکەوتوو تێکەڵاو لە گەڵ سیستەمی سەربازی زۆرەملێ تەنیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵ دا. شەڕی ساڵەکانی ٧١ – ١٨٧٠ لە نێوان ئاڵمانو فەرانسە شەڕی ئەرتەشە نەتەوایەتیەکان بوو. ڕابردووی دروستبوونی ئەرتەشە میللییەکان دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵەکانی ٨٣ – ١٧٧٥و شەڕەکانی شۆڕشی فەرانسە لە سەردەمی ناپلئۆن دا.

ساڵی ١٧٩٣ دا لە فەرانسە بە دانانی یاسای سەربازی زۆرەملێ گشتی ( Leveen Masse ) یەکەم هەنگاو بۆ پێکهێنانی ئەرتەش بە شێوەی ئێستا هەڵێندرایەوە. ئەرتەشی میللی بە مانای نوێو ئەوڕۆیی" لازارکانۆ " لە ماوەی شۆڕشی فەرەانسەدا داهێنەری بوو. بنەماە سەربازی زۆرەملێ گشتی پێوەندی

نێوان ئەرتەشو میللەتی بەهێز کرد. لە یەکەم ساڵەکانی شۆڕشی فەرانسەدا سەربازەکان بۆ خۆیان، ئەفسەرانو فەرماندەرانی خۆیان هەڵ دەبژارد. بە پێی یاسای گشتی ساڵی ١٧٩٣ فەرانسە هەر کام لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە وەك سەربازی میللی دەهاتنە ژمار. بەو حاڵەش ٧٠٪ ئەفسەرانی ئەرتەشی فەرانسە هەر لە چینی نەجیب زادە بوون.

بە هەر حاڵ ئەرتەشی نوێ تێکەڵاوێك لە ئەرتەشی لێزانو سەربازی زۆرەملـێ بوو گرینگترین چاکسازی نیزامی بە درێژایی سەدەی نۆزدە لە پرۆس بەڕێوە چوو. لە ساڵی ١٨١٠ئاکادمی نیزامی کریك لە برلێن دامەزرا. پێکهێنانی ناوەندی فەرماندەیی ئەرتەش ( ستاد مشترك ) لە ساڵی ١٨٦٠ یەکێك لە نوێکارییەکانی دەوڵەتی پرۆس لە ئەرتەشدا بوو. شێوازی ئەرتەشی لێزان پرۆس وێنەیەکی ( الگو ) دیکە بوو بۆ دەوڵەتە ئوروپاییەکانو دواتر ئەم شێوازە لە لایەن وڵاتانی دیکەی دنیاوە لاسایی کرایەوە. تەنانەت دەوڵەتی فەرانسە دوای تێکشکانی ساڵی ١٨٧١ کەوتە لاسایی کردنەوەی ئەرتەشی پرۆس. دوای ئەو ساڵە لە هەموو دەوڵەتە ئوروپاییەکاندا سیستمی سەربازی زۆرەملـێ ئیجباری کرد. کێبەرکێی چەکوچۆڵ ( تسلیحات ) لە سەردەمی ئاشتی چەکدارانە لە ساڵەکانی ١٨٧٠ تا ١٩١٤ لە نێوان دەوڵەتە ئوروپاییەکاندا گرینگیو بایەخی ئەرتەشی زیاتر دەرخست. لەو ڕێکەوتە بە دواوە ئەرتەش بە مانای نوێ دروست بوو. لە ماوەی سەدەی بیستەمدا جگە لە وڵاتانی ئوروپایی، وڵاتانی دیکەش کەوتنە دروست کردنو پێکهێنانی ئەرتەشی نەتەوەییو سیستمی سەربازی زۆرەملـێ.

لە شارستانیەتی ئیسلامیو لە ڕوانگەی مێژووییەوە هێزی نیزامیو غەیرە نیزامی هەموو کاتێك تێکەڵاوی یەکتر بوون. هۆی پێکهێنانی ئەرتەش لە



ئیسلامدا بە کار هێنانی ئەرتەش بۆ داگیرکردنی وڵاتانی نوێ بووە. پێغەمبەری ئیسلامو خەلیفەکان بۆ خۆیان فەرماندەری لەشکر بوون. هەروەها ڕاگرتنی ئەرتەشی بەکرێگیراو لە کۆنەوە لە لای سوڵتانو خەلیفەکانی ئیسلامەوە باو بووە. لە ڕاستیدا خەلیفەکانی بەغدا هێزو دەسەڵاتی خۆیان بە پاڵپشتی ئەرتەشە بەکرێگیراوەکان دەپاراست تا ئەو جێگایەی ئیمام محەممەدی غەزاڵی هێزو توانای خەلیفە بە چیرۆکێك دادەنێو بەڵگە دێنێتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا دەوڵەت تەنیا ئاکامی هێزی نیزامییەو خەلیفە کەسێکە کە خاوەنگەلی هێزی نیزامی بەو ئەمەگناسن. لە ئاخرین ئیمپراتۆری ئیسلامیدا یانێ ئیمپراتۆری عوسمانی بەشێك لە هێزی سیاسی لە دەستی "ینی چرییەکان"دا یا گیانفیدایاندا بوو کە ناوکی سەرەکی ئەرتەشی ئیمپراتۆرییان پێك دەهێنا.

## میلیتاریسم : ئەرتەشی بوونی کۆمەڵو سیاسەت

تاریخی میلیتاریسم لە مێژووی کێبەرکێی سیاسیو حیزبی بە تایبەت لە لایەن حیزبو تاقمە سوسیال دێمۆکراتو چەپەکانەوە وەکوو دروشمی سیاسی لە ڕاستای ڕەخنەو زەق کردنەوەی لایەنی خراپی هێندێك لە حکوومەتەکان کە بۆچوونی نیزامییان هەیە بە کار هاتوە. لە ڕاستیدا میلیتاریسم بە دوو مانا بەکار دێ. یەکێك کاریگەری فەرهەنگی ئەرتەش لە کۆمەڵداو دووهەم دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتدا.

مەبەست لە میلیتاریسم لە مانای یەکەمدا لە سەر یەك دەست تێ وەردانی ئەرتەشە لە کۆمەڵگادا. یا بە واتایەکی دیکە تێکەڵ بوونی شێوازی ژیانو فەرهەنگی ئەرتەش لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا. وەك دیتمان میلیتاریسم بە مانای مەیلی کۆمەڵ بۆ لای ئامانجە نیزامییەکان لە ڕاستای ڕەوتی پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمو دەوڵەتی میللی مودێڕندا خۆ دەنوێنێ. لە شێوە

ژیانو فەرهەنگی ئەرتەشدا نەزمو دیسیپلینو پلەو پایەو پێوەندی فەرماندەرانو فەرمانبەرانو بۆچوونەکانی شەڕخوازانە پێدا هەڵدەگوترێو یا تەنانەت شەڕ لە لایەنی ئەخلاقیەوە بە جیٚو دروستو پێکهێنەری توانای ڕۆحیو ڕەوانی بە ژمار دێ. لەو بارەوە میلیتاریسم زۆر جاران بە مانای نەخۆشی سیاسی – کۆمەڵایەتی بە کار دێو مەبەست ئەوەیە کە ئەرتەش لە ڕادەی دەسەڵاتی خۆی زیاتر پیٚ ڕاکێشاوە. میلیتاریسم بەو مانایە ئیمکانی هەیە لە ئاکامی چوونە سەری کێبەرکێی سەربازی نێونەتەوەییو پێویستی زیادکردنی تێچووی خۆ پڕ چەك کردنو نوێ کردنەوەی ئەرتەشو زیادکردنی ژمارەی سەربازان بە هۆی حکوومەتی غەیرە نیزامی سەری هەڵدا. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەری ڕێبەرانو دەستەی نیزامی لە سیاسەتی نێوخۆییو دەرەکیدا ڕاستەوخۆ بچێتە سەرێو لە ئاکامدا میلیتاریسم پەرە پیٚ بدا، بە واتایەکی دیکە میلیتاریسمی غەیرە نیزامی لە ئاکامی سەرکەوتنی وەری نیزامی لە کۆمەڵو لە دەوڵەتو نێو خەڵکدا پەیدا دەبیٚ. لە حاڵێکدا میلیتاریسمی نیزامی ئاکامی دەسەڵاتداریێتی ئەرتەش بە سەر حکوومەت دایە.

لەبارەی سەرهەڵدانەوە میلیتاریسم هەڵقولاوێکە لە بە دوادا چوونی بۆچوونە سونەتیٚیەکان یا خۆ دیاردەیەکی سوننەتی نیە کە لە ئاکامی نوێبوونەوەی کۆمەڵدا بۆ خۆی لە نێو دەچیٚ. بەڵکوو هەڵقولاوێکە لە هەلومەرجی پێشکەوتووی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بە تایبەت بە کارهێنانی لە ڕادەبەدەری تکنۆلوژی لە بواری سازکردنی چەکوچۆڵ دا کە بۆتە هۆی پەرەپێدانی ڕێکخراوی تەکنیکی لە ئەرتەشدا. ئەرتەشە مودێڕنەکان هێزی کۆمەڵایەتی – سیاسی ڕێکوپێکو بەنەزمن کە لە هەر حاڵەتێکدا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە دەمو دەزگای حکوومەتیەوە هەیە. بۆ ئەرتەش



ئامانجی نیزامی گرینگترین ئامانجەو لە حاڵێکدا کۆمەڵگای ئامادە خوازیاری ئامانجگەلێکی ئاوا بیٚ تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەو لایەنی میلیتاریستی هەنگاو دەنیٚ. لەو ڕوانگەوە میلیتاریسم شتێك زیاتری لە چۆنیەتی پەرەپێدانی تواناکانی ئەرتەشەکان هەیەو ئەوە دەسەلمێنن کە بەشە گرینگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەیانهەویٚ ببنە نیزامی. میلیتاریسم پێوەندییەکی ئەوتۆی بە کارەکانی ئەرتەشەوە نیەو نەبەستراوەتەوە بە هەلومەرجی شەڕو ئاشتییەوە. بەڕێوە بردنی کارە تایبەتیەکانی ئەرتەش بە شێوەی پسپۆرانە بۆ خۆی یەکێك لە کۆسپەکانی سەرهەڵدانی میلیتاریسمەو لە پەرەگرتنی ورەی نیزامی لە ژیانی ئاساییدا پێشگیری دەکا.

لە سەریەك پەرەگرتنی سەنعەتی نیزامی مودێڕن، پەیدا بوونی کۆمەڵگای نیزامی – سەنعەتیو فەرهەنگی چەکوچۆڵ بە زەمینەی پەرەگرتنی میلیتاریسمی نوێ دەژمێردریٚ. لە ئاکامدا نیزامیەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە گەڵ دانانی سیاسەت بەرەوڕوو دەبن کە سەڵاحییەتو ئەزموونی پێویستیان لەو بارەوە نیە.

لە ڕوانگەی ڕابردووی مێژوویییەوە میلیتاریسم دەگەڕێتەوە بۆ سەر سوننەتی ئەرتەشی پروسو ئارەزوومەندیی دەوڵەتی ئاڵمان لە سەردەمی " فریدریشی کەبیر ". بیسمارك بە شێوەی تایبەتو نیزامیانەی خۆی ڕایگەیاندبوو کە کێشەی بنەڕەتی مێژوو لە ڕێگای خوێنو شمشێرەوە چارەسەر دەکریٚ. بیری بیسمارك نوێنگەی تێکەڵاوی میلیتاریسم، ناسیۆناڵسمو " محافڤەکاری "یە. لە سەردەمی ئەودا ژیانی کۆمەڵایەتی لە گەڵ خووو ڕەوشتی نیزامی تێکەڵاو بووو بەشە گرینگەکانی بورژوازی ئاڵمان خۆیان لە گەڵ شێوە ژیانی میلیتاریستی ڕێك خستبوو. لە سەردەمی حکوومەتی میلیتاریستی ویلهلمی

دووهەم ئەرتەش بە سەر پارلماندا سەرکەوت. سەرەتای دەست پێکردنی شەڕە جیهانیەکان بە هۆی ئاڵمانەوەو سیاسەتی پەرەپێدانی نیزامیگەری ئەو وڵاتە بە تایبەت لە شەڕی دووهەمدا جیهانی زیاتر بەرەو میلیتاریسم کێشا. هەروەها سیاسەتی حکومەتی ژاپون لە نێوان دوو شەڕی جیهانیدا بووەتە هۆی ئەوە کە وەکوو نوێنگەیەکی دیکەی میلیتاریسم چاوی لێ بکرێ.

کاریگەری ڕێبەرانی نیزامی لە حکوومەتو سیاسەتی ژاپون لە ١٩٣٠ تا ١٩٤٥ لە سەردەمی فاشیسمی ژاپونی هاوڕێ لە گەڵ بە هێزکردنی سوننەتی سامۆرایی لەو وڵاتەدا بوو. لەو سەردەمانەدا بوو کە ئەرتەش تواناو هێزی خۆی بە سەر هێزەکانو ئەحزابی سیاسیو بیروڕای گشتیدا سەپاندو سیستەمی پارلمانی تێك شکاندو کەوتە بەڕێوەبردنی سیاسەتی بەسیجی زێهنی عامە. هێندێك لایان وایە کە ئەندیشەی میلیتاریستی ئاڵمانیو ژاپونیەکان لە هۆکارەکانی سەرەکی شەڕ بە ژمار دێن. لە گەڵ هەمووی ئەوانە ئەزموونی نوێ غەیرە نیزامی بوونی ژیانی سیاسی لە دەوڵەتەکانی سەردەمدا بۆتە هۆی ئەوە کە میلیتاریسم بە مانای دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەرتەش لە سیاسەتدا بە شێوازی کەم وێنە بە سەر بنەمادا گرینگی پێ بدرێ. دەنا لە هەموو شوێنێك لە ئیمپراتۆریە گەورەکانو لە سەردەمی دیکتاتۆرە گەورەکان کە ئەرتەشیەکان لە ڕێبەری سیاسی ئەواندا کاریگەری تەواویان هەیەو لە لایەکی دیکەوە بە دامەزراندنی ئەرتەشی مودێرن وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی مودێرنو بە دسیپلین ئەگەری میلیتاریستی بوونی کۆمەڵ، فەرهەنگو بە تایبەت دەسەڵات پەرە دەگرێو دەچێتە سەرێ. بۆ وێنە لە فەرانسە لە سەردەمی شۆڕشو شەڕە شۆڕشگێرییەکان ئەرتەش وەکوو نوێنگەی گەلو کۆمەڵی فەرانسە چاوی لێ



دەکراو تەنانەت وەکوو کەرەسەیەك لە دەستی دەوڵەتی فەرانسەدا حسابی بۆ نەدەکرا.

لە فەرانسە دەسەڵاتدارێتی ئەرتەش بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە سەردەمی ناپلیۆن بناپارت گەیشتە لوتکەی هەرەبەرزی خۆیو لە دەوڵەتی بناپارتیستی ناپلیۆنی سێهەمدا ئەرتەش گرینگترین کەرەسەی پێکهێنانی نەزمی نێوخۆیی یەکیەتی کۆمەڵایەتی بوو. لە دواییدا گرینگی ئەرتەش لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو میلیتاریستیدا بە تەواویو لە ئاکامی هەڵگیرسانی شەڕە گەورەکانی جیهان پەرەگرتوویەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. هێندێك لە زانایان وەك " هارولدلاسول " نێوەڕۆکی دەوڵەتی پادگانی بۆ پێناسەی توتالیتریسمی میلیتاریستی سەردەمی دوو شەڕی جیهانی بە کار دەبا. دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، شەڕی سارد مەیلی میلیتاریستی لە ڕێژیمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا زیاتر ورووژاند. ئەگەر چی پەرەگرتنی سوننەتی نیزامیگەری یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم بوو. بەڵام لە لایەکی دیکەوە فاشیزمیش سوننەتی میلیتاریستی بە هێزکرد. جووڵانەوەکانی فاشیستی لە ڕێوڕەسمی نیزامی گیراوەنو ڕێپێوانەکانو زنجیرە پلەو پایەی شێوەی نیزامی کردۆتە قەوارەی کاریانو ستایشی سوننەتی نیزامیو شەڕەکانیان کردوە. پێوەندی ڕێڕەوانو ڕێبەران لە حیزبە فاشیستییەکاندا جۆرێك پێوەندی بە شێوەی نیزامییەوە بووە. جووڵانەوە فاشیستیەکان پێوەندییان هەبووە لە گەڵ ڕێکخراوە نیزامییەکان. لە گەڵ بەهێز بوونی جووڵانەوەکانی شێوە نیزامی فاشیستی، نەخشو کاریگەری ئەرتەشەکان تا ڕادەیەك لاواز بوونو ئەوان مەجبوور بوون لە گەڵ ئەو جووڵانەوانە نێزیکایەتی بکەن. جگە لەوە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیو بە دوای کەم کردنەوەی

پرسنلی ئەرتەش زۆربەی ئەفسەرانی پێشوو چوونە نێو ڕێکخراوە نیزامیو شێوە نیزامییەکانی ڕاست. بە هەر حاڵ لە نێوان هێزە نیزامییەکانو ئەو ئەفسەرانەی کە دوای شەڕ تووشی ناکامی جۆراوجۆر بوون پێوەندییێکی گەرمو گوڕ هەبوو. دەوڵەتە فاشیستەکان بۆ بەهێزکردنی یەکیەتی کۆمەڵ لە بەرامبەر هێزە سیاسییە نەیارەکان لە ژێر ناوی نیزامی وەك " شەڕی هەمە لایەنە "و " ئەرتەشی خەڵکی وەکوو ئیدیولۆژی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت. سەبارەت بە ئیسپانیا بەشێك لە ئەرتەش بە ڕێبەری فرانکۆ بە کردەوە دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو. ژنراڵ فرانکۆ بە پشتیوانی ئەرتەش توانی حیزبی فاشیست (فالانژ) بێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. فاشیستەکان لە هەموو جێگایەك بە پشتیوانی هێزەکانی ئەرتەش بە دەسەڵات گەیشتنو لە دواییدا دەوڵەتە فاشیستەکان لە ئەرتەش بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی خۆیان کەڵکیان وەرگرت. کێبەرکێییەك کە لە نێوان ڕێکخراوە فاشیستی شێوە نیزامییەکانو ئەرتەشدا سەری هەڵدا لە هەموو جێگایەك بە قازانجی ئەرتەش تەواو بوو. ئەڵبەتە لە لایەکی دیکەوە خاوێن کردنەوەو گوڵبژێری ئەرتەشو زاڵبوونی پۆلیسی ئەمنیەتی بە سەر یەکەکانی ئەرتەشدا سەربەخۆیی بەکردەوەی ئەفسەرانی ئەرتەشی لە نێو دەبرد. لە ئاڵمان ناڕەزایەتی ئەفسەرانی ئەرتەش لە شۆرشی ناکامی ٢٠ی ژووئیەی ١٩٤٤ سەری هەڵداو لە دژکردەوەیەکدا دەوڵەتی هیتلر پرۆپاگەندەی لە نێو ئەرتەشدا زیاتر کرد.

لە وڵاتانی دێمۆکراتیکیش شەڕەکانی جیهانی بوونە هۆی بە هێز بوونی کاریگەری ئەرتەش لە سیاسەتو کۆمەڵدا. لە ئەمریکا پریزیدنت رۆزوڵت لە فەرماندەیی ناوەندی هێزە چەکدارەکان دەستی کێشاوەو لە بەرامبەردا ناوەندی هاوبەشی فەرماندەیی ئەرتەش هەلێکی باشی بۆ ڕەخسا بۆ زیاتر



داسەپاندنی دەسەڵاتدارێتی خۆی. بە تایبەت ئەرتەش لە سیاسەتی دەرەکیدا کاریگەرییەکی بە هێزی پەیدا کرد. بە پێچەوانەوە لە ئینگلستان چرچیل بە سەرنج دان بە ڕابردووی نیزامی خۆی توانی دەسەڵاتی دەزگای سیاسی بە سەر ئەرتەشدا هەروا بپارێزێ. دوای شەڕ لە ئەمریکا " پریزیدنت ترۆمن " لە کاریگەری ئەرتەش کە بە هۆی شەڕی ساردەوە پەرەی گرتبوو کەڵك وەربگرێ. لە ئاکامدا ژمارەیەکی جێگای سەرنج لە ئەفسەرانی لە پۆستو پایەی سیاسیدا دامەزراندو لە گەڵ ئەوەدا یاسای ئەمنیەتی میللیساڵی ١٩٤٧ رۆڵی ناوەندی هاوبەشی ئەرتەشی تەنیا بە کاروباری نیزامی ڕێی پێی دابوو. لە سەردەمی "ئایزینهاوێر"دا لە کاریگەری ئەرتەش بە سەر دەزگای سیاسیدا کەم کرایەوە. بەو حاڵەش کونگرە بە نیسبەت داواکارییەکانی ئەرتەش لە سەر یەك روانگەی باشی هەبووو بێجگە لەوەش دوای شەڕ زۆر بوون ئەو ئەفسەرانەی ئەرتەش کە لە پلەو پایەی سەنعەتیو بازرگانی، پێوەندی نێوان تاقمە بازرگانییەکانو دەستەی نیزامیو سەنعەتییەکانیان بە هێز دەکرد.

هێندێك لە سەنعەتە نیزامییەکان وەك فرۆکە سازی ڕێکەوتننامەی ماڵی گەورە گەورەیان لە گەڵ ئەرتەش مۆر کرد. هەر بەو بەڵگانە لە ئەمریکا زۆر جاران ئەفسەرانی ئەرتەش دوای خانەنشینی وەکوو پاداش لە شوێنە سەنعەتییەکان کاریان پێ دەسپێردرا.

لە زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی گەشە کرندا ئەرتەش بە سەرنج دان بە لاوازی چینەکانی کۆمەڵایەتیو هێزەکانی کۆمەڵی مەدەنیو ئەحزابی سیاسی رۆڵێکی جێگای سەرنجی بە خۆیەوە دەگرت. لاوازی پێکهاتەی دەوڵەتو یاسای گشتی (یاسای دەستوری)ورەوایی ئەو وڵاتانە مەبەستێکی گرینگ بۆ دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتدا پێك دێنێ. هەروەها پێویستی چاکسازیو

پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو پێویستی بە تاقمەو دەستەی نۆژەن کردنەوەی چالاك لەو جۆرە وڵاتانە بۆتە هۆی ئەوە کە ئەرتەش لە نەبوونی هێزە چاکسازو ریفۆرم خوازەکان تەڵەبەکان وەك بەڕێوەبەری بەرنامە ئابووری‌یەکانی پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتی هێزی سیاسی، بە دەستەوە بگرێ. بێجگە لەوانە لاواز بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە تایبەت ئەحزابی سیاسی، ڕێکخراوە سینفی‌یەکان لەو وڵاتانە ئەو هەلەیان بۆ ئەرتەش خوڵقاندوە تا وەکوو سازمان دراوترینو بە دیسیپلین‌ترین نیهادی سیاسی، دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. بێجگە لەوەش لاوازی یەکیەتی میللیو سەرهەڵدانی هێزەکانی " گریز از مرکز " هەموو کاتێك بەڵگەیەکی بەهێزن بۆ دەست تێوەردان لە حکوومەت‌داریو دەسەڵات‌دا. مەعمووڵەن کەڵك وەرگرتن لە ئەرتەش بە ئاراستەی ئامانجە سیاسییەکان لە وڵاتانی کەم گەشە کردوودا ئاسانترە لە دامەزراندنو پێکهێنانی ئەحزابو ڕێکخراوە سیاسییە بەردەوامەکان. لەو جۆرە وڵاتانە بە تایبەت لە سەردەمی دوای شەڕی دووهەم دا ئەرتەش ڕۆڵو کاریگەری نۆژەن کردنەوەی وەدەست هێناوەو زۆرتر لە گەڵ قازانجو بەرژەوەندی چینی ناوەندی هاوئاهەنگ بووە. بەو پێی‌یە ئەرتەش لەو وڵاتانە لە ژێر کاریگەری ئیدئۆلوژی چینی ناوەندی بە تایبەت ئەندێشەی ناسیۆنالیزمو گەشەسەندنی ئابووری دا بووە. لە سەر یەك ئەرتەش لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن‌دا هەم وەکوو هێزی موحافیزەکارو هەم بە وەك پاڵنەری نۆژەن کردنەوەی کاری کردوە. لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەت‌دا تایبەتمەندی‌یەکی فەرهەنگی بووە کە ڕابردووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕەکانی سەربەخۆیی. لەو وڵاتانەی کە بە شێوەی بەردەوام یا نیوە بە نیوە تووشی کێشەو تێکهەڵچوونی نیزامی بوون وەك هێندێك لە



وڵاتانی عەرەبی، ئیسرائیلو پاکستان، بوونی ئەرتەش لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی زیاتر هەستی پێ دەکرێ.

## هۆ کارەکانی دەست تێوەردانی سوپا لە سیاسەت‌دا

هۆکارەکانی دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەت‌دا زۆر ئاڵۆزترە لە هۆە هۆکارەکانی تاقمەکانی دیکە وەك یەکێتی‌یەکانی کرێکاری یا خاوەن کارەکان لە ژیانی سیاسی‌دا. هۆی ئەو ئاڵۆزی‌یە شتێکی سرۆشتی‌یەو دەبێ لە پێکهاتەی ئەرتەش‌دا بە دوایدا بگەڕین. ئەرتەش چین یا توێژ یا تاقمێکی کۆمەڵایەتی یا دەستەیەکی پسپۆری ئامادە نیە بەڵکوو بەشێکە لە بوروکراسی دەوڵەت بە مانای تەواوی وشەو لە هەمان کات‌دا لە دەروونی خۆی دا هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی کاریگەریان لە سەری هەیە. بۆ تێگەیشتن لە هۆ هاندەرەکانی ئەرتەش لە دەست تێوەردان لە ژیانی سیاسی لە هەنگاوی یەکەم‌دا دەبێ نێوان ئیدیۆلوژی ئەرتەشو هۆ هاندەرە ڕاستەقینەکانو پشتی پەردەکان جیاوازی دابنێین. مەعمووڵەن لە هەموو جێگایەك ئەرتەشەکان هۆی دەست تێوەردانی خۆیان لە ژیانی سیاسی دانیشتوان، بەرگری لە قازانجی گشتیو میللی ڕادەگەیەنن. " خوان پرۆن " لە ئارژانتین ئەرتەشی بە جەوهەری گەل دادەناو بە بەرزتر لە هەموو ئەحزابی دەزانی. مەعمووڵەن ئەرتەشەکان ڕادەگەیەنن لە هەلومەرجێك‌دا کە مەترسی‌یەك هەڕەشە لە قازانجو بەرژەوەندی گشتی دەکا بۆ لابردنی ئەو مەترسی‌یە دەستێوەردان دەکەنو دوای لاچوونی ئەو مەترسی‌یە کاتی‌یە ئەرتەش دەسەڵات دەداتەوە بە غەیرە نیزامی‌یەکان.

لە زۆربەی کاتەکان‌دا ئەرتەش دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات بۆ ڕاگرتنو پاراستنی هەوڵو تەقەلا دەدا.چۆنکە بۆچوونی ئەرتەشییەکان سەبارەت بە قازانجی گشتی جیاوازی زۆری هەیە. بۆ وێنە لە وڵاتانێ وەك

ئیسپانیاو پرتەغاڵ ئەرتەش قازانجی گشتی لە گەڵ قازانجی خاوەن زەویەکان بە یەك دەزانێ لە حاڵێکدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەرتەشەکان قازانجی میللییان زیاتر لە قازانجی چینی ناوەندیدا بە دی دەکرد. هەر بەو پێیە لە پشت ئیدیۆلۆژی پشتیوانی لە قازانجی میللی، هەموو کاتێك پشتیوانی قازانجی بەشێك لە هێزو تاقمەکان یا چینە کۆمەڵایەتییەکان حەشار دراوەو کۆمەڵناسی سیاسی هۆی دەست تێوەردانی لە قازانجەکانیدا بناسێنێ.

هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەرتەشەکان لە کاروباری سیاسیدا ڕەنگە بەرگری لە قازانجی چینایەتی، ناوچەیی، مەزهەبیو تایبەتی بێ. تێکەڵاوی لە گەڵ هۆکارە جیاوازەکان سروشتییەو هێندێك جار بەستراوەیی چینایەتی ئەرتەش نیشان دەداو ئەو بەستراوەییيە دەبێتە هۆی دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتدا. بۆ وێنە لە ئاڵمان دوای شەڕی ١٩١٨ بەستراوەیی چینایەتی ئەرتەش کاریگەری هەبوو لە سەر هەڵسوکەوت لە کاروباری سیاسیدا. لەو سەردەمەدا ئەرتەشی ئاڵمان زیاتر لە نەجیب زادە پێك هاتبوو. لە ساڵی ١٩٣٠، ٩٥٪ ئەفسەران لە چینی خاوەن زەوییە گەورەکان بوون. ئەرتەشی ئەشرافی ئاڵمان سرۆشتێکی دژی دێمۆکراتیكو دژی سۆسیالیستی هەبوو. لە گەڵ جووڵانەوەی سۆسیال دێمۆکراسی ئاڵمان بە توندی دژایەتی دەکردو لە گەڵ هیچ بۆچوونێکی سیاسی کۆك نەبوو تا لە ئاکامدا لە گەڵ حکومەتی هیتلەر ڕێك کەوت.

هەروەها سەبارەت بە چالاکی سیاسی ئەرتەشی ژاپون لە نێوان دوو شەڕی جیهانی، بەستراوەیی چینایەتی هۆکارێکی یەکلا کەرەوە بوو. لە دەیەکانی ١٩٢٠ ژمارەی ئەفسەرانی هەڵقوڵاو لە چینی ناوەندیو خوارەوەو جووتێرەکانو بە تایبەت سامورایەیەکان کە لە حاڵی فەوتان دابوون، پەرەیان گرت. لە



حاڵێکدا کار بە دەستەکانی پایەبەرزی ئەرتەش هەر لە بنەماڵەی نەجیب زادەو نیزامی گەورەی ڕابردوو بوون. لە ساڵی ١٩٣٧ ڕادەی یەك لە سێی ئەفسەرانی ڕەدەی پشتیوانی چینی سەنعەتکاری نێوخۆیی "زایباستو" بوون. دژایەتیو دوژمنی ئەرتەشی ژاپون بەرامبەر بە چینەکانی سەرەوە بە تایبەت "زایباستو"و حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە نوێیەکانو لە سەر یەك نیسبەت بە کۆمەڵێکی پێشکەوتوو کە لە ئاکامی چاك سازی سەردەمی "میچی" کامڵ ببوو، وێنەیەکە لە دوژمنی چینی سوننەتی کە لە حاڵی لە نێو چووندا بوونو دژایەتییەکە بەرامبەر بە نوێسازیو مودێرنیزمی ژاپون. لە ئاکامدا لە بۆچوونەکانی دژی سەرمایەداری، دژی سۆسیالیستیو دژی پارلمانتاریستی " ئیکی کیتا " ڕێبەری ناسیۆناڵ سوسیالیزم یا فاشیزمی ژاپون پشتیوانییان کرد.

هەروەها لە میسر بۆچونو کردارە سیاسییەکانی ئەرتەش هەڵقوڵاوێکە لە تایبەتمەندی چینی ئەفسەران بۆ دوای کرانەوەی قوتابخانەی نیزامی لە ساڵی ١٩٣٦ کە دەستەیەکی نۆی لە ئەفسەرانی لاو لەو وڵاتە بار هاتن کە زۆرتر چینی جووتیارو وردە مالك بوون. ئەوان بە هۆی خۆشەویستی چینی خۆیان ڕقیان لە چینی ئەفەندی " خاوەن زەوییکان " دەبووەوەو هەستیان بە دوژمنایەتی دەکرد.

عەبدولناسر لایەنگرو نوێنەری هێزێکی ئەوتۆ بوو کە چینی ئەفەندییەکانیان بە بەرپرسی شکانی فلستین لە ساڵی ١٩٤٨ دەزانی. ئەوان دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٥٢ چینی سەرەوەو حیزبە سیاسییەکانی ئەوانیان دایە بەر هێرشو بە قازانجی جووتیاران کەوتنە چاك سازی زەوی " اصلاحات ارچی "، و بە بانگەوازی بۆچوونی سۆسیالیزمی

عەرەبی لە ساڵی ١٩٦١ سەنعەتی تایبەتی "خصوصی" میللی کرا. بەستراوەیی چینایەتی ئەفسەرانی لاو لە هێندێك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین وەك ئارژانتینو برزیل لە سەر بۆچوونو کرداری سیاسی ئەوان کاریگەری بووە. پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ئەفسەرانی ئەرتەش لەو وڵاتانە زیاتر لە چینی خاوەن زەوی بوون بەڵام بە پێچەوانەوە لە شەڕی دووهەمی جیهانی بە دواوە پێگەی چینایەتی ئەفسەرانی لاو زیاتر لە چینی نێونجی شار بوو. بۆچوونی ناسیۆنالیستی، ڕادیکاڵیو دژی چینایەتی ئەفسەرانی لاو تا ڕادەیەکی زۆر دەبێ ئاکامی ئاڵوگۆڕ لە پێگەی چینایەتی ئەرتەش بزانین. یەکێك لە نموونە بە ناوبانگەوکان شۆرشی ئەفسەرانی لاوی برزیل بۆ پشتیوانی گواستنەوەی دەسەڵات بە وارگاش بە دژی الیگارشی خاوەن زەوییەکانی ئەو وڵاتە لە دەیەکانی ١٩٢٠دا بوو. لە ئارژانتین ئەفسەرانی پێگەیشتوو لە چینی نێونجی نوێ "خوان پرۆن"یان بە دەسەڵات گەیاند بەڵام کاتێك پرۆن ویستی بە هۆی موبیلیزەکردنی کرێکاری دەسەڵاتی خۆی لە ئەرتەش جیا کاتەوە، هێندێك لەو ئەفسەرانەی ساڵی ١٩٥٥ ئەویان لە دەسەڵات وەلا نا.

## ئۆگری ناوچەیی

ئەگەری ئەوە هەیە ئەرتەش بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی بۆچوونو ئۆگری ناوچەیی دەستتێوەردانی سیاسەت بکات. بۆ وێنە لە ئیسپانیا ئەرتەش لە بەر ئەوەی کە زۆربەی ئەفسەرانی خەڵکی " کاستیل "و "اندولس " بوون دژایەتیان لە گەڵ کاتالونیاو جووڵانەوەی جیاییخوازی دەکرد. لە پاکستان زۆربەی ئەفسەرانی ئەرتەش خەڵکی پاکستانی ڕۆژئاواو سەر بە چینی خاوەن زەوی پەنجاب بوون. هەر بۆیە بە چاوی سووکەوە دەیانڕوانیە پاکستانی



ڕۆژهەڵات. لە یوگسلاوی پێش شەڕی دووهەمی جیهانی کە پێك هاتبوو لە ئیالەتەکانی بوسنی، کرۆواسی، مەقدوونیە، مونتەنگرۆ، سربستانو اسلونی لە ساڵی ١٩٢٩دا ئەلکساندری یەکەم دەسەڵاتێکی دیکتاتوری پێك هێناو سیاسەتی بە دژی گەلی غەیرە سرب گرتە پێش. ئەفسەرانی ئەرتەشی ئەو زۆربەیان خەڵکی سربستان بوون کە هەستێکی دوژمنکارانەیان لە ئاستی گەلانی دیکەدا هەبوو.

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئەرتەش بۆ ڕاگرتنی قازانجو بەرژەوەندی توێژی خۆی وەکوو لەمپەرێکی کۆمەڵایەتی سیاسی لە بەرامبەر حکوومەتدا بەربەرەکانێ یا دەستێوەردان بکا. بۆ وێنە ئەرتەشی ئاڵمان لە سەرانسەری دەورانی ئیمپراتۆری ١٨٧١ تا ١٩١٨و هەروەها دەورانی کۆماری " وایمار"و سەردەمی نازیسم لە بەستراوەیی توێژی خۆی بەرامبەر بە حکوومەتدا بەرگری کردوە. وەزیری شەڕ لە بەرامبەر "ڕایشتایك "دا بەرپرسو وەڵامدەر نەبووو لە دەستێوەردانی ئەو لە ئەرتەشدا پێشگیری دەکرد. " ڕایشتایك " تەنانەت نەیدەتوانی کونترولو چاوەدێری بوودجەی ئەرتەش بکا، لە ڕاستیدا ناوەندی فەرماندەهی ئەرتەشی ئاڵمان سەربەخۆییەکی جێگای سەرنجی هەبوو.

هەروەها ئەرتەش لە سەردەمی کۆماری " وایمار " دوای شەڕی یەکەم بە دوای پاراستنی سەربەخۆییو ئیمتیازاتی خۆیان لەئاستی حکوومەتدا بوو و بە مەبەستی لاواز کردنی حکوومەت هێندێ کاری کرد کە لە بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەردا کاریگەری هەبوو. لە سەردەمی هیتلەریشدا ئەرتەشی ئاڵمان لە بەرامبەر دەست تێوەردانی حیزبی نازیو گشتاپۆ بەربەرەکانێیان دەکرد تا ئەو کاتەی کە هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٨دا بۆ خۆی ڕاستەوخۆ فەرماندەی گشتی ئەرتەشی بە دەستەوە گرت. لە سەر یەك هۆ هاندەرەکانی دەست تێوەردانی

ئەرتەش لە سیاسەتو دەسەڵاتدا مەعموولەن ئاڵۆزو تێکەڵاوێکن لە هۆ هاندەری توێژی، چینایەتیو تاکی. بۆ ناسینی ئەو هۆ هاندەرانە لەهەر وڵاتێکدا دەبێ پێکهێنەری درزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە پێناسە بکەین. مەعموولەن ئەو درزانە لە ئاستی ئورگانو ڕێکخراوە سیاسییەکان، یەك لەوان ئەرتەشدا ڕەنگ دانەوەی هەیەو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەمەگناسی هێرشبەر لە نێو ئەرتەشدا.

## ئاستی جۆراوجۆری دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتدا

دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتدا لە ئاستی جیاوازدا بەڕێوە دەچێ. دەتوانین چوار دەستە یا چوار پلە لەو ئاستانە لە بەرچاو بگرین.

یەکێك نفووزی ئەرتەش لە ئیدارەی حکوومەت بێ ئەوەی دەسەڵات لە دەستی غەیرە نیزامییەکان بێننە دەر. لێرەدا ئەرتەش وەکوو تاقمێکی خاوەن نفووز دێتە مەیدان. دووهەم بەڕێوەبردنی بەزۆرو هەڕەشە لە لایەن ئەرتەشەوە بۆ سەر حکوومەت بە تایبەت هەڕەشە بە کوودتا بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجو قازانجەکانی ئەرتەش بە هۆی حکوومەتەوە. لەو شێوەیەدا توانایی ئەرتەش لە ڕادەی نفووز بەرەو سەرتر دەڕواو لە دەسەڵات نێزیکتر دەبێتەوە. سێهەم دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی لە سیاسەتو ئاڵوگۆڕی حکوومەت لە ڕێگای بە کار هێنانی توندو تیژیو دامەزراندنی حکوومەتێکی غەیرە نیزامی لە جێگای حکوومەتی لە کار وەلانراو. چوارەم داگیرکردنی پلەو پایەی حکوومەتی بە هۆی فەرماندەرانی ئەرتەش یا دامەزراندنی حکوومەتی نیزامی لە سەر بناغەی لێکدانەوەی کلاسیکی "اس. ای. فاینر " کۆمەڵناسی سیاسی ئینگلیس. ئەوە کە دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتدا کامیان لەو ڕادەیە بەڕێوە بچێ پەرەگرتووی فەرهەنگی سیاسیو برەو پێدانی ئیداراتو



ئورگانە مەدەنییەکان پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕادەی نیهادینە بوونی ژیانی سیاسییەوە.

لێکدانەوەی پەرەگرتووی سیاسی " فاینر " وڵاتانی دنیای دابەش کردوە بە چوار بەش. یەکەم ئەو وڵاتانەی کە ڕەوایی سیاسی خۆیان لە خەڵکەوە وەرگرتوەو پشتیوانی ئەخلاقییان هەیەو ئاڵوگۆڕی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هێمنانەیەو بە دروستی بەڕێوە دەچێ وەکوو : ( ئینگلترا، ئەمریکا، وڵاتانی ئیسکاندیناویو هتد ). لە وڵاتانەدا دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتڕاستەوخۆ بە ناڕەوایی دەناسرێو دادەنرێ. هەر چەند ئیمکانی هەیە نفووز لە ئاستی سەرەوەدا ڕوو بدا. دووهەم ئەو وڵاتانە کە لەواندا هێندێك لە پێوانەکانی پەرەگرتووی سیاسی وەکوو پەرەگرتنی ڕێکخراوەکانو ئورگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی بەرەو پێش چوون. بەڵام هێندێك لە پێوانەکانی دیکە بە تایبەت ڕەوایی ڕێگاکانی گواستنەوە هێشتا بە وەزعیەتی دڵخواز نەگەیشتوون. بۆ وێنە ئاڵمان لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨ تا ١٩٣٣، ژاپون لە نێوان دوو شەڕی جیهانیو فەرانسە لە کۆماری سێهەم بەو لاوە ئەو وەزعیەتەیان بووە. لەو جۆرە وڵاتانە هەوڵو تەقەلای ئەرتەش بۆ دەست تێوەردان لە سیاسەت لە گەڵ بەرەنگاری کۆمەڵگای پێشکەوتوو بەرەو ڕوو دەبێ. دەستەی سێهەم ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە پێناسەکانی پەرەگرتووی سیاسی لەواندا ئەوەندە نەچووەتە پێش، بیروڕای گشتیو کۆمەڵگای پێشکەوتوو ئەوەندە هەوڵی نەداوەو پەرەی نەگرتوەو شێوەکانی یاسایی گواستنەوەی دەسەڵات ڕەوایەتێکی وایان نیە. لەو جۆرە هەلومەرجەدا بەربەرەکانێیەکی ئەوتۆ لە بەرامبەر دەستێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەتدا بەڕێوە ناچێ. وڵاتانێ وەك : تورکیە، عێراق، ئارژانتین، میسر، سووریەو پاکستان لە ساڵانی دەیەی ١٩٦٠ لە

وەزعیەتێكی ئاوادا دەژیان. سەرەنجام دەستەی چوارەم ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە كە لە ڕوانگەی پێناسەكانی پەرەگرتوویی سیاسی هیچ جۆرە پێشكەوتنێكیان بە خۆیانەوە نەدیوەو وا وێ دەچێ كە ئەرتەش سازمان دراوترین دامەزراوی ( نهاد ) سیاسی – كۆمەڵایەتی بێ. لەو جۆرە وڵاتانەدا بە دەسەڵات گەیشتنی سپای شتێكی سرۆشتیەو هیچ كۆسپێكی لە سەر ڕێگادا نابێ.

لە وڵاتانی دەستەی چوارەمدا دەست تێوەردانی ئەرتەش زۆر كەم ڕوو دەدا، هەر كات ڕووی داوە كورت خایەنو سەركەوتوانە نەبووە لە گەڵ بەربەرەكانێ ئورگانە مەدەنییەكان بەرەڕوو بووە. بۆ وێنە ئەرتەشی ژاپون لە نێوان دوو شەڕی جیهانیو بە درێژایی شەڕی دووهەم لەو پەڕی بەهێزی خۆیدا مەجبوور بوو لە گەڵ ئورگانگەلێ وەك : پارلمان، كۆشكی ئیمپراتۆر، شوورای عەشیرەكانو عەشیرە گەورەكان، حیزبگەری سیاسی، زاییاستۆ، یەكیەتییە كرێكارییەكانو هتد پێك بێ. ئەرتەش لە ساڵی ١٩٣٠ بەو لاوە كەوتە هەڕەشەو زۆر هێنان بۆ حكوومەت، بەڵام لە گەڵ بەربەرەكانێ كۆشكی ئیمپراتوور، بوروكراسی دەوڵەتیو زاییاستۆ بەرەو ڕوو بوو. شۆڕشی نیزامی مانگی فوریەی ساڵی ١٩٣٦ بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ بەربەرەكانێ توند بەرەو ڕوو بووو لە ئاكامدا تێك شكا. بەڵام لایەنەكانی میانەڕەوی ئەرتەش نفووزو كاریگەری سیاسی خۆیان بە سەر سازمانی سیاسی وڵاتدا پاراستو لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی بە كردەوە لە سەرووی ئورگانەكانی بڕیاردەردا بەشدار بوون.

كوودتای بەناوبانگی كپ ( KAPP ) لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئاڵمان لە گەڵ كوودتای سەرنەكەوتووی ١٩٣٦ لە ژاپون وێكچوونی بنەڕەتیان هەبوو. لە نێوان



ساڵەكانی ١٩١٨ تا ١٩٣٣ ئەرتەشی ئاڵمان هەموو كاتێك بۆ بیانوویەكی یاسایی دەگەڕا بۆ دەست تێوەردان لە سیاسەتو حكوومەتداری. بەو حاڵەش هەوڵو كۆششی ئەرتەش لە ساڵی ١٩٢٠ لە گەڵ دامەزراوە مەدەنیەكان، بیروڕای گشتی، یەكیەتییەكانی كرێكاری، كلیساو ئەحزابی سیاسی بەرەو ڕوو بوو لە فوریەی ١٩٢٠ دەوڵەتە سەركەوتووەكانی شەڕی یەكەمی جیهانی پێرستی ناوی تاوانبارانی شەڕیان تەحوێڵی دەوڵەتی ئاڵمان دا. ئاكامی دژایەتی كردنی ئەرتەش بەو هەڵوێستە بوو بە كوودتایەك بە ڕێبەری ژنڕاڵ لوتویتز ( LUTTWITZ ) بە هاوكاری تاقمێكی دەستە ڕاستی بە ڕێبەری ولفلگانگ كپو لەو كوودتایەدا كپ بوو بە سەدر ئەعزەمی ئاڵمانو لە دژایەتی ئەو كوودتایەدا دەوڵەتی یاسایی بۆ " درسدن " هەڵاتنو لەوێڕا بە هاندانی بیروڕای گشتیو بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی بەرەیەكی جێگای سەرنجیان بە دژی حكوومەتی كوودتا پێك هێناو لە ئاكامدا دوای پێنج ڕۆژ حكوومەتی كپ لە بەر یەك هەڵوەشا. لە سەر یەك لە وڵاتانی وەك ژاپونو ئاڵمان بەربەرەكانێ هێزەكانی غەیری نیزامی لە بەرامبەر دەست ێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەرتەش لە سیاسەتدا جێگای سەرنجو بایەخ پێدانەو ئەرتەش تەنیا دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسایی وەك دەستەیەكی خاوەن نفووز لە پشتی پەردەوە كاری بۆ بكا.

لە یەكیەتی سۆڤیەتیش دەسەڵاتو هێزی داسەپاوی حیزبی كومونیست ڕێگایەكی بۆ دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەرتەش لە سیاسەتدا نەهێشتبووەوە. ئەرتەشی سۆڤیەت ئەرتەشێكی بە نەزمو بە هێزو لە هەمان كات لە ئیمتیازاتی كۆمەڵایەتی باش بەهرەمەند بوو. دیارە حكوومەتی كومونیستی لە سەردەمی ئەرتەشی سوورەوە لە ئەگەری مل بادانی نیزامی

نیگەران بوو. بە تایبەت لە شۆرشی نیزامی کرونشتار لە ساڵی ١٩٢٠ بەولاوە ئەو نیگەرانی‌یە پەرەی گرت. هەر لەو ڕووەوە حیزبی کومونیست بۆ چاوەدێری بە سەر ئەرتەش‌دا کومیسری نیزامی دامەزراند. بە هەر حاڵ بە پەرەگرتنی دەستە نوێ‌یەکانی سەر بە دەسەڵات بە تایبەت ئۆرگانەکانی حیزبی، بوروکراسی‌و مودیریەت‌و یەکیەتی‌یە کرێکاری‌یەکان کە هەموویان بە ڕێگای ئەندام بوون لە حیزبدا پێوەندیان پێکەوە هەبوو، ڕێگایەکیان بۆ ئەرتەش نەهێشتبووەوە. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٢٤ تەنیا ٣١٪ ئەفسەران کومونسیت بوون، ئەو ڕادەیە لە ساڵی ١٩٢٧ گەیشتە ٥٦٪و ساڵی ١٩٣٠ گەیشتە ٩٠٪. ٣٢٪ لە ئەفسەران بە شێوەی ڕەسمی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیست بوون. کومیتەی ناوەندی حیزب بە سەر کاری ئەرتەش‌دا چاوەدێری بەردەوامی هەبووو پولیسی ئەمنیەتی‌و نێوخۆیی هێزە چەکدارەکانی چالاك دەکرد. لە ساڵی ١٩٣٧دا ئیستالین ٤٠٪ ئەفسەارنی پایەبەرزو نیوەی ئەفسەرانی پلەی خوارەوەی لە کار وەلا نا. ئەوە لە لایەك حیزبی بە شێوەی ڕێکخراوێکی نیزامی ڕێکخستبووو لە لایەکی دیکەوە ئەرتەشی هێنابووە ژێر ڕکێفی ڕێبەرایەتی سیاسی. لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا بە هێز بوونەوەی ناسیۆناڵیزمی ڕووسی بۆ جارێکی دیکە کاریگەری ئەرتەشی وەکوو ڕزگاریدەری ڕووسیەو سوسیالیزم هێنابووە ئاراوە.

لە سەر یەك دەوڵەتی سوڤیەت تێ‌دەکۆشا لە ڕێگای پرۆپاگەندەی سیاسی‌و حیزبی‌یەوە تێکۆشانی پولیسی نهێنی پەرە پێ بداو بە دانی ئیمتیازاتی ئابووری‌و دوو لایەنەی حیزبی‌و نیزامی لە سیاسی بوونی ئەرتەش پێشگیری بکا. فەرماندەیی دوو لایەنەی ئەرتەش لە ساڵی ١٩١٨ پێك هاتو لە ساڵی ١٩٣٧دا لە سەردەمی پاکسازی گەورەدا پەرەی گرت. لە سەرەتای



ساڵەکانی شەڕی دووهەم بە هۆی سەرکەوتنی ئەرتەش فەرماندەیی سیاسی هەڵوەشایەوەو لە دەیەکانی ساڵی ١٩٦٠ بەرپرسایەتی بارهێنانی ئیدیۆلوژیك درا بە فەرماندەری ئەرتەش. لە گەڵ هەمووی ئەوانەدا ئەرتەشی سوڤیەت لە هێندێك لایەن‌دا ڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسی‌دا دەست تێ‌وەران دەکرد. یەکێك لەو بابەتانە پاکسازی بریا، سەرۆکایەتی پولیسی ئیستالین لە ساڵی ١٩٥٣دا بوو. بریا لە پلەی سەرۆکی ( ك. گ. ب ) دوژمنی سروشتی ئەرتەش بە ژمار دەهات. لەو ساڵانەدا دەستەکانی ئەرتەش بە فەرماندەهی مارشاڵ ژوکوفو مارشاڵ کانیف " بریا "یان دەست بە سەر کرد. دووهەم سەبارەت بە چەك کردنی مالنکف لە ساڵی ١٩٥٥دا ڕێبەرانی نیزامی لە کومیتەی ناوەندی حیزبدا ڕاستەوخۆ دەستیان هەبوو. دوای تێك شکانی " مالنکف "، " خرۆشچف " ویستەکانی ئەرتەشی سەبارەت بە زیاد کردنی بوودجە دابین کردو مارشاڵ ژوکوف بوو بە وەزیری بەرگری. هەروەها لە خەباتی خرۆشچوف بە دژی نەیارانی لە بوروکراسی‌و مودیریەتی دەوڵەتی ( مولوتف، بولگانین‌و مالنکوف ) ئەرتەش بە فەرماندەری مارشاڵ ژوکوف لە خرۆشچف پشتیوانی کرد. لە سەر یەك لە یەکیەتی سۆڤیەت ئەرتەش نەیدەتوانی لە بەرامبەر حیزبدا خۆ بنوێنێ‌و بە سەرنج دان بە دەسەڵاتی بەرینی حیزب ناچار بوو بە دوای قازانجی توێژی خۆی بە ناوی حیزب تێ بکۆشێت بکا.

لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردنی سیاسی‌دا بە هۆی لاواز بوونی ڕەوایی سیاسی‌و کۆمەڵگای مەدەنی‌و نەبوونی پەرەگرتوویی حیزبگەری سیاسی دەست تێوەردانی ئەرتەش لە سیاسەت‌دا بەربڵاوتر بووە. لەو وڵاتانەدا ئەرتەش وەکوو ڕێکخراوترین هێزی سیاسی بە جێگای حیزبگەری‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە عەمەڵ دەکا. پلەی دەست تێوەردانی ئەرتەش لەو وڵاتانەدا بە پێی

ڕادەی پەرەگرتووی کۆمەڵگای سیاسی جیاوازی هەیە. بۆ وێنە لە تورکیە دوای دامەزرانی کۆمار، دوو حیزبی کۆماریخوازو دیمۆکرات سەریان هەڵداو بە کردەوە تا ساڵی ١٩٤٥ تەنیا حیزبی کۆماریخوازی گەل دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو. لەو ساڵەدا هێندێك لە کەسانی نەیار لە نێو حیزبی دەسەڵاتدار ئیزنی پێکهێنانی حیزبی موخالیفیان پێی درا. لە ئاکامدا حیزبی دیمۆکرات پێكهاتو ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٠ دا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. حیزبی دیمۆکرات نوێنەری سوننەتگەرایی، دژی نوێخوازی ڕۆژئاوایی بە شێوەی کەمالیستی بوو و بۆچوونی مەزهەبیو جووتیاری هەبوو. لەو نێوەدا ئەرتەشی تورکیە کە سوننەتێکی بە هێزی کەمالیستی بووو لە لای ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا جێگای پەسند بوو و حیزبی کۆماریخواز پشتیوانی لێ دەکرد. کوودتای ساڵی ١٩٦٠ی تورکیە بە ڕێبەری " جمال گرسل " بە پشتیوانی چینی نێونجی بوو. بە هەر حاڵ بە سەرنج دان بە هێزی ئورگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ژنراڵ " گرسل " بەڵێنی دا دوای نووسینی یاسای گشتی نوێو بە ڕێوەچوونی هەڵبژاردن، دەسەڵات بۆ غەیرە نیزامییەکان دەگەڕێتەوە. بەڵام هەتا پێش ئەوە بە سەرنج دان بە پشتیوانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵك لە حیزبی دیمۆکرات، حکوومەتی " گرسل " سیاسەتێکی سەرکوتگەرانەی گرتە پێش. هەر جۆرە هاوکاری حیزبگەری سیاسی دیکە لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات قەدەغە کرا. لە هەڵبژاردنێکدا کە لە ئاکامی گوشاری حیزبگەری سیاسیو ڕێکخراوە سیاسییەکانو لە ژێر چاوەدێری ئەرتەش بەڕێوە چوو، حیزبی کۆماریخوازی گەل بە دەسەڵات گەیشت. لە سەر یەك ئەرتەش لە تورکیە نوێنەری ئۆگرىو قازانجی چینی نوێو مودێرنیسم بووەو هەموو کاتێك بۆ بەرگری لە میراتی ئاتاتورکو ناسیۆنالیزمی تورك ئامادەی دەست تێوەردان لە کاروباری سیاسی



وڵات دایە. کوودتای ژنراڵ " اورن " لە ساڵی ١٩٨٠ لە گەڵ کوودتای ساڵی ١٩٦٠ خاوەنی تایبەتمەندییەکی هاوبەش بوون.

لە سەریەك لە گەڵ پەرەگرتنی حیزبگەری بە هێزەکان، پەرەگرتنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، گەشەکردنی بیروڕای گشتی، بە هێز کردنی سوننەتی پارلمانتاریستیو هتد وردە وردە بۆشاییەك کە ئەرتەشەکان بۆ دەست تێ وەردانی خۆیان لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتانەی کە لە حاڵی گەشەکردندا بوون کەڵکیان لێ وەردەگرت پڕ دەبووەوەو لە ئاکامدا بە ڕێکخستنەوە چوونە سەری هوشیاری هێزەکانو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، ئیدی ئەرتەش ناتوانێ بە ناوی ئۆگرىو قازانجەکانی ئەوان ڕووبەری ژیانی سیاسی داگیر بکات.

## سوپاو سیاسەت لە ئێراندا

ئەرتەشی مودێڕنی ئێران بەرهەمی نوێ سازی دوای شۆڕشی مەشرووتە لە نێو حکوومەتی ڕەزا شادا بوو. تۆی یەکەمی ئەرتەش لە تێکەڵاو کردنی ئەو هێزانەی کە هەبوون بە تایبەت " بریگاد قەزاقو بریگاد ناوەندی " پێك هات. تەواوی ئەرتەش بوو بە خاوەنی جلوبەرگی وەك یەكو ئەفسەرانی بێگانە وەلانران. لە ساڵی ١٣٠٠ دانشکدەی ئەفسەری دامەزرا. یەکەم تەشکیلاتی ئەرتەشی ڕەزا شا بە شێوەی دابەش بوونی ئەرتەش بە شەش لەشکری ناوچەیی پێك هات. لە سەردەمی ڕەزا شا بوودجەی هێزە نیزامییەکان بە شێوەی نیونجی شتێك نێزیك بە یەك سێهەمی بوودجەی گشتی وڵات بوو. ڕادەی نیزامیان کە پێشتر ٤٠ هەزار کەس بوو لەو ساڵانەدا گەیشتە ١٥٠ هەزار کەس. لە حکوومەتی ڕەزا شا، ئەرتەش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی لە دەستدا بوو. فەرماندەهی ئەرتەش لە ئیدارە کردنی کاروباردا بە

سەر پلەو پایەکانی غەیرە نیزامی‌دا زاڵ بوو. ئەرتەش نوێنەری بۆچوونەکانی نوێخوازی‌و یەکێك لە باسکەکانی دەسەڵاتی کۆشکی شا بوو.

"الیت *"ی ئەرتەشی شا پێك هاتبوو لە دەستەکانی نوێخوازو سەربەخۆ لە نەجیب زادەی خێلەکی خاوەن زەوی سەردەمی قاجار. بەڵام بە نۆبەی خۆیان بە داگیر کردنی زەوی‌و زاری بەربڵاو، بوون بە بەشێك لە چینی خاوەن زەوی ئێران. لە گەڵ هەمووی ئەوانەدا دەسەڵاتی ڕەزا شا بە سەر ئەرتەش‌دا بوو بە کۆسپێك کە ئەرتەش نەیتوانی سەر بە خۆ کار بکا. لە گەڵ ئەوەش‌دا پێکهاتەی ئەرتەشی نوێ ئێران "پاتریمونیال" بوو. دوای ڕووخانی ڕەزا شا لە ساڵەکانی ١٣٣٢ – ١٣٢٠ بە سەرنج دان بە چالاکی تاقم‌و حیزبە جۆراوجۆرەکان بەشداری ڕۆحانیەت، نەجیب زادە، بازاڕیان، ڕووناکبیران‌و یەکیەتی کرێکاری‌یەکان لە سیاسەت‌و ناوەندێتی مەجلیسی شوورای میللی‌و لاواز بوونی دەربار، ئەرتەش نەیتوانی وەك یاریزانێکی سیاسی هەڵسوکەوت بکا. لەو ساڵانەدا دەربار تێکۆشا تا ئەرتش وەکوو کەرەسەی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگای بردنە سەری بوودجەو وەرگرتنی یارمەتی، نیزامی‌یەکان لە دەرەوە بە هێز بکا.

کوودتای ساڵی ١٣٣٢ بەرهەمی هاوکاری دەربارو ئەرتەش بوو. دوای ئەوە تا ماوەیەك رۆڵی سیاسی ئەرتەش لە ئێران‌دا بەرز بووەوە. دوای کوودتا " سپهبد زاهدی " لە پلەی سەرەوەی ئەرتەش دەسەڵاتی بە دەستەوە بووو چاوەدێری هەڵبژاردنی دەورەی هەژدەهەمی مەجلیسی کرد. دەرباریش لە پەرەگرتنی هێزو نفووزی سیاسی ئەرتەش ڕازی نەبووو بە تایبەت کە زاهێدی هەوڵی دەدا کە فەرماندەریی تەواوی هێزەکان ( کل قوا ) بەو بسپێردرێ. بەڵام فەرماندەرەی ئەرتەش هەر لە دەستی شادا مایەوە. لە پرۆسەی بەهێز کردنی دەسەڵاتی شا لە ساڵی ١٣٣٩ بەو لاوە زۆربەی ئەفسەرانی ئەرتەش کە لە



ڕوانگەی سیاسی‌یەوە گرینگو مەترسی دار بوون، دەست بە سەر کران. هەروەها هێندێك سەرلەشکرو سەرهەنگ پێش لە کاتی دیاریکراو خانەنشین کران. ئەگەر لە ساڵەکانی ٥٧ – ١٣٣٢ ئەرتەش یەکێك لە کەرەسە گرینگەکانی پاراستنی دەسەڵاتی دەربار بوو بەڵام هیچ کاتێك سەربەخۆیی کردەوەیی نەبوو. شا لەو ساڵانەدا تێکۆشا ناوەندێکی فەرماندەری ئەمەگناس بە خۆی پێك بێنێ‌و لە ڕێگای بردنە سەری بوودجەی نیزامی‌و بردنە سەری ڕادەی نیزامیان ئەرتەش بەهێز بکا. ژمارەی نیزامیان لە ١٢٠ هەزار کەس لە ساڵی ١٣٢٠ گەیشتە ٤٠٠ هەزار کەس لە ساڵی ١٣٥٦. بە چوونە سەری داهاتی نەوتی ئێران لە نێوان ساڵەکانی ٥٨ – ١٣٥٤ زیاتر لە ٦ میلیارد دولار درا بە کڕینی چەکوچۆڵ. تێچووی نیزامی ساڵانە لە ٧٠ میلیون دولار لە ساڵی ١٣٣٩ گەیشتە ٩ میلیارد دولار لە ساڵی ١٣٥٦. شا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەمەگناسی ئەرتەش بەرامبەر بە خۆی چاوەدێری دامەزراندن‌و چوونە سەری پلەو پایەی ئەرتەشی دەکرد. ئەمەگناسی ئەرتەش بەسترا بوو بە چەن هۆکارێکەوە وەك : چاوەدێری هێزە ئەمنیەتی‌یەکان بە سەر ئەرتەش‌دا، بوونی ئیمتیازاتی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، دانی پلەو پایەی غەیرە نیزامی. بە هەر حاڵ ئەرتەشی ئێران لەو ساڵانەدا لە سەر بناغەی ئەمەگناسی تەواو بە دەربار ڕاوەستا بووو هیچ سەربەخۆیی‌یەکی نەبووو تا کۆتایی هاتنی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی پاشایەتی وەزعیەتی ئەرتەشی ئێران هەروا بووو تەنانەت لە ساڵی ١٣٥٧دا ئەرتەش نەیتوانی هیچ دژکردەوەیەکی ئەوتۆ لە خۆی نیشان بداو تەنانەت لە بەرژەوەندی توێژی خۆیشی بەرگری بکا. چۆنکە هەر دوای بە جێ هێشتنی وڵات لە لایەن شاوە پاڵپشتی ئەرتەش تێك ڕووخاو دوای هاتنە سەرکاری

کۆماری ئیسلامیش هەر جێ خۆی نەگرتەوەو لە تەنیشت ئەرتەشەوە سوپای پاسدارانیان پێك هێنا، چۆنکە ئەرتەش جێگای متمانە نەبوو.

سەرچاوە : **کۆمەڵناسی سیاسی لە نووسینی دوکتور حوسەینی بەشیریە**

- ❖ **پاتریمونیال : میراتی، میراتگری ( موروپی )**
- ❖ **ئیلیت : هەڵبژاردە ( نخبە )**



## شەڕە خوێناویەکانی سەدەی بیستەم

شتێکی سروشتیە هیچ وشەیەك بەرادەی وشەی "شەڕ" لەنێو مرۆڤ دابێزراو نییە چونکە شەڕ هەموو کاتێك مال وێرانی و چارەرەشی بەدواوە بووە . شەڕ ئاوەدانیەکانی وێران کردوە و ئاسایش و ئارامی مرۆڤی تێك داوە و پێشکەوتنی کۆمەلگای بەدوا خستووە، زۆر جاران بۆتەهۆی لەنێوچوونی شارستانییەتی گەورە و بەرهەمی چەندین سەدەی هەول و تێکۆشانی فکری و جەستەیی مرۆڤەکانی بەفیڕۆ داوە .

لەروانگەی دەروونیەوە، شەڕ هەستی ناسکی مرۆڤ بێ بەزەیانە تێك دەشکێنێ ، هیوا و ئاواتەکان دەگۆڕێ بۆ رەش بینی و سەر لێشێواوی روحی. لەروانگەی کۆمەلایەتیەوە شەڕ کەرەستەیەکە لە دەستی زۆرداران بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر لاواز و هەژار و بێ دەسەلانەکان دا .

لەسەرەتای سەرهەلدانی مێژووی مرۆڤ ، شەڕ هەمووکاتێك بووە بەلام لایەنی روخێنەری ئەو پێ بەپێی پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤ گەشەی کردوە و ئاکامەکان ترسناکتر و مالْ وێرانتربوون . بەووتەی یەکێك لەنووسەران:"گۆیا ئەوە سیحری رۆژگارە کە بەهەر رادەیەك مرۆڤ پێشکەوتووتر دەبێ شەڕ زالمانەتر و درندانەتر دەبێ ".

"ساموئێل لینگ" کۆمەلناس لەکتێبەکەی خۆی دا " هۆیەکانی شەڕ و وەزعیەتی سولح" ئاوا دەنوسێ:"لەسەرەتای سەدەی ١٧ ولاتانی ئەوروپایی لە ئاوری ٢٣٠٠ شەڕدا سووتاون دەولەتی فەرانسە بەشداری ٤٩٪ی ئەو شەڕانەبووە و ئیمپراتۆری ئۆتریش و مەجارستان لەپلەی دووەم دا جێگە دەگرن کە بەشداری ٣٥٪ی ئەو شەڕانەبوون، پروس بە بەشداری کردنی ٢٥٪ی

ئەو شەڕانە پلەی سێیەمی هەیە و دوای ئەوانە رووس و بەریتانیان کەهەرکامیان لە ٢٣ شەڕدا بەشداریان کردوە .

کۆمەڵناسێکی دیکە لەکتێبی "پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکان دا" وەبیردێنێتەوە کە :"لەماوەی ٩٥٠ ساڵدا فەرانسەویەکان ٨٠٪ لەکاتی خۆیان لەشەڕ دابوون وە بریتانیەکانیش لەماوەی ٨٧٥ ساڵ دا ٧٢٪ی کاتی خۆیان بەشەڕ تێپەر کردوە و لەماوەی ٢٧٥ ساڵ دا ئالمانیەکان ٢٩٪ی کاتی خۆیان دەرگیری شەڕ بوون .

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی سەرەوە لەماوەی ئەم پێنج سەدەی دواییدا کە شارستانیەتی نوێی ئەوروپا گەشەی کردووە و بەهێز بووە بەشی زۆری کات و هێزی خەلکی ئەوروپا بۆ شەڕو خوێن رێژی تەرخان کراوە .

بەداخەوە لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەتی سەدەی بیستەم بازنەی ئەو شەڕ و خوێن رێژیانە بەچەندین بەرامبەر زیادی کردوەو شەڕ روخساری تۆقێنەری باشتر دەرخستووە .

خەسارەت و زیانێکی گیانی کە لەدووشەڕی جیهانی یەکەم و دووەم لەسەدەی بیستەم دا روویان داوە لەمێژووی مرۆڤایەتی دا بێ هاوتان، لەو دوو شەڕەدا کوشتاری مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ گەیشتۆتە رادەی بەرزی خۆی و مرۆڤی پێشکەوتوو بەشێوەیەك درندەیی لەژیانی خۆیدا نیشان داوە کە قەت بەبیری هیچ کەس نەدەهات .

ئامارێك کە لەخوارەوە باسی لێ دەکرێ زیانی مادی و مەعنەویی دوو شەڕی جیهانی رابردوو دەردەخات کە تا چ رادەیەك ترسێنەر و ویژدان هەژێن بووە .



**شەڕی یەکەمی جیهانی :**

لە شەڕی یەکەمی جیهانی کە ١٦٦٥رۆژی خایاندوە نزیك بە ٦٥ میلیۆن کەس بەشداربوونو لەو ژمارەیە نزیك بە ٩ میلیۆن کەس لە مەیدانەکانی شەڕدا کوژراون وە ژمارەی نزیك بە ٢٢میلیۆن کەس بریندار بوون و ٧ میلیۆن کەس کەم ئەندام بوون ، وە ٥ میلیۆن کەس بێ سەرو شوێن کراون. هەروەها زیان و تەلەفاتی شارەکان زۆر زیاتر بووە لە تەلەفات و بریندارەکانی بەرەکانی شەڕ. تێکڕای تێچووی راستەقینەی شەڕ ٤٠٠میلیارد دۆلار بەراورد کراوە کە بەپێی حیسابی رێکخراوی "تەرخان کراوی کارانگی بۆ ئاشتی نێو دەوڵەتی"ی ئەو رادە هەزینەیە ئەو کارانەی پێ بە ئەنجام دەگەیەنرا :

١- دروست کردنی خانوویەك بەنرخی ٢٥٠٠دۆلار لەزەویەك بە پانتایی ٥ جریپ فەرەنگی بە نرخی ٥٠٠دۆلار وە دابین کردنی کەرەستی نێو مال بە نرخی ١٠٠٠دۆلار بۆ هەموو بنەماڵەکانی بەریتانیا ، ئیرلەند، ئیسکاتلەند، رووسیە، ئەمریکا، ئالمان، کانەدا و ئۆستراليا .

٢- دروست کردنی کتێب خانەیەك بە بەهای ٥میلیۆن دۆلار و زانستگەیەك بە بەهای ١٠میلیۆن دۆلار لە هەرناوچەیەك لە و وڵاتانەی کە خاوەنی ٢٠هەزار لە دانیشتوانی زیاترن .

٣- پێکهێنانی سەرمایە یەك کە قازانجی ئەو بەنرخی ٥٪ بۆ وەرگرتنی ١٢٥ هەزار مامۆستا و ١٢٥هەزار پەرستار کە ساڵانە ١٠٠٠ دۆلار مووچە وەربگرن.

٤- پاشەکەوتێك کە بۆ کرینی هەموو زەوی و زارو تەواوی سامانی دوو وڵاتی فەرانسە و بەریتانیا بەس بوو .

لەو ئامارو ژمارەیەدا لێك هەلوەشاوەی وەزعیەتی ئابووری ئەورووپا كۆی سەربازەكان و شارنشینەكانی كەم ئەندام لەكار كەوتوو یا ئەو برە زۆرە كە دەبوایە بەعینوانی مووچەی خانەنشین بدرایە بە ئەوانەی ماون و بەحیساب نەهاتوون [٤] .

**شەڕی دووهەمی جیهانی :**

لەشەڕی دووەمی جیهانی دا زیاتر لە ١٠ میلیۆن كەس نیزامی و ١٢ میلیۆن كەس غەیرە نیزامی كوژران ئەو راستیە لەماوە شەڕی دووەمی جیهانی سەلمێنرا كە تەلەفاتی خەلكی بێ تاوان زۆر زیاترە لە نیزامیەكان . لە و شەڕەدا بەهۆی بۆم بارانێكی چڕوپڕ لەیەك شەو دا نزیك بەتەواوی خەلكی شاری "درسە"ی ئالمان لەناوچوون و بۆمبارانی ئەتۆمی هیرۆشیما كەبووە هۆی كوژرانی ٧٠تا ٨٠هەزار كەس .

تێچووی شەڕی دووەمی جیهانی بەپێی ئاماری رەسمی ١/١١٦/٩٩٩/٤٦٣/٠٣٤دۆلار هەلسەنگێنراوە كەدەبێ بەو رادەیەش ٠٠٠/٠٠٠/٩٠٠/٢٣٠دۆلار زیاد بكرێ كە زیانی هەندێ زەویوزار بووە.

"سامویل لینگ" لە كتێبی كۆمەلناسی دا لە شەڕەكانی سەردەمی ئیمپراتۆری دووەم دا نرخی كوشتنی سەربازێك تەنیا ٧٥ دۆلار بووە لە شەڕەكانی ناپلیئون ٣ دۆلار و لەشەڕەكانی ناوخۆی ئەمریكادا ٥ دۆلارو لەشەڕی یەكەمی جیهانی ٢١ دۆلار و لەشەڕی دووەمی جیهانی دا ٥٠دۆلار بەراورد كراوە .

---

وەرگێڕ:

١ جهان درقرن بیستم(جیهان لەسەدەی بیستەم) - ترجمە : خوا لێخۆشبوو د . محمد ابراهیمی اینی



بێجگە لە دوو شەڕی جیهانی چەندین شەڕی دیكەی خوێناوی لە سەدەی بیستەم دا روویان داوە كە وێرانی و چارەرەشی زۆری بەدواوە بووە گۆڤاری هەفتانەی "تایم" لە یەكێ لە ژمارەكانی خۆی داوە دەنووسێ :"لەماوە بیست سالێ دا دنیا شاهیدی ٤٠ شەڕی خوێناوی بووە .لە سەدەكانی رابردوودا رەنگە شەڕی لەوە زیاتر رووی دابێ بەلام لەو سەردەمانەدا نە رێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان بووە و نە سەربازی ئاشتی و نە كۆتری ئاشتیو نە سرود بۆ ئاشتی ! !".

سەبارەت بەو شەڕانە دەتوانین بلێین شەڕەكانی "هیند و چین" ،"ئەلجەزائیرو ئەنگۆلا"،" ئێران و عیراق"،" ئەفغانستان و روسیە"، و"شەڕی یەكەمو دووەمی ئەمریكا و عێراق" بەجیا دابنێین ، شەڕە بچووكەكان كەرەستەیەكی باشن بۆ توانەوەی پاشماوەی چەك و چۆلەلی ئەو شەڕانە.[٥]

كاتێك لاپەرەكانی مێژوو هەل دەدەینەوە دەبینین كە شەڕ هەموو كاتێك لەگەل ژیانی مرۆڤ هاورێ بووە بەلام ئەوەی جێگای سەرەنجە لەسەدەی بیستەم دا شەڕ بەرادەی هەموو تەمەنی مرۆڤایەتی ترسێنەر و تۆقێنەر بووە. ئەگەر شارستانیەتی هیچ كام لەدەورەكان ناگاتە پلەی شارستانیەتی سەدەی بیستەم شەڕی هیچ كام لە دەورەكانیش ناگاتە پلەی شەڕەكانی سەدەی بیستەم.

---

رۆژنامەی ئیتلاعات = ١١٨١٥